




# عێراقی ٢٠١٢ و

## رزگارکردنی دەوڵەتی فاشیل بەرپرسیاریەتێکی گەورەی




# نزیکبوونەوە لە لێواری هەڵدێر

## نێودەوڵەتیە ناکرێت تەنیا بۆ عێراقیەکان بەجێبهێڵرێت

**((ئەگەر تۆ بتەوێت تەنیا یەک وتار بخوێنیتەوە بۆ ئەوەی تێبگەیت بارودۆخی ئێستای عێراق لەچیدایە، ئەوە من زۆر بەگەرمی پێشنیاری ئەو وتارەی نید پارکەر دەکەم بیخوێنیەوە کە بەناونیشانی :(ئەو عێراقەی بەجێمان هێشت: دەوڵەتێتکی فاشیلی دیکەیە جیهان پێشوازی لێدەکات) لەبەر ئەوەی پارکەر زۆر بە وردی و بەمجۆرە وەسفی بارودۆخی ئەو وڵاتەی کردووە بەمشێوەیە: ((نوری مالیکی سەرۆک وەزیران سەرۆکایەتی سیستەمێک دەکات کە بەرباد گەندەڵ و دڕندەیە، سەرکردە سیاسیەکانی هێزەکانی ئەمن و میلیشیا بەکاردەهێنن بۆ سەرکوتکردنی نەیارەکانیان و ترساندنی خەڵک بەگشتی، یاسا کراوە بەچەکێک بۆ ئەوەی دژی رکابەرەکان و ئەوانەی لەدەرەوەی هاوپەیمانی ئەون بەکاردەهێنرێت، ئەو خەونەی کە عێراقیەکان سەبارەت بەسەرکردە هەڵبژێردراوەکانیان هەبوو، زۆر بەخێرایی پوکاوەتەوە، ئێستا دەوڵەتی عێراق ناتوانێت حزمەتگوزارییە سەرەکیەکانی بۆ هاووڵاتیانی دابین بکات وەک کارەبا بە رێکوپێکی لە هاویندا، ئاوی پاک بۆ خواردنەوە، چاودێری تەندروستی شایستە، لەهەمانکاتدا رێژەی بێکاری لەنێو لاوەکاندا لە ٣٠٪یە، ئەمەش زەمینەی ئەوەی خۆشکردووە کە بەئاسانی بتوانن ئەم لاوانە بخەنە گروپە تاوانە و ملیشیاکانیانەوە، لەگەڵ ئەوەی ئاستی توندوتیژی بە بەراوردی ٢٠٠٦– ٢٠٠٧ هەندێک دابەزیووە، بەڵام هەڵکشانی ئاستی تەقینەوەکان و تەقەکردن گەیشتۆتە ئاستێک کە عێراقیەکان هەست بکەن لەسەر لێواری هەڵدێرن و بەهیچ شێوەیەک لە ئایندەی خۆیان دڵنیانین، هەربۆیە عێراقیەکان بە ئاستێک بێئومێدبوون کە پێیانوایە شەڕ و خوێن رشتن کۆتایی پێنایەت هەتا بتوانن ژیانێکی سادە و ئاسوودە بژین، لەلایەکی دیکە ئاڵۆزی و توندی لەبواری پرۆسەی سیاسیی و تەقینەوەی نێو شارەکان، سەقامگیری فشۆڵکردووە، بێمتمانەیی بە ئاستێک دروستکردووە کە لەسەر شەقامەکان تۆڵە لەنەیارەکانیان بکەنەوە،.. پرسیار لێرەدا ئەوەیە پارکەر دەیەوێت بگاتە کوێ؟ بێگومان دەیەوێت دەستنیشانی ئەو هەڵەیە بکات کە ئیدارەی ئۆباما لە ساڵی ٢٠١٠ کردی بەوەی پشتگیری مانەوەی مالیکی کرد و دواتریش هێزەکانی کێشایەوە)).**



**پرۆفیسۆر ماکس پۆت**
**تۆژەری باڵای ئاسایشی نیشتمانی لە ئامۆژگای ( CFR)**

بەپێی ئەو پۆلێنەی رێکخراوی یونیسکۆ بۆ پاك و خاوێنی پایتەختەکانی جیهان ئەنجامیداوە و لەسەرەتای ئەم مانگە بڵاوی کردۆتەوە، بەغدای پایتەختی عێراق یەکێکە لەسێ پایتەختە پیسەکەی جیهان و هەشتەمین پایتەختە بۆ پیسی ژینگەکەی، پێشتریش لە حوزەیرانی ٢٠١٢ و لە هەشتەمین راپۆرتی گۆڤاری فۆرین پۆلیسی و سندوقی ئاشتی جیهانی لەسەر دەوڵەتە فاشیلەکان عێراق لەنێو ١٧٧ دەوڵەتدا لە دە یەکەمە دەوڵەتە فاشیلەکانە و پلەی نۆهەمی هەیە، ئەو ١٠ دەوڵەتەش بریتین لە (سۆماڵ، کۆنگۆ، سودان، چاد، زیمبابۆی، ئەفغانستان، هایتی، یەمەن، عێراق، کۆماری ئەفریقیای ناوەڕاست)، ئەگەر سەیرێکی ئەم ریزبەندەی دەوڵەتە فاشیلەکان بکەین، ژمارەیەك لەم دەوڵەتانە لەماوەی چەندین ساڵی رابردوو لەم ریزبەندە نەهاتوونە خوارەوە کە ئەوانیش بریتین لە (عێراق، سۆماڵ، زیمیبابۆی و ئەفغانستان و سۆدان)، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە ئەم دەوڵەتانە بەمانای وشە هەموو ئاماژەکانی دەوڵەتی فاشیلیان تێدایە، وەك پرۆفیسۆر رۆبەرت رۆتبیرگ سەرۆکی دامەزراوەی ئاشتی بۆ جیهان لە توێژینەوەیەکدا بە ناونیشانی (دەوڵەتی فاشیل لەجیهانی تیرۆردا) ئاماژەی پێکردووە، مەترسی دەوڵەتی فاشیل تەنیا مەترسیەك نییە بۆ ناو سنووری ئەو وڵاتە، بەڵکو دەوڵەتی فاشیل مەترسیە بۆسەر ئاشتی و ئاسایشی جیهان و لەمبارەوە نووسیویەتی :(لە نەوەدەکانی سەدەی رابردووەوە هەتا سەرەتای دەسپێکی هەزارەی نوێ، دەوڵەتە فاشیلەکان بوونەتە هۆکاری ئەوەی ٨ ملیۆن کەس بکوژرێن کە زۆربەیان مەدەنی بوون، ٤ ملیۆن خەڵك ئاوارەبوون و لەسەر شوێنی خۆیان هەڵکەنراون، بەسەدان ملیۆنیش بەدەست هەژاری و کەمی خۆراك و نەبوونی خزمەتگوزاری پێویستەوە دەناڵێنن، لەگەڵ ئەوەی دیاردەی دەوڵەتی فاشیل دیاردەیەکی تازە نییە بۆ ئێستای جیهان لەهەموو کاتێك زیاتر مایەی نیگەرانییە، لەبەر ئەوەی دەوڵەتی فاشیل کاریگەری لەسەر ئاشتی و سەقامگیری هەیە و تەنیا زیانی بۆ وڵاتەکەی خۆی نییە، بەڵکو زیانی بۆ دراوسێکانی و سەرجەم ئاشتی و ئاسایشی جیهان هەیە)).



## • دەوڵەتە فاشیلەكان وەك بەرهەمی هەڵەی كۆلۆنیالیەكان و سیاسەتەكانی شەڕی سارد

دەوڵەتانی فاشیل وەك یەك نین، هەربۆیە سروشتی دەوڵەتی فاشیل لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكی دیكە دەگۆڕێت، بەڵام كۆمەڵێك سیفەتی هاوبەش پێكەوە كۆیان دەكاتەوە، زۆر جاریش فەشەلی دەوڵەت دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی پێكهێنانی ئەو دەوڵەتە بۆ نموونە دەوڵەتی عێراق یان یۆگسلافیای پێشوو كە دەوڵەتی بەزۆر دروستكراو بوون و یەكێك بوون لەهەڵەكانی كۆلۆنیالیزم كە لەبەر بەرژەوەندیەكانی خۆیان لەسەرەتای سەدەی رابردوو دروستیان كردوون، یان هەڵەی سیاسەتەكانی شەڕی سارد كە بووە هۆكاری ئەوەی كۆریا دابەش بێت و هەروەها كۆماری كوردستانیش بووە قوربانی ئەو سیاسەتە هەڵەیە، ئەمەش وایكرد كە كورد نەبێتە خاوەنی دەوڵەتی خۆی و بە پارچە پارچەیی بمێنێتەوە، نەتوانراوە كێشەی كورد لەهیچ كام پارچانە بەشێوەیەكی ئاشتی و دیموكراتی چارەسەر بكرێت، هەموو كات بۆتە هۆكاری ئەوەی شۆڕش و بەرخودان بەرپا بێت، بەتایبەتی لە عێراقدا لە بیستەكانی سەدەی رابردووەوە تاكو ئێستا چارەسەرنەكردنی كێشەی كورد بۆتە هۆكاری ئەوەی ئەم وڵاتە سەقامگیری بەخۆیەوە نەبینێت و رژێمەكانی پێشووی عێراق هەموو رەفتارێكی دڕندانەیان بەرامبەر كورد ئەنجامدا هەتا گەیشتە ئەوەی كۆمەڵكوژی و ژینۆسایدی ئەم گەلە مەزلوومە بكەن، بەڵام نەیانتوانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی كوردستان سەركوت بكەن، لەدوای رووخانی رژێمی پێشووی عێراق ئومێد ئەوەبوو، عێراقی نوێ لەسەر بنەمای دیموكراتی و لەچوارچێوەی ئەو دەستووره بونیاد بنرێتەوە كە عێراقیەكان دەنگیان بۆداوە، بەڵام دیسان وا جارێكی دیكە حكومەتی بەغدا بەهەمان ئەقڵیەتی كۆنی رژێمەكانی پێشوو لەسەر ئەم پرسە گرنگە مامەڵە دەكات و خەریكە جارێكی دیكە بەزمانی چەك و ئاسن لەگەڵ كورد دووبارە دیالۆگ بكاتەوە، كە ئەمەش نەك هەر خەونێكە قەت بۆی نایەتەدی، بەڵكو جارێكی دیكە عێراقی گێڕاوەتەوە بۆ ئەو بازنەیەی كە بەدەوڵەتی فاشیل لەقەڵەم بدرێتەوە و هەتا ئەم ئەقڵیەتەش بەردەوام بێت، ئەوا هەرگیز عێراق لە ریزبەندی یەكەمەكانی دەوڵەتی فاشیل نایەتە دەرەوە و ئەم حاڵەتەش وەك ئێستا هەموو جیهان دەیبینێت عێراقی كردۆتە وڵاتێكی ناسەقامگیر و پڕ ئاژاوەو نەوایەك بۆ تیرۆریستان، هەروەها بۆتە هۆكاری ئەوەی نەك تەنیا هاووڵاتیان پەنا بۆ كۆچكردن ببەن، بەڵكو كە خەڵكانی رۆشنبیر و مامۆستایانی زانكۆ و پزیشك و ئەندازیاران بە كۆمەڵ كۆچ بكەن نەتوانن لەو وڵاتە بژین، ئەوەشی لەو وڵاتە دەمێنێتەوە یان بەدەست بێكارییەوە دەناڵێنی وەك نید پاركەر لە فۆرین ئەفێرز ئاماژەی پێكردووە ئێستا رێژەی بێكاری لەنێو لاوەكانی عێراقدا گەیشتۆتە لە ٪٣٠ و حكومەتی عێراقیش ئەم حاڵەتەی قۆستۆتەوە و ئەو لاوانە بۆ بەهێزكردنی پێگەی خۆی لە گرووپەكانی تاوان و ملیشیایی حزبەكەیدا تەجنید دەكات. ئەمە دیاردەیەكی زەقە كە هەموو كەسێك بە ئاسانی بە حزبی دەعوا (حزبەكەی مالیكی) هەستی پێدەكات و دەزانێت لەو كاتەوەی ئەم حزبە لەدەسەڵاتدایە هەموو كاری بۆ ئەوە بووە پێگەو نفوزی خۆی لەسەر حسابی حكومەت و مافی هاووڵاتیان پتەو تر بكات، هەربۆیە ئەگەر لەو چوارچێوەیەدا سەیری بارودۆخی ئێستای عێراق بكەین، هەست دەكەین ئاماژەكانی فاشیلی دەوڵەت رەنگیداوەتەوە لەوانە:

**له نەوەدەكانی سەدەی رابردووەوە هەتا سەرەتای دەسپێكی هەزارەی نوێ، دەوڵەتە فاشیلەكان بوونەتە هۆكاری ئەوەی ٨ ملیۆن كەس بكوژرێن كە زۆربەیان مەدەنی بوون**

### • لەسەر ئاستی ئابووری:

١- لەگەڵ ئەوەی عێراق یەكێكە لەدەوڵەتە دەوڵەمەندەكان و خاوەنی سەرچاوەی



**بەغدا سێیەم پایتەختی پیسی جیهانە**

سروشتی گاز و پەترۆڵە، بەڵام ئاستی گوزەرانی هاووڵاتیان بەو جۆرە نییە و ڕێژەی بێکاری و هەژاری لە زیادبوونە و دەستەبژێری حکومڕان قۆرخی هەموو بوارەکانیان کردووە و تەخشان و پەخشان بە پارەی دەوڵەت دەکەن و بۆ مەرامی سیاسیی خۆیان بەکاری دەهێنن.

٢- لەگەڵ ئەوە حکومەت بودجەیەکی زۆر گەورەی لەبەردەستدایە، بەڵام خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی پێ دابین ناکرێت وەك کارەبا و ئاوی خواردنەوە و خوێندن و چاودێری تەندروستی و... تاد، تەنانەت هاووڵاتیانی بەشەکانی دیکەی عێراق بێجگە لەوەی بەشێکی زۆریان ڕوویان کردۆتە هەرێمی کوردستان و لەشارەکانی هەرێم نیشتەجێن، لەهەمانکاتدا بەشێکی زۆریشیان بۆ چارەسەری نەخۆشی ڕوودەکەنە هەرێمی کوردستان و پزیشکە عێراقیەکان لە شارەکانی کوردستان نۆرینگەی خۆیان کردۆتەوە. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە هەرێمی کوردستان بە بەراورد بەبەشەکانی دیکەی عێراق ئەو ناوچەیەیە کە خەڵك لە رزگاربوون لە بێ مافی و بێ خزمەتگوزاری پەنای بۆ دەبەن.

٣- عێراق چۆن لە ریزبەندی دە یەکەمەکەی دەوڵەتە فاشیلەکانە بەهەمان شێوە بەپێی راپۆرتی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی لەریزبەندی دە یەکەمەکەی دەوڵەتە گەندەڵەکانە لەجیهاندا، ئەمەش بە ئاشکرا بە حکومەتی ئێستای عێراقەوە دیارە لەکاتێکدا ناتوانێت خزمەتگوزاری سەرەکی دابین بکات، بەڵام گرێبەستی چەك کرین بە چەندین ملیار ئیمزا دەکات و پایتەختەکەشی بەپێی راپۆرتی یونیسکۆ یەکێکە لەسێ پایتەختە پیسەکانی جیهان.

**ئەگەر ئەمجارەش مالیکی وەک ڕۆبەرت مۆگابی فێڵ لەجیهان نەکات و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەمە زیاتر خۆی دوانەخات، ئەوا دەکرێت عێراق لە هەڵدێر رزگار بکرێت**

**● لەسەر ئاستی سیاسیی**

لە لایەنی سیاسیشەوە ئەگەر سەیری رەفتارەکانی حکومەتی ئێستای عێراق بکەین، دەبینین هەمان ئەو رەفتارانەی سەرکردەی دەوڵەتە فاشیلەکان دووبارە دەکاتەوە کە دەوڵەتی بردۆتە سەر لێواری هەڵدێر لەوانە:

١- حکومەتی ئێستای عێراق و شەخسی سەرۆك وەزیران هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە پرۆسەی سیاسیی عێراق تێکبدات و پرۆسە دیموکراتیەکە لەباربەرێت و دەستووری عێراق جێبەجێ نەکات.

٢- مالیکی هەوڵیداوە بە رەفتارەکانی رۆڵی پەرلەمان بچووك بکاتەوە یان نەیهێڵێت، ئەمە راشکاوانە لەچەند رۆژی رابردوو ئوسامە نوجیفی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق ئاماژەی پێکرد، ئەمەش مانای ئەوەیە سەرۆك وەزیران بڕوای بە جیاکردنەوە



ئەمەیە تۆڕی کارەبای نیشتمانی لە عێراق

و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان نییە.

٣- سەرۆك وەزیران سەربەخۆیی دادگای نەهێشتووە و ئێستا دادگاکانی کردووە بە هۆکارێك بۆ تەسفیەکردنی نەیارەکانی.

٤- شەخسی خۆی کۆنترۆڵی هێزەکانی ئاسایش و سوپای کردووە.

٥- رۆڵی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی نەهێشتووە و دەکرێ بڵێین بلۆکی کردوون.

٦- وەك هەموو لایەك هەستی پێدەکەن و تەنانەت رۆژنامەنووسان و چاودێرانی بیانیش ئاماژەی پێدەکەن و لەمیدیاکانی جیهان بڵاوی دەکەنەوە، نوری مالیکی حکومەتی کردۆتە حکومەتی حزبێك تەنیا لەگەڵ بەشێکی مەزهەبێکدا کاردەکات کە ئەویش مەزهەبی شیعەیە، ئەمەش وایکردووە بەشێك لەناو مەزهەبی شیعە و هەروەها عەرەبی سوننە و کورد هەست بکەن پەراوێز خراون.

٧- حکومەتی مالیکی و داروودەستەکەی ئەوەیان نەشاردۆتەوە و راشکاوانە ئەم حاڵەتە بە بەغداوە دیارە، هەر کەسێك ئەندامی حزبەکەی مالیکی نەبێت یان نەکەوێتە ژێر رکێفی دەسەڵاتی مالیکیەوە، ئەوا بەهەموو شێوەیەك دژایەتی دەکرێت، بۆیە حکومەت و حکومڕانی کردۆتە چەترێك بۆ فراوانبوونی نفوزی خۆی و حزبەکەی.

**● یەکگرتنەوەی لایەنی ئابووری و سیاسیی**

ئەو دوولایەنی ئاستی سیاسیی و ئابووری کە ئاماژەمان پێکرد هەردووکیان بە ئاشکرا لە عێراقدا بوونیان هەیە، بۆیە یەکگرتنەوەی هەردوو ئاستی سیاسیی و ئابووری وایکردووە کە خەڵك هەست بەبێزاری بکات، وێڕای ئەوەی کۆنترۆڵی هێزەکانی ئاسایش و سوپا لەژێر دەستی سەرۆك وەزیرانە، بەڵام لە بەغدا حکومەت بێجگە لە پاراستنی ناوچەی سەوز شوێنێکی دیکەی پێ ناپارێزرێت، هەربۆیە ئێستا بۆ مانەوەیان لەدەسەڵات هەموو هۆکارێکیان گرتۆتە بەر و خەریکە عێراق دەگەیننە دوا قۆناخی دەوڵەتی فاشیل کە ئەویش لەدەستدانی شەرعیەتی یاسایی حکومەتە، لەم حاڵەتەشدا کە هیچ میکانیزمێکی دیموکراتیانە مانای نامێنێت، بێجگە لەوەی بارودۆخێك دێتە ئاراوە بۆ ئەوەی خەڵك ناڕەزایی خۆی دەرببڕێت، لەهەمانکاتدا زەمینە ساز دەبێت بۆ ئەوەی توندوتیژی لە نێوان نەتەوە و ئایین و مەزهەبە جیاوازەکان هەڵبگیرسێت، ئەو هۆکارانەشی زەمینەی زیاتر بۆ ئەم بارودۆخە سازدەکەن بریتن لە:

١- لەبەر ئەوەی متمانە لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکان نامێنێت، ئەوا بە ئاسانی

**عێراق چۆن لە ریزبەندی دە یەکەمەکەی دەوڵەتە فاشیلەکانە بەهەمان شێوە بەپێی راپۆرتی رێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی لەریزبەندی دە یەکەمەکەی دەوڵەتە گەندەڵەکانە لەجیهاندا**

مێژووی رابردووی پڕ کارەساتی نێوان پێکهاتە جیاوازەکان بیر دێتەوە و ترسێك لەنێوانیان دروست دەبێت کە پەنا بۆ توندتیژی ببەن، هەر بۆ نموونە لەبەر ئەوەی حکومەتی ئێستای عێراق دەستوور پێشێل دەکات و هەڕەشە لەکورد دەکات، ئەوا ئێستا کورد متمانەی بە مالیکی نەماوەو خەریکە ناچار دەبێت بەرگری لەخۆی بکات، خۆ ئەگەر خوانەخواستە ئەم حاڵەتە روویدات، ئەوا دەوڵەتی عێراق لەبەر یەك هەڵدەوەشێت. هۆکاری ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر حکومەتی ئێستای عێراق بێجگە لەدیالۆگ رێگەیەکی دیکە بگرێتەبەر، ئەوا شەرعیەتی عێراق وەك دەوڵەت بوونی نامێنێت.

٢- لە ساڵی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ هەڵەی ئەمریکا ئەوەبوو شەڕی ناوخۆی نێوان شیعەو سوننەی بەشەڕی یاخیبووان لە قەڵەمدا، بەڵام ئەم شەڕە حکومەتی کردە دەسکەوت و دیاری بۆ حزبی دەعوا و مالیکی، ئەمە لەکاتێکدا شەڕی نێوان سوننە و شیعە کۆتایی نەهاتووە و ئێستا لەگەڵ ئەوەی شەڕەکە وەستاوە، بەڵام لەهەموو کاتێك زیاتر لەبارە دووبارە ئەو شەڕە هەڵبگیرسێتەوە.

لەم بارودۆخەدا ئەگەر دیپلۆماسیەتی هێمن و هاریکاری نێودەوڵەتی و دەوڵەتانی دراوسێ نەتوانن جڵەوگیری بارودۆخەکە بکەن، ئەوا دەوڵەت دەکەوێتە سەر لێواری هەڵدێر و ناتوانرێت لە فەشەل رزگار بکرێت.

**• ئەزموونی جیهانی سەلماندویەتی رزگارکردنی دەوڵەتی فاشیل کارێکی ئاسان نییە**

ئەوەی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بەگشتی و شەخسی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لێی دەترسان، ئەوەبوو عێراق لە پرۆسەی بونیادنانەوەدا شکست بهێنێت و بەرەو دەوڵەتی فاشیل ملبنێت، هەر بۆیە بەدرێژایی ساڵانی پێش رووخانی رژێمی پێشوو لە کۆنگرەکانی ئۆپۆزسیۆن و دواتریش دوای رووخانی رژێم هەر لە ئەنجومەنی حوکمەوە تا نووسینەوەی دەستوور و دواتریش تا رێککەوتنی هەولێر، بەردەوام لایەنی کوردستان هەوڵی بۆ ئەوەبوو نەبێتە بەشێك لە کێشەکە و وەك بەشێك لە چارەسەر بمێنێتەوە، بەڵام وەك دەرکەوت لەئاکامی داکۆکی کردنی لایەنی کوردستانی لە جێبەجێکردنی دەستوور و رێگرتن لە بەلارێدابردنی پرۆسە سیاسیەکە، خۆی بووە بەشێك لە کێشەکە، لەبەر ئەوەی لایەنی بەرامبەر خۆی بووە دوژمنی دەستوور و پرۆسە سیاسیەکە و بە سیاسەتی فێڵ و خۆدزینەوە هەم پرۆسە سیاسیەکەی پەکخست هەمیش دەستووری پێشێل کرد، بۆیە لەم نێوەندەدا بەتایبەتی دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا کە بەتەواوەتی نفوزی ئەمریکا لە عێراقدا سنووردار بوو، دەرگایەکی گەورە بۆ مالیکی واڵابوو بۆ ئەوەی جارێکی دیکە دەستبکاتەوە بە تەسفیەکردنی نەیارەکانی و بەرامبەر بە هەرێمی کوردستانیش زمانی هەڕەشەی توندکردەوە، بۆیە لەم حاڵەتەدا لایەنی کوردستانی چیتر نەیتوانیوە وەك لایەنێکی میانگیر بمێنێتەوە، هێزی نێودەوڵەتیش بە نەتەوەیەکگرتووەکانیشەوە کاریگەریان سنووردارە، بۆیە نوری مالیکی هەمان سیاسەتی رۆبەرت مۆگابی سەرۆکی زیمبابۆی دووبارە دەکاتەوە کە لەساڵی ٢٠٠١- ٢٠٠٢ جیهانی چەواشە کرد و لەبەشێکی دیکەی ئەم راپۆرتە هەڵوەستەی لەسەر دەکەین، بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگەی هەڵوەستە کردنە ئەوەیە ئایا چۆن دەوڵەتی فاشیل رزگار دەکرێت؟ سەبارەت بەم پرسیارە پرۆفیسۆر رۆبەرت رۆتەربیرگ لە توێژینەوەیەکەیدا بە ناونیشانی دەوڵەتانی فاشیل لەجیهانی تیرۆردا بەمجۆرە ئاماژەی پێکردووە: (ئەزموونی کێشەکانی جیهان ئەو راستیەیان سەلماندووە کە رێگرتن لەحاڵەتی دروستبوونی دەوڵەتی فاشیل کارێکی ئاسان نییە، لەبەشێکدا ئیرادەی نێودەوڵەتی دەتوانێت رۆڵی هەبێت رێگر بێت لەوەی کە نەهێڵێت دەوڵەتەکە بەرەو فاشیلبوون بچێت، بەڵام پێویستە ئەم ئیرادە نێودەوڵەتیە



لە دەسپێکدا بێت و پێشبینی ئەوە بکرێت ئەگەر لەسەرەتاوە کێشەکان چارەسەر نەکرێن پاشان کۆنترۆڵ ناکرێت، بۆیە دەبێت سەرەتا دان بەوەدا بنرێت کێشەکان چۆن و چین و چۆن چارەسەر دەکرێت؟ بۆ ئەمەش پێویستە دەوڵەتی هەرێمی گەورە و دەوڵەتانی دراوسێ هاوشان لەگەڵ نەتەوەیەکگرتووەکان و دەوڵەتانی بەخشەر، سەرکۆنەی ئەو بەرپرسانە بکەن کە مل نادەن بۆ چارەسەری کێشەکان و خۆیانی لێ دەدزنەوە، بۆیە لەم حاڵەتە پێویستە ئەم رەخنانە بە ئاشکرا بگوترێن و جیهانی لێ ئاگادار بکرێتەوە، ئەگەر نا دیپلۆماسیەتی هێمن بۆ خۆپاراستن لەدەوڵەتی فاشیل دەستپێشخەری رێککەوتنی هەولێرە، ئەو رێککەوتنەش لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٠ عێراقی لەلێواری هەڵدێر رزگار کردوو، هەر ئەم رێککەوتنە بووە هۆکاری ئەوەی ساڵی ٢٠١١ بە ساڵێکی باش لە پرۆسەی سیاسیی عێراق لە قەڵەم بدرێت، بەڵام هاوکات لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا دووبارە کێشە دروست بووەوە، بۆیە ئەگەر لەسەر بۆچوونەکانی پرۆ فیسۆر رۆبەرت بارودۆخی عێراق بخوێنینەوە، هەست دەکەین ئیرادەی نێودەوڵەتی هاریکار نەبووە بۆ ئەوەی عێراق لە لێواری دەوڵەتی فاشیل رزگار بکرێت، لەکاتێکدا بەرێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێش ئەوەی پرۆسەکە بەتەواوەتی لەبەر یەك هەڵنەوەشێتەوە، ئەوا لەم حاڵەتە پێویستە:

١- بەرێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان تەنیا سەرکردەیە لە عێراقدا کە پێش هەمووان لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١ مەترسی جێبەجێنەکردنی رێککەوتنی هەولێر و پێشێلکردنی دەستووری بە عێراقیەکان و بەجیهانیش راگەیاند، ئەگەر ئەو کات کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دەوڵەتانی بەخشەر و یەکێتی ئەوروپا پشتگیری تەواویان بکردایە و ئەوانیش لەسەر مەترسی ئەم کێشانە هەڵوەستەیان بکردایە، ئەوا دەکرا بە دیپلۆماتیەتی هێمن خۆمان لەم حاڵەتەی ئێستا تێیداین،



**حکومەتی بەغدا بەهەمان ئەقڵیەتی کۆنی رژێمەکانی پێشوو خەریکە جارێکی دیکە بەزمانی چەک و ئاسن مامەڵە لەگەڵ کورد دووبارە دەکاتەوە و جارێکی دیکە عێراقی گێڕاوەتەوە بۆ ئەو بازنەیەی کە بەدەوڵەتی فاشیل لەقەڵەم بدرێتەوە**

سەرکەوتوو نابێت، خۆ ئەگەر ئەم هەوڵانە سەرکەوتوو نەبوون، ئەوا پێویستە دەوڵەتانی بەخشەر و نەتەوەیەکگرتووەکان و گرووپە گەورەکانی وەك یەکێتی ئەوروپا و ئەنجومەنی رۆژهەڵاتی ئاسیا بە ئاشکرا هەڵوێستی خۆیان دەربڕن و بەتوندی رەخنەی ئاراستە بکەن، ئەگەر ئەمەش سوودی نەبوو، ئەوا پێویستە ئەو حکومەتە ئەندامیەتی لە رێکخراو ئاژانسە جیهانییەکان هەڵپەسێردرێت).

ئەوەی پرۆ فیسۆر رۆبەرت ئاماژەی پێکردووە حاڵەتی پێشبینی و دەستنیشانکردنی کێشەکەیە، بەرێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە خاوەنی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا هەموو لایەکی لەمەترسی جێبەجێ نەکردنی رێککەوتنی هەولێر ئاگادار کردەوە و لە نەورۆزی ٢٠١٢ ش هەڵوێستی خۆی راگەیاند ئەگەر ئەو رێککەوتنە جێبەجێ نەکرێت، ئەوا گەلی کوردستان بریاری خۆی دەدات، بۆیە لە ئێستاشدا وەك پرۆ فیسۆر کینس پۆلاکیش سەرۆکی سەنتەری سابان لە ئامۆژگای برۆکینگز لە وتارێکیدا لە کۆتایی مانگی رابردوو لەگۆڤاری (زە ناشناڵ ئینترسێت) بەناونیشانی ( خوێندنەوەیەکی میکافیلیانە بۆ عێراق) بڵاوی کردبۆوەوە، ئەمریکا ناتوانێت لەئاکامی شکستی عێراق هەڵبێت و دەبێت هەوڵی خۆی بخاتە گەڕ بۆ بپارێزین.

٢- بەرێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٢ گەیشتە ئەو قەناعەتەی ئیرادەیەکی نێودەوڵەتی نییە بۆ ئەوەی سنوورێك بۆ ئەم حاڵەتە دابنێت، لەنەورۆزدا پەیامی خۆی راگەیاند بەوەی ئەگەر کێشەکان چارەسەر نەکرێن، دەگەڕێتەوە بۆ گەلی کوردستان بۆ ئەوەی بڕیاری خۆیان بدەن، ئەوەی هاوکاتی پەیامەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان جێگەی ئاماژە پێکردنە، ئەوەیە هەر هەفتەیەك دوای پەیامەکەی سەرۆکی کوردستان، گۆڤاری بەناوبانگی ئەمریکی تویژینەوەکەی رۆژنامەنووس و تۆژەر نید

پارکەری بەناونیشانی (ئەو عێراقەی بەجێمان هێشت: جیهان پێشوازی لەدەوڵەتێکی فاشیل دەکات) بڵاوکردەوە، کەلەم توێژینەوەیەدا وەك پرۆفیسۆر و توێژەری ناوداری جیهانی ئاماژەی پێکردووە، ئەگەر تەنیا وتارێك بتوانێت واقیعی عێراق وەك خۆی پیشانبدات وتارەکەی نید پارکەرە، کە تێدا نەك هەر ئاماژەی بە خراپی حکومڕانی مالیکی لەسەر ئاستی ئابووری و سیاسی کردووە، کردەوەکانی مالیکی بۆ تەسفیەی نەیارەکانی و بەندیخانە نهێنییەکانی کە نەیارەکانی تێیدا بەند دەکات پیشانی جیهانی داوە، لەم کاتەدا کە هاوکاتە لەگەڵ پەیامەکەی بارزانی پێویست بوو ئەمریکا بە تایبەتی و هەشت دەوڵەتە گەورە پیشەسازییەکەی جیهان و یەکێتی ئەورووپا و نەتەوەیەکگرتووەکان، ئەندامیەتی عێراقیان لە ئاژانس و رێکخراوە جیهانییەکان هەڵپەساردایە و سزای زیرەك ( smart sanction) یان بەسەر حکومەتی عێراقدا بسەپاندایە بۆ ئەوەی ملکەچبوایە بۆ دەستوور چارەسەری کێشەکانی عێراقی بکردایە، بەڵام ئەمە نەکرا.

**سەرۆک وەزیران سەربەخۆیی دادگای نەهێشتووە و ئێستا دادگاکانی کردووە بە هۆکارێک بۆ تەسفیەکردنی نەیارەکانی**

٣- پرسیاری سەرەکی دوای ئاماژەدان بەم خاڵە ئەوەیە ئایا هێشتا بواری ئەوە ماوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بتوانێت رۆڵی خۆی بگێڕێت؟ پسپۆران پێیانوایە ئەگەر ئەمجارەش مالیکی وەك رۆبەرت مۆگابی فێڵ لەجیهان نەکات و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەمە زیاتر خۆی دوانەخات، ئەوا دەکرێت عێراق لە هەڵدێر رزگار بکرێت، لە حاڵەتی زیمبابۆدا، بەشی زۆری دەوڵەتانی دراوسێی کۆنگۆ و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش پێیانوابوو پێویستە چاوەڕێی هەڵبژاردنی داهاتوو بکەن بۆ ئەوەی بەرێگەی هەڵبژاردن مۆگابی لەدەسەڵات دووربخرێتەوە، بەڵام بەماوەیەکی باش پێش وادەی هەڵبژاردن مۆگابی بەهاوشێوەی ئێستای مالیکی هەموو تواناکانی دەوڵەتی خستە خزمەتی خۆیی و بەکاری هێنا بۆ سەرکوتکردنی نەیارەکانی، دراوسێکانی کۆماری زیمبابۆی رێگربوون لەوەی بەئاشکرا رەخنەی توند لە مۆگابی بگیرێت، هەروەك چۆن ئێستا هەندێك لە دراوسێکانی عێراق هەمان هەڵوێستیان هەیە و لەمەش زیاتر نفوزی خۆیان خستۆتە گەڕ بۆ ئەوەی لە پەرلەمانی عێراقدا لێپرسینەوە لەگەڵ مالیکی نەکرێت یان متمانەی لێ بسەنرێتەوە، ئەو حاڵەتە زیمبابۆی بەرەو ئەوەبرد کە ئامارەکان بەمشێوەیە باسی دەکەن:

أ- بەرێژەی ٪١٠ داهاتی تاکەس کەمی کردوو بەرێژەی لە ٪٣٠ نەخۆشی ئایدز زیادی کرد هەتا گەیشتە ئەوەی هەفتانە ٢٠٠ کەس لە زیمبابۆی بە نەخۆشی ئایدز بمرن.

ب- رێژەی مامناوەندی هەڵاوسان لە ٤٠ەوە بەرز بووەوە بۆ ١١٦.

ت- ئاستی مامناوەندی تەمەنی هاووڵاتیان هاتەخوارەوە لە ٤٠- ٦٠ ساڵ.

ث- گەندەڵی لەحکومەتی مۆگابی بووە شتێکی ئاسایی.

ج- حکومەت نەیدەتوانی خزمەتگوزارییە سەرەکیەکان دابین بکات.

ح- لەناو زیمبابۆدا دابەشبوونی ئیتنی و زمان دروست بوو.

خ- دامەزراوە سیاسیەکان تووشی شەلەل بوون و نەیاندەتوانی کاری خۆیان بکەن.

د- هەر کەسێك لە ملکەچکردنی مۆگابی و حزبەکەی دەربچوایە، ئەوا رووبەڕووی سزا و ئەشکەنجەدان دەبووەوە.

ذ- رۆژنامە سەربەخۆکانی داخست و سەرنووسەرەکانی بەندکرد.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەوەی کەمتەرخەمی نێودەوڵەتی لە حاڵەتی زیمبابۆی دروستی کرد و دەستی مۆگابی والاکرد بۆ ئەوەی زیمبابۆی بەو حاڵە بەرێت، ئایا ئێستا هەمان سیناریۆ لە حکومەتەکەی مالیکی دووبارە نەبۆتەوە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێین مالیکی خاڵێکی دیکەی لە مۆگابی زیاترە لەبەر ئەوەی لەمانگی پێشوو بەرەسمی هێرشی کردە سەر میدیاکانی جیهان کە رەخنەیان لە حکومەتەکەی مالیکی دەگرت و ئەمەی وەك پیلانێکی ئیسرائیل و سعودیە و دوژمنانی عێراق وەسف کرد، پێشتریش چەندین جار نووسینگەی کەناڵە ئاسمانییەکانی لە بەغدا داخستووە، بۆیە ئەگەر ئەو رۆژنامە بیانیانەی رەخنە لە حکومەتەکەی مالیکی دەگرن، ئەگەر خوانەخواستە رۆژنامەی سەربەخۆی عێراقی بوونایە، ئەوا کاری خراپتری پێدەکردن، هەروەك چۆن سالح موتلەگ جێگرەکەی خۆی بە دیکتاتۆر وەسفی کرد، بێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان فەرمانی دەرکردنی دەرکرد و ناردیەوە ماڵەوە، هەروەها لەماوەی مانگێکدا چوار جار سزای لەسێدارە دانی بۆ جێگری سەرۆك کۆمار دەرکردووە و ئەندام پەرلەمانەکانی لیستەکەی مالیکی دەیان جار قسەی بێ بنەما بەرامبەر سەرۆك کۆماری عێراق دەکەن، ئەمە تەنیا لەبەر ئەوەی سەرۆك

**بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان تەنیا سەرکردەیە لە عێراقدا کە پێش هەمووان لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١ مەترسی جێبەجێنەکردنی رێککەوتنی هەولێر و پێشێلکردنی دەستووری بە عێراقیەکان و بەجیهانیش راگەیاند**

کۆمار کوردە.

ئەم حاڵەتەی ئێستا هەموو جیهان دەیبینێت و ئێمەش وەك رۆژنامەنووسان کاتێك پرسیار لە دیپلۆمات و هەندێك شرۆڤەوانی ئەمریکی و جیهانی دەکەین و لەوەڵامدا گوێبیستی ئەوە دەبین، کە دەبێت عێراقیەکان خۆیان کێشەکانی خۆیان چارەسەر بکەن، ئەمە ئەو خاڵەیە کە نەك عێراق، بەڵکو ئاشتی و ئاسایشی جیهان دەخاتە مەترسییەوە، هۆکاری سادەش بۆ خوێندنەوەی ئەم مەترسیە بریتییە لە:



## ڕۆبەرت رۆتەربیرگ:

# ئەزموونی کێشەکانی جیهان ئەو راستییەیان سەلماندووە کە رێگرتن لەحاڵەتی دروستبوونی دەوڵەتی فاشیل کارێکی ئاسان نییە

١- عێراقیەکان خۆیان ناتوانن کێشەکانی خۆیان چارەسەر بکەن، بەجۆرێك بێ متمانەیی لەنێو پێکهاتەکاندا دروستبووە کە زەمینەی دیالۆگ و دانوستاندن ئاڵۆز بووە و هیچ لایەك متمانەی بەلایەکەی دیکە نییە.

٢- سندوقی هەڵبژاردن کێشەی عێراق چارەسەر ناکات، لەبەر ئەوەی لە هەڵبژاردنی ٢٠١٠ ئاکامی هەڵبژاردن بریارێکی هەبوو، بەڵام ئەمریکاو دەوڵەتانی دیکە بریارێکی دیکەیان هەبوو، پشتگیری مانەوەی مالیکیان کرد و عەللاویان دوورخستەوە، بۆ هەڵبژاردنی داهاتوش بارودۆخەکە لە بارودۆخی مۆگابی زیمبابۆی دەچێت، پێش هەڵبژاردن مالیکی تەسفیەی نەیارەکانی خۆی کردو ئێستا دەیەوێت بەرامبەر کوردستانیش رابووەستێ.

**• لە عێراقدا دەتوانرێت چی بکرێت؟**

چۆن لەرووی ئابووری و ئاسایش و سەقامگیرییەوە کوردستان عێراقێکی دیکەیە، ئەوا لەم بارودۆخەی ئێستای عێراقیشدا لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان دیسان عێراقێکی دیکەیە و هێزە سیاسییەکانی کوردستان بەجیاوازی بیروبۆچوونی سیاسی و بەجیاوازی ئایین و نەتەوەوە لەبەرامبەر ئەم ئاڵۆزییە یەکدەنگ و هاوهەڵوێستن، لەبەرامبەردا لەناو لیستی هاوپەیمانی نیشتمان کە لیستی شیعەکانە، هەموویان پشتگیری مالیکی ناکەن و دابەشبوونێکی بەرچاو هەیە، بۆیە لەم لایەنەوە هەرەسهێنانی پرۆسەی سیاسیی عێراق یان بردنی عێراق بەرەو هەڵدێری دەوڵەتی فاشیل کاریگەریەکی ئەوتۆی لەسەر ئیداراتی هەرێمی کوردستان نابێت، ئەوەی جێگەی مەترسییە کە پریشکی ئەم ئاڵۆزییەی بەربکەوێت، ناوچە دابڕێنراوەکانە، بۆ ئەمەش وەك لە پەیامی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەهەفتەی رابردوو بە ئاشکرا ئاماژەی پێکراوە، ئەوا سەرۆکی هەرێمی کوردستان پاش راوێژکردنی لەگەڵ سەرۆك کۆمار و دۆستەکانی دیکە لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا هەڵوێستی گونجاو بەرامبەر ئیستفزاز و هەرەشەکانی مالیکی لەناوچە دابڕێنراوەکان وەردەگرن و بواریش نادرێت کە سەقامگیری هەرێمی کوردستان بە ناوچە دابڕێنراوەکانەوە هەرەشەی لێ بکرێت، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا بەم هەڵوێستەی هەرێمی کوردستان کێشەکانی عێراق چارەسەر دەبێت و عێراق دەبێتە ئەو دەوڵەتە هاوچەرخەی کە لەسەرەتای دامەزراندنەوەی لە ٢٠٠٣ هەموو جیهان ئومێدی بۆ دەخواست؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بە پلەی یەکەم لای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەگشتی و ئەمریکایە بەتایبەتی، لەبەر ئەوەی پێشبینی پسپۆران و چاودێران بەو جۆریە ئەگەر عێراق بگاتە رادەی هەڵدێر و لەبەر یەکهەڵوەشانەوە، ئەوا لەبەر یەکهەڵوەشانەوەی چیك و سلۆفاکیای پێشوو نابێت بۆ کۆماری چیك و کۆماری سلۆفاکیا، بەڵکو دووبارە کردنەوەی ئەزموونێکی خراپتر لە ئەزموونی یوگسلافیای پێشوو دەبێت و شەڕێکی خوێناوی و گەورە لەسەر ئەو شارانە دروست دەبێت کە چارەنووسیان بە ئاسانی یەکلایی ناکرێتەوە لەپێش هەمووشیانەوە بەغدای پایتەختی عێراق، کە نە عەرەبی سوننە بە ئاسانی دەستبەرداری دەبێت و نە عەرەبی شیعەش، تەنانەت دابەشکردنی بەغداش ئەم کێشەیە چارەسەر ناکات، ئەوجا ئەمە بێجگە لەوەی عێراق خۆی دەبێتە ناوەندێك بۆ نفوزی هەرێمی و قۆستنەوەی لەلایەن تیرۆریستانەوە، دەبێتە وێستگەیەك بۆ پەروەردەی تیرۆریستان، بۆیە لەم حاڵەتەدا پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زیاتر بێتە ناو کێشەکە و تەنانەت ئەگەر پێویست بکات پێویستە بێت لە ناوچە سنوورییەکانی نێوان پێکهاتە جیاوازەکان هێزی ئاشتی پارێز دابنرێت بۆ ئەوەی بوار بۆ رووبەڕووبوونەوەی چەکداری و چارەسەری کێشەکان بەتوندوتیژی نەمێنێت و دەرگا والا بێت بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی دەستوور و رێککەوتنەکان کێشەکان چارەسەر بکرێت، لەبەرامبەر ئەو حاڵەتە پرسیار ئەوەیە ئایا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەم هەنگاوە خێرایە هەڵدەگرێت؟ وەڵامی ئەم پرسیار بە بەڵێ یان نەخێر نادرێتەوە، بەڵکو ئەوانەی لەکێشەو مەترسییەکانی ئایندەی عێراق تێدەگەن بەو جۆریە، پێویستە هەنگاوەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەو هەنگاوانە خێراتر بێت کە عێراق بەرەو هەڵدێر دەبەن، خۆ ئەگەر ئەمجارەش کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەسستی هەنگاو هەڵبگرێت، ئەوا عێراق لە هەڵدێر دایە و هیچ لایەك ناتوانێت لەبەر ئاکامەکەی هەڵبێت.

ئەنوەری حاجی عوسمان بریکاری وەزیری پێشمەرگەی کوردستان بۆ (گوڵان):

# دەمانەوێت کێشەکان بە ئاشتی چارەسەر بکرێن، ئەگینا هێزی پێشمەرگە توانای ئەوەی هەیە حەسمی بکات



سەرۆکی هەرێمی کوردستان عەقڵیەتی حوکمڕانان و سیاسەتمەدارانی عێراقی ناسیوە، هەربۆیە پێشبینیەکانی بەرامبەر بەو مەترسیانەی چاوەڕێی گەلانی عێراق و کوردستان دەکات راستەو ئێستا وا هاتۆتە دی

●

فەرمانەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیشە، بۆ ئێمە شوێن و جێگای گیان فیداکارییە

●

جەنابی پارێزگاری کەرکوکمان بینیوە بۆ ئەوەی پێی رابگەیەنین کە هێزی پێشمەرگە لەخزمەتی خەڵکی کوردستان و کەرکوك دایە



**دوای پێکهێنانی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی دیجلەو لەشکرکێشیەکەی سوپای عێراق بۆ سەر ناوچەی زوممار و هەڕەشەکانی ئەم دواییەی فەرماندەکانی ئەو سوپایە بۆ سەر ناوچە دابڕێنراوەکان؛ بارودۆخەکەیان بەرەو ئاڵۆزبوون برد، بەپێچەوانەی بنەماکانی دەستووری عیراقیشەوەو وەکو هەموو جارێکیش کە لە مێژوودا چەندین جار ئەم سوپایە بە سیاسی و شەخسی کراوە، ئێستاش دووبارە سوپا تێکەڵاوی کێشە سیاسییەکان کرایەوە، بەمەش هێزە چەکدارەکانی سوپای عێراق هەڕەشەو دڵەڕاوکێیەکی زۆریان بۆ سەر هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان و بەتایبەتیش ناوچە دابڕێنراوەکان دروست کردەوە. گوڵان پەیوەندی بە ئەنوەری حاجی عوسمان بریکاری وەزیری پێشمەرگەی کوردستان لە ناوچە دابڕێنراوەکانی کرد و ئەم ئاخاوتنەی لەگەڵ سازدا، کە ئەمە دەقی دیمانەکەیە.**

*** سەرەتا دەمانەوێت لەو پرسیارەوە دەست پێ بکەین، ئایا بەڕێزت وەکو بریکاری وەزیری پێشمەرگەی کوردستان و سەرکردەیەکی مەیدانی، بارودۆخە مەیدانیەکەی لەشکرکێشی هێزەکانی دیجلەو ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکەی سوپای عێراق و ئەو ئاڵۆزییەی کە لەناوچە دابڕێنراوەکان بە پیلان و ئەنقەست دژ بە خاك و خەڵکی ئەو بەشانەی کوردستان دروست کراوە، چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- وەکو لای هەمووان ئاشکرایە، ماوەیەکە راستەوخۆو بەئاشکرا حکومەتی عێراق و سوپاکەی چەند هەوڵێکی شەڕانگێزانەیان بەرامبەر هەرێمی کوردستان دەستپێکردووە، بەتایبەتی دوای لەشکرکێشی و جووڵاندنی هێزەکانی ئەو سوپایە بۆ ناوچە دابڕێنراوەکان و هەڕەشەکردن لەسەر دانیشتووانی ئەو ناوچانە، تەنانەت ماوەیەکە هێرشی تیرۆریستان لەسەر دانیشتووانی کورد زیادی کردووە، هەربۆیە ئێمەش وەك هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە بەڵێنمان داوە بەهەرێمی کوردستان و هاووڵاتیانی ئەو ناوچانە کە پارێزگاری لەسەروماڵی هاووڵاتیانمان بکەین و بەوپەڕی دڵسۆزییەوە رێگا نادەین هێزەکانمان خروقات بکات، هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانیش دڵنیا دەکەینەوە کە هیچ کاردانەوەیەکی نەشیاو لەلایەن پێشمەرگەی کوردستانەوە دروست نابێت و تەنیا وەکو هێزێکی بەرگریکار

هاووڵاتیان هاتووینەتە ئەم ناوچەیە تاوەکو ئەگەر هێزی دیجلە لاساریی بکەن و کاری نەشیاو دژ بە هاووڵاتیانی ئەم ناوچانە بکەن، ئەوا ئەو کاتە هێزەکانی پێشمەرگە لەوپەڕی ئامادەباشیدایەو بۆ بەرگریکردن ئامادەین و بەتوندترین شێوە وەڵامیان دەدەینەوە.

*** حکومەتەکەی مالیکی وڵات بەرەو ئاڵۆزی و ململانێی سیاسی و سەربازیی پەلکێش دەکات و هەڕەشە بۆ سەر هەرێمی کوردستان دروست دەکات؛ ئایا تاچەند هێزی پێشمەرگە سازو ئامادەیە بۆ ئەوەی لەم قۆناخەدا سنوورێك بۆ هەڕەشەکان دابنرێت بەتایبەتی ئەو هەڕەشانەی کە دەکرێنە سەر هاووڵاتیانی کوردستانی ناوچە دابڕێنراوەکان؟**

- لەڕێگای گۆڤارەکەتانەوە داواکارم لەهاووڵاتیانی کوردستان کە ئاگاداری ئەوە بن هێزی پێشمەرگە وەکو هێزێك بەراورد نەکرێت بەسوپایەکی ورە لاوازی عێراق، چونکە ئەرکی هێزی پێشمەرگە پارێزگاریکردنە لەو دەستکەوتانەی کە ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان هەیە و بەرگری لەهاووڵاتیانی خۆی دەکات، وەکو هێزی پێشمەرگەش پێمان خۆش نییە لەگەڵ ئەو لەشکرکێشی و سوپایەی هاتۆتە ناوچەکە پێکدادان و رووبەڕووبوونەوە رووبدات چونکە هەموو خەڵکی ئەم وڵاتەین، بەڵام گەربێت و هێزی دیجلەو یەکەکانی سوپای عێراق بەردەوام بن لەو سەرپێچی و کاری نەشیاو و هاتنە پێشەوە، ئەوە بەدڵنیاییەوە ئەو جێگایانەی کە سوپای عێراقی بەهاوبەش و بەتەنسیقیش کە پێشتر لەگەڵ سوپای ئەمەریکا وەریانگرتووە لێیان وەردەگرینەوە .

*** ئاشکرایە ناوچە دابڕێنراوەکان تارادەیەکی باش بەراورد بەناوچەکانی تری عێراق سەقامگیرترە، ئەویش بەهۆی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کە توانراوە لەو ناوچانە سەقامگیرییان تێدا دروست بکرێت، بەڵام هەوڵیش هەیە بۆ ئەوەی سەقامگیری ئەو ناوچانە تێکبدرێت، بەتایبەتی دوێنێ باس لە پێکدادانێك دەکرێت لەنێوان پۆلیسی فیدراڵی و یەکێك لە بارەگاکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە ئایا هاتنی سوپا نائارامی و ناسەقامگیری لە ناوچەکەدا لێنەکەوتۆتەوە؟**

- ئەو کێشەیە زیاتر کێشەیەکی تایبەتی بووە، پێوەندی بەو لەشکرکێشییەوە نییە کە ئێستا کراوەتە سەر ناوچە دابڕێنراوەکان و بووەتە هۆی ئاڵۆزبوونی ناوچەکە، بەڵام بەدڵنیاییەوە لەنزیکەوە چاودێری بارودۆخەکە دەکەین، چونکە بارودۆخەکە هەستیارەو هاتنی هێزی سەربازی و سوپا بۆ ئەم ناوچەیە ئاڵۆزی و ناسەقامگیری بۆ ناوچەکە لەگەڵ خۆی دەهێنێت.



*** بەڕێزت یەکێك بووی لە پێشمەرگەکانی داستانی خواکورك، ئەمە بۆ جاری دووەمە سەرۆك بارزانی پێشبینی مەترسی گەورە دەکات، ئێستا هەموو لایەنێك گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە بەراستی مالیکی تاکڕەوەو دەیەوێت خروقاتی دەستووری بکات، بەڕێزت لەسەر ئەو پێشبینیەی سەرۆك بارزانی کە لە نەورۆزدا ئاماژەی بەوە کرد، ئەم وڵاتە بەرەو دۆخێکی خراپ دەچێت، لەمبارەیەوە چی دەڵێیت؟**

- سەرۆك بارزانی لەخەمخۆرییەوەیە بەرامبەر نەتەوەکەی، وەکو سەرکردەیەکی لێهاتووی کارامەو وەکو سەرۆکێك کە بەرپرسیارێتی لەسەر شانە، هەمیشە پێشبینیەکانی هاتۆتە دی، بەدڵنیایشەوە سەرۆکی هەرێمی کوردستان عەقڵیەتی حوکمڕانان و سیاسەتمەدارانی عێراقی باش ناسیوە، هەربۆیە پێشبینیەکانی بەرامبەر بەو مەترسیانەی چاوەڕێی گەلانی عێراق و کوردستان دەکات راستەو هاتۆتە دی و تێڕوانینێکی دوورمەودای هەیە.

*** وەك دەبینین جەنابی سەرۆك بارزانی فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە، ئایا تەوجیهاتی سەرۆك بارزانی بۆ ئێوە چییە؟**

- فەرمانی جەنابی سەرۆك بۆ ئێمە لەبەرژەوەندی گەلی کوردستانەو بەهیچ شێوەیەك لێی لانادەین، چونکە گەربێتوو خوانەخواستە گوێرایەڵی فەرمانەکانی نەکەین تووشی هەڵە دەبین، هەربۆیە فەرمانەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و کە فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیشە بۆ ئێمە شوێن و جێگای گیان فیداکارییە.

*** هەر لەم روانگەیەوە بەڕێز سەرۆکی هەرێم هەفتەی رابردوو ئاماژەی بەوەکرد گەربێتوو سنوورێك بۆ ئۆپەراسیۆنەکەی دیجلە دانەنرێت، هەڵوێستی ترمان دەبێت؛ ئێوە وەکو هێزی پێشمەرگەی کوردستان تا چ رادەیەك لەئامادەباشیدان؟**

- هێزی پێشمەرگە لەئامادەباشیدایە بۆ بەرگریکردن لەهاووڵاتیانی کوردستان و داواو سیاسەتی راست و دروستی جەنابی سەرۆك بارزانی و خەڵکی کوردستان، بەگیان و بە خوێن جێبەجێی دەکەین .

*** لەناو پێکهاتەی سوپای عێراقدا ژمارەیەکی یەکجار کەمی کوردی تێدایە، تەنانەت ئەم هێزەی دیجلە کە دروستکراوە زیاتر لە ٩٠٪ی عەرەبەو سەربازەکانی سەر بەیەك مەزهەبن، ئایا ئێوە وەکو هێزی پێشمەرگەی کوردستان، چۆن سەیری ئەو مەسەلەیە دەکەن؟**

- دوای هەڵوەشانەوەی سوپای بەعسێنراوی رژێمی رووخاوی پێشوو، سوپای عێراق لەسەر خوێن و گیانفیدایی هێزی پێشمەرگە دروست بوو، بەداخەوە کاروکردەوەی شۆڤێنیانە وایکرد ژمارەیەکی کەمی سەربازو ئەفسەری کورد لەو سوپایەدا بمێنێت، سەرکردەکانی ئەو سوپایە جارێکی تر مەرامی ئەوەیان هەیە، بەچاوی داگیرکاری بەنیەتی خراپ لەبەرزاییەکانی کوردستان بنوارن. ئێمە پێمان وایە ئێستا سوپای عێراق بەپێکهاتەیەکی سەقەتەوە دروست بووە و لەسەر بنەمای بەرژەوەندبازی دروست بووە و



سوپایەکە پڕ بۆتەوە لەخەبیرە سەربازییەکانی داخ لەدڵی ڕژێمی بەعس. ئومێدمان وابوو بەو سوپایەوە پێکەوە عێراق و کوردستان بپارێزین، بەڵام بەداخەوە کاتێك ئەوان کۆمەڵێك تانك و زرێپۆش و چەکی نوێیان بینی لەهەموو بەڵێن و قسەکانیان پاشگەزبوونەوە و ئێستا دەیانەوێت بەهەڕەشەی سەربازی مەرامەکانیان بهێننە دی.

*** دوێنێش داوایان دەکرد کە فەرماندەی ئۆپەراسیۆنی باکوور دابمەزرێت و بە ئاشکراش ئەو داوا گوماناوییە لەلایەن عەبدولسەلام مالیکییەوە باس کرا؟**

- ئەوە خەونی حوشترە ..

*** بەڵام زۆرجار باس لەوە دەکرێت هاتنی ئەو هێزانە دەبێتە ئەمری واقیع لەپارێزگای کەرکوك و وەکو کارتێکی سیاسی دژ بەخواست و ویستی هاووڵاتیانی ناوچەکەو کوردستان بەکار دەهێنرێت؟**

- ئومێد دەخوازم ئەمە ڕوونەدات و بیرۆکەیان بەو ئاراستەیە نەچێت کە هێزی سەربازی بنێرن و ئەمری واقیع دروست بکەن، ئێمە لەچاوەڕوانی ئەوە بووین حوکمڕانانی بەغدا وڵات بکەنە بەهەشت و خۆشی و خزمەتگوزاری بۆ دانیشتووانەکەی بهێنن، نەك جارێکی تر لەژێر تەپوتۆزی دوکەڵی تانك و زرێپۆش و هێزی چەکداری، خەڵکی ئێمە بترسێنن تا دەستبەرداری مافەکانی بێت، هەربۆیە لەم مینبەرە جوانەی ئێوەوە بەخەڵکی کوردستان ڕادەگەیەنین کە دوا داواکاری کورد کە خۆی لەبەرزاییەکانی حەمرین دەبینێتەوە بەدی دێنین.

*** جەنابتان و وەزیری پێشمەرگە کۆبوونەوەیەکتان لەگەڵ پارێزگاری کەرکوك کردبوو، ئایا ئەو کۆبوونەوەیە بۆ چ مەبەستێك بووە؟**

- جەنابی پارێزگاری کەرکوکمان بینیوە بۆ ئەوەی پێی ڕابگەیەنین کە هێزی پێشمەرگە لەخزمەتی خەڵکی کوردستان و کەرکوك دایە، ئامادەین لەخزمەتی ئەواندا بین و پارێزگارییان لێبکەین.

*** بەڵام ئێستا هێزی پێشمەرگە زیاتر لەباکووری ئەو پارێزگایەیە نەك لەخوارووی پارێزگای کەرکوك، ئایا هێزی پێشمەرگە لەو ناوچانەدا بوونیان نییە؟**

- ئەوە ڕێککەوتنی نێوان لیژنەی تەنسیقی باڵا بووە کە بەناوبژیوانی و بوونی سوپای ئەمەریکا کراوە کە بەداخەوە سوپای عێراق ئیلتزامی بەو ڕێکەوتنە سێ قۆڵییە نەکرد کە لەنێوان هێزی پێشمەرگەو سوپای عێراق و هێزەکانی ئەمەریکا کرا. هەتا ئێستاش ئێمە نەجووڵاوین و بەگوێرەی ئەو ڕێکەوتننامەیە، بەڵام ئەمڕۆ هەڕەشە کراوەتە سەر خەڵکی دووزخورماتوو، جەنابی وەزیری پێشمەرگە بەهێزێکەوە چۆتە ئەوێ و منیش لەبەرزاییەکانی کەیوانەوە چاوەڕێی دوابڕیارم.

*** بەڵام ئەم ئۆپەراسیۆنە سەربازییەی دیجلە کە دروستکراوە هاتۆتە پارێزگای کەرکوك، تەنیا بۆ کەرکوك نییە، بگرە خانەقین و مەندەلی و دووزخورماتوو دیالەش دەگرێتەوە، ئایا سەبارەت بەو ناوچانە تا چ ڕادەیەك هێزی پێشمەرگە لەئامادەباشیدایە بۆ پاراستنی هاووڵاتیانی کوردستان؟**

- ئومێدەواریشین کێشەکان نەگاتە ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی بەڵکو لەسەر مێزی گفتوگۆ چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، چارەسەرەکەی نەیەتە لای ئێمە، بەڵام کە هاتەلای ئێمە، ئەوکات ئێمە ناچار دەبین ڕووبەڕووی پیلان و مەرامی شەڕانگێزیی ببینەوەو چارەسەری کێشەکەش دەکەین.

*** وەکو سەرکردەیەکی مەیدانی کە ئێستا لەو ناوچەیەدایت، ئایا هاووڵاتیانی کوردستانی لەکەرکوك و تەواوی ناوچە دابڕێنراوەکانی تردا تاچەند هاوکارن لەگەڵ هێزی پێشمەرگەو وەریان بەرزە؟**

- هاووڵاتیانی خۆشەویستی کەرکوك و خانەقین و دووزخورماتوو تەواوی ناوچەکانی تر بە کچ و کوڕیانەوە پێشمەرگەن و دڵنیاشن لەفیداکاری و دڵسۆزی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە ئێمە دەبینە قەڵغان بۆ ئەوان و هاووڵاتیانی کوردستانیش لەو ناوچەیە هێزو پاڵپشتییەکی گەورەن بۆ هێزی پێشمەرگە .

*** ئەگەر شتێکت مابێت و ئیمە پرسیارمان نەکردبێت، ئایا دوا پەیامت چیە؟**

- ئومێدەوارم هەندێك لەو سیاسەتمەدارانەی بەغدا کە بە پیلانگێڕی خەریکن بەخۆیاندا بچنەوەو هێشتا زووە، چونکە سەربازەکانی کە دەیانکەنە سووتەمەنی پیلانەکانیان گوناهیان نییە، بەڵکو سەرکردە سیاسی و فەرماندەییەکانیان پەلکێشیان دەکەن بۆ ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە، پێویستە کێشەکانی عێراق لەسەرمێزی گفتوگۆ لەبەغدا چارەسەر بکرێن و دژایەتیکردنی هاووڵاتیانی عێراق و کوردستان بەو سوپایەی عێراق نەکەن و بۆ جارێکی تریش سوپای عێراق شەرمەزاری گەلانی عێراق بن. چونکە ئێستا لای هەمووان ئاشکرا بووە کە هەڵبژاردنەکان نزیك دەبێتەوەو مالیکی وەکو کارتێکی سیاسییانە لە ڕێگای سوپاوە دژایەتیکردنی هەرێمی کوردستان بۆ ڕیکلامی هەڵبژاردن و مانەوەی خۆی بەکار دەهێنێت. پەیامیشم بۆ سوپای عێراق ئەوەیە کە ئەو ڕاستییەیان لەبەرچاوبێت کەئێمە بووین ئەو هێزەی عێراقمان چەندینجار ڕزگارکردووە، ئێستاش داوایان لێدەکەین کە بەو عەقڵیەتە هەڵسوکەوت نەکەن کە ئێمە دوژمنی یەکین، ئەم وڵاتە وڵاتی هەموومانە، پەیامیشم بۆ خەڵکی کوردستان ئەوەیە کە دڵنیابن لە هێزی پێشمەرگە کە قەڵغانێکە بۆ خەڵکی کوردستان و پارێزگاریکردن لەسەروماڵیان و بەرگریکردن لەو سەقامگیری و ئارامییەی کە ئێستا لەهەرێمی کوردستان بە هەوڵ و ماندوو بوونی سیاسەتێکی حەکیمانە فەراهەم کراوە.



**ئەیاد سامەرایی بۆ (گوڵان):**

# ئەم بارودۆخە نیشانەی شکستی حکومەتە و بۆ شاردنەوەی شکستەکەیان گرفتی دیکە دروست دەکەن

ئەیاد سـامەرایی کەسایەتی دیاری گۆڕەپانی سیاسی عیراق، چەندین پلەی حزبی وحکومی هەبووەو لە ساڵی ١٩٩١ لە تاراوگە سەرۆکی حزبی ئیسلامی عیراقی بووە، لە ٢٠٠٩ کە سەرۆکی بەرەی تەوافوق بووە کراوە بە سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانـی عیراق،رۆڵی بەرچاوی هەبووە لە ئەدای کاری پەرلەمانی، لەم دیدارەی(گولان)دا بەڕاشکاوی ڕاوسەرنج و بۆچوونی خۆی دەربارەی پێشهاتە سیاسییەکانی گۆڕەپانی عیراق و ڕۆڵی دیالۆگ لە چارەسەرکردنی کێشەکان وئەدای حکومەتی خستەڕوو.

**ئەم جۆرە گرژییە لە راگەیاندن دەبێتە هۆی راگرتنی پرۆسەی سیاسی و بەڵگەی شکستهێنانی ئەوپرۆسەیەیە بەتایبەتی لای ئەوانەی کاروباری وڵات بەڕێوە دەبەن**

**ئەم گرفتە تەنیا بە ئەنجامدانی دیالۆگ چارەسەردەکرێت.چونکە بەم شێوەیە متمانە دێتەئاراوەو دەچەسپێت.مەرجیش نییە لەکاتی دانیشتندا لایەنێك بتوانێت ئەوەی دەیەوێت بەسەر لایەنەکانی دیکەدا بیسەپێنێت**

**پێویستە لەسەر سیاسەتمەداری عیراقی کاتێك قسەدەکات بەڕوونی و ئاشکرا نیازپاکی و مەرامەکانی خۆی بۆ هاووڵاتیان دەربڕێت و دیدوبۆچوونی ڕاستەقینەی بۆ ئاییندە بخاتەڕوو نەك فێڵیان لێبکات**

*** سەبارەت بە پێشهاتەکانی سیاسی بەتایبەتیش ئەو پەرەسەندنانەی گرژیی راگەیاندن لەلایەن حکومەت یان پەرلەمانتارانەوە، بەڕای جەنابتان تا چەند ئەو لێدوانە راگەیاندنانە کاریگەرییان دەبێت؟**

- هەڵکشانی ئەم جۆرە گرژییە لە راگەیاندن دەبێتە هۆی راگرتنی پرۆسەی سیاسی و بەڵگەی شکستهێنانی ئەوپرۆسەیەیە بەتایبەتی لای ئەوانەی کاروباری وڵات بەڕێوە دەبەن، ئەمەش بۆ شاردنەوەی شکستەکەیانە لەباتی ئەوەی گرفت وکێشەکان چارەسەر بکەن پەنا دەبەنە بەر خولقاندنی کێشەی زیاتر وئاڵۆزتر،ئەمەش خۆی لە خۆیدا بە هیچ شێوەیەك خزمەتی وڵات وگەل ناکات کەبەدەست دەیان کێشەوە دەناڵێنێت، بۆیە ئێمە بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەم جۆرە گرژییانەدا نین و هەوڵ دەدەین بارودۆخەکە هێمن بکەینەوە.

*** ئایا پێتان وانییە کە نەبوونی متمانە لەنێوان لایەنە سیاسییەکاندا هۆکارە بۆ نەخستنەڕوو سەرنەکەوتنی هیچ دەستپێشخەرییەك،بۆ نموونە هاوپەیمانیی نیشتمانی کارنامەی چاکسازی خستەڕوو، بەڵام تا ئێستا هیچ لەم دەستپێشخەرییانە بە ئاکام نەگەیشتوون؟**

- بوونی متمانەو بڕوابوون بەلایەنی بەرامبەر لە کوێوە دێت، خۆ نابێ تۆ داوا لەلایەنی دیکە بکەیت متمانەت پێ بکات،ئەمەش لە پیادەکردنی کردەوەی باش و بەسوودەوەیە، ئێمە پێمانوایە کە ئەم گرفتە تەنیا بە ئەنجامدانی دیالۆگ و وتووێژکردنی زیاتر چارەسەردەکرێت. چونکە بەم شێوەیە لەگەڵ بەردەوامبوونی گفتوگۆکان متمانە دێتەئاراوەو دەچەسپێت،مەرجیش نییە لەکاتی دانیشتن لەسەر مێزی گفتوگۆدا لایەنێك بتوانێت ئەوەی دەیەوێت بەسەر لایەنەکانی دیکەدا بیسەپێنێت، بەڵام نیازپاکی و ئەو مەبەست وئامانجانەی لە پێناویاندا دەخرێنەڕوو متمانەکە زیاتر بەهێزدەکەن.

*** سەبارەت بەحکومەتی ئێستا،پێتان وایە ئەم حکومەتە بەم هەموو گرفت و کێشانەی تێی کەوتووە بتوانێت بەردەوام بێت، یان ڕێگەچارەی دیکە هەیە بەم ئاراستەیەدا؟**

- تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت بە هیچ شێوەیەك چاکسازی و بەرەپێشچوونی ئیجابییانەی ئەو حکومەتە بەدەرنەکەوتووە، چاکسازی لەو بوارانەی کە پێویستە سیاسەتکارانی عیراق پێوەی پابەندبن وخزمەتی وڵاتەکەیانی پێبکەن، ئەگەری ئەوە لە ئارادایە کە کاروباری ئەم حکومەتە تا کۆتایی ئەم خوولە هەر بەم شێوەیە بمێنێتەوە، بەڵام کە دێمەسەر کوالیتی کارکردن و چارەسەرکردنی گرفت وکێشەکان هیچ پێشکەوتنێکیان تێدا نابینم، چ لەسەر ئاستی حکومەت بێت یان لەنێوان لایەنە سیاسییەکاندا، تەنانەت هیچ دەستپێشخەرییەکی جیددیش لەم ڕووەوە لەئارادا نییە.

*** ئەو حکومەتەی کە لەئاییندەدا پێکدەهێنرێت، هەر ئەوکەسانە دەگرێتەخۆی کە ئێستا لەحوکم وگۆڕەپانەکەدان، پێتان وانییە هەمان سیناریۆ دووبارەدەبێتەوە؟**

- لێرەدا داوا لە هەموو سیاسەتمەدارەکان دەکەم کە بەناوی جەماوەری عیراقەوە قسە لەگەڵ جەماوەرەکەی خۆیاندا نەکەن، بۆ نموونە سیاسەتمەداری کورد و شیعە ئەوانی دیکە کاتێك قسە لەگەڵ جەماوەری خۆیان دەکەن با بەناوی هەموو جەماوەری عیراقەوە نەبێت، لەڕاستیدا ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە گەلی عیراق قسەی خۆی هەبێت و ڕای تەواوی خۆی لەسەر هەموو کاروبارێك بخاتەڕوو، بۆ نموونە بەردەوام دەبینین کە خەڵکانێك گلەیی و گازاندەیەکی زۆریان لەسەر ئەدای حکومەت هەیە وبێن هەمان ئەودەم و چاوانە هەڵبژێرنەوە کە بەرپرسیارن لەکەموکورتییەکانی ئەم ئەدایە؟ بۆیە پێویستە لەسەر سیاسەتمەداری عیراقی کاتێك قسەدەکات بەڕوونی و ئاشکرا نیازپاکی و مەرامەکانی خۆی بۆ هاووڵاتیان دەربڕێت و دیدوبۆچوونی ڕاستەقینەی بۆ ئاییندە بخاتەڕوو نەك فێڵیان لێبکات، تا هەموو تاکێکی ئەم وڵاتە لێی تێبگات لەبەر ڕۆشنایی ئەم متمانەیەشدا لە سندوقەکانی دەنگداندا هەڵیبژێرێت.

***بەڕێز سەرۆك کۆمار لە بارودۆخەکە نیگەرانە، ئایا چۆن سەیری نیگەرانیەکانی دەکەیت؟**

- ئەوەی دەیزانم کە بەڕێز جەلال تاڵەبانی بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدا بووە کەڕۆڵی ئیجابی بگێڕێت بۆ کۆکردنەوەی لاینەکان و دەربازکردنبی عیراق لەو تەنگژە ئاڵۆزەی ئێستا، کە مایەی خۆشحاڵی و پێزانینە،بەڵام بەداخەوە دەرفەتی ئەوەم نەبووە بەدیداری بگەم بەر لە گەڕانەوەی بەڕێزیان بۆ شاری سلێمانی.

# گەیشتنە
# لێواری خلۆربوونەوە ؟!



ئازا حەسیب قەرەداخی

**دوو هەفتە جارێک بۆ گوڵانی دەنووسێت**

عیراق وەکو قەوارەی سیاسی هەڵگری قەیرانێکی رەسەنی زگماکە هەر لەگەڵ لەدایکبوونیدا دووچاری بووە، ئەو قەیرانە قەیرانی بە دەوڵەتبوونییەتی.

بەدرێژایی نەوەدودوو ساڵی رابردوودا،عیراق نەیتوانیوە هیچ کام لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی دەوڵەت وەرگرێت. بەو واتایە کە دەوڵەت قەوارەی کۆکردنەوەی هاووڵاتیانە سەرەڕای جیاوازیی نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزایی و رەگەزی، لەسەر بنەمای هاوشانێتی لە ماف و ئەرکدا، لە چوارچێوەی گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیدا لەسەری رێکدەکەون و بە ئیرادەیەکی ئازادانە بڕیاری لەسەردەدەن و پەیوەندییەکانی نێوان هاووڵاتیان خۆیان لە لایەك و هاووڵاتیان و حکومەت لەلایەکی دیکە و جۆری بەشدارییان لە بەڕێوەبردن و داڕشتنی سیاسەتەکانی دەوڵەتدا لە دەستوورێکی کراوەدا و بە میکانیزمەکانی دیموکراسی رێکدەخەن.

چ بە شێوازی حوکمڕانی مەلەکی و چ لەسایەی حوکمڕانی کۆماریدا و چ بەپێی دەستووری فیدراڵیش، عیراق نەیتوانیوە ناسنامەی دەوڵەتیی هاووڵاتیان وەربگرێت، چونکە هەرگیز کەسێك لەم دەوڵەتەدا نەبووە بەو تێگەیشتنەی سەرەوە هەستی کردبێت کە هاووڵاتییە، ئەوە چ جای بە کردەنی پەیڕەوی لە هاووڵاتیبوونی خۆی کردبێت .

عیراق تەنیا لەو کاتانەدا لە رۆخی ناسنامەی دەوڵەت نزیکبۆتەوە کە بیر لە دیموکراسیکردنی قەوارەکە و جۆری حوکمڕانێتی و بەخشینی ناسنامەی هاووڵاتی هاوشان کراوەتەوە کە بدرێتە هەموو هاووڵاتیانی نیشتەجێی ئەم دەوڵەتە. ئەم دەورانانە لە رووی ژمارەوە زۆر کەم و لە رووی کاتەوە زۆر کورتخایەن بوون. دەنا سەرباقی مێژووی ئەم دەوڵەتە هەمیشە لە چەقی نادەوڵەتیدا بووە و بە شێوازی جۆراوجۆر و جیاواز لە ئاست و بڕی توندوتیژیدا گوزارشتی لە نادەوڵەتیی خۆی کردووە. تا گەیاندوویەتییە ئەو رادەیەی بە زۆر ناسنامەی نەتەوەیی و ئایینی رەسەنی لە بەشێك لە هاووڵاتیانی خۆی سەندۆتەوە و ناسنامەی دیکەی بەسەریاندا سەپاندووە. تا گەیشتووە بەو رادەیەی ئەوانەی ئەمەیان قبوڵ نەکردووە کیمیای بەسەردا باراندوون و ئەنفالی کردوون.

بەم مانا و بەڵگانە دەکرێت بڵێین دەوڵەتی نادەوڵەتیی عیراق، لە جەوهەری خۆیدا دەوڵەتی پڕ کێشەیە و هیچ زیادەڕۆیی نییە ئەگەر ناوی بنرێت (دەوڵەتەکێشە).

دەوڵەتەکێشەی عیراق هەرگیزاوهەرگیز لە کێشە دوور نەکەوتۆتەوە و بەردەوام لە چەقی کێشە و ناکۆکی و دڕدۆنگی و پیاهەڵشاخانی نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانیدا بووە. هەموو ئەو هەوڵانەی دراویشن بۆئەوەی لە چەقی کێشە دەربهێنرێت و بخرێتە ناو بازنەی ئاشتی و پێکەوەژیان و دیموکراسییەوە، شکستیان هێناوە و بەدوای خۆیشیاندا کێشەی گەورەتریان لێ کەوتۆتەوە.

بەمجۆرە نزیکەی هەشتا و چوار ساڵ دەوڵەتەکێشەی عیراق بە تونێلێکی تاریکدا گوزەری کرد. وەلێ لە دوای رووخانی رژێمی بەعسەوە، ترووسکاییەك دەرکەوت، بەتایبەتی لەو کاتەوە کە پێکهاتەکانی عیراق گرێبەستێکیان قبوڵ کرد کە دەوڵەتەکەیان بکەنە دەوڵەتێکی دیموکراسی فیدراڵ و ئازادیی تاك و کۆی کۆمەڵگای تێدا فەراهەم و دەستەبەر بکەن و سەروەت و سامانەکەی یەکسانانە دابەش بکەن و بۆ ئاوەدانی و دامەزراندنی ژێرخانێکی پتەو لەپێناوی پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی و گەشەکردندا تەرخان بکەن.

ئەم گرێبەستە ناونراوە دەستووری هەمیشەیی عیراق. تەنیا زامنێکی نەگەڕانەوەیە بۆ چەقی کێشە و ململانێ و پیاهەڵشاخان. تەنیا زامنێکە بۆ ئەوەی هاووڵاتی هەست بە هاووڵاتێتیی خۆی بکات لە دەوڵەتێکدا کە هەموو هاووڵاتیان لەسەر بنەمای هاوشانێتی و سەرەڕای جیاوازی رەگەز و نەتەوە و ئایینیان کۆدەکاتەوە. تەنیا زامنێکە کە دەوڵەتی عیراق لە نادەوڵەتییەوە بگوازێتەوە بۆ دەوڵەتێتی. لە کێشەوە بگوازێتەوە بۆ ئاشتی و ئاشتەوایی. کەچی هێندەی نەخایاند کە ورووژمی هێرش بۆسەر ئەو دەستوورە دەستی پێکرد. بە لێشاو سەرپێچی لێکرا. لایەنە سیاسییەکانی نوێنەرانی پێکهاتەی سوننە مەزهەب و بەشێك لە شیعە مەزهەبەکان سەرلەبەری ئەو دەستوورەیان رەت کردەوە و بەشێوەیەکی تایبەتیش هێرشی

ڕەخنەیان لەسەر فیدراڵییەتی عێراق دەست پێکردو بە کردنیش هەڵمەتێکی تیرۆریستانەیان بۆ کوشتن و دەرپەڕاندنی کوردان دەست پێکرد و بە شێوەیەکی زۆر تایبەت ئەو ناوچانەیان کردە چەقی هەڵمەتی پەلاماردانی کوردان کە دەستوور بە جێناکۆکی داناوبون و بەپێی ماددەی ١٤٠ دەبوایە ئەو ناکۆکییانەی لەو ناوچانەدا لەسەر خاك و موڵك هەن، چارەسەر بکات و بارودۆخەکەیان ئاسایی بکاتەوە و دواجار ئامارێکی راستەقینەی زانستی تێدا بکرێت و ئینجا خەڵکەکەی لە راپرسییدا بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن، ئایا وەکو پارێزگای جیا دەمێننەوە یان دەچنە سەر قەوارەی فیدراڵی هەرێمی کوردستان.

ئەم هەڵمەتە بە حیساباتی سیاسی، ئەگەرچی دژوار بوو، بەڵام بە مەترسی دانەدەنرا چونکە ئەو لایەنە سیاسییانەی لە پشتەوەی بوون لە حوکمدا نەبوون و دەرفەتی گەیشتنیان بە کورسی دەسەڵاتیش زۆر کەم بوو.

لەدوای هەڵبژاردنەکەی ٧ی مارسی ٢٠١٠ کە عێراقی وەکو دەوڵەت خستە ناو گێژاوێکی سیاسییەوە، جارێکی دیکە مەترسی ئەوەی ئەو کورتە خەونەی بۆ دەربازبوون لە دەوڵەتەکێشە و بۆ گەیشتن بە دەوڵەتی هاووڵاتیان و مەدەنی هاتبووە ئاراوە، لەباربچێتەوە، سەری هەڵدایەوە. ڕێککەوتنەکەی هەولێر و پێکهێنانی حکومەتی سازان، تا رادەیەك ئەو مەترسییەی دوورخستەوە، کەمێکی دیکەی لە تروسکاییی لەوبەری تونێلەکەوە نیشانی عێراقییەکان دا، وەلێ لەبەرئەوەی لەناو قەوارەی بەزۆر دروستکراوی عێراقدا ناکۆکییەکی یەکتربڕ لە قووڵاییدا هەیە و لێکنەچوونێکی بەگرێوگۆڵ لە هەناودا هەیە و بارگەیەکی دژەوانە لە ستراکتۆردا هەیە و وەکو جەمسەرە دژەکانی موگناتیس پاڵ

**چ بە شێوازی حوکمڕانی مەلەکی و چ لەسایەی حوکمڕانی کۆماریدا و چ بەپێی دەستووری فیدراڵیش، عێراق نەیتوانیوە ناسنامەی دەوڵەتی هاووڵاتیان وەربگرێت، چونکە هەرگیز کەسێک لەم دەوڵەتەدا نەبووە بەو تێگەیشتنەی سەرەوە هەستی کردبێت کە هاووڵاتییە**

بەیەکەوە دەنێن و یەکتر دوور دەخەنەوە، بۆیە هەر زۆر زوو پاشی ئەو ڕێککەوتنە دیسانەوە پێکهاتەکان کەوتنەوە ناو چەقی هەمان ئەو کێشانە کە بە درێژایی مێژووی عێراق چەقی کێشەی پێکهاتەکانی بووە. ئەمجارەیان بە مەترسییەکی ڕاستەقینە و کاریگەر زانرا، چونکە ئەو لایەنەی عێراق و پێکهاتەکانی پاڵ پێوە نا بۆ ناو چەقی کێشەکان، حکومەتی عێراق خۆیەتی کە هەر ئێستا لە نوری مالیکی سەرەکوەزیران و تیمێك لە راوێژکارانی تایبەت و زۆر نزیکی خۆی و حزبێك پێکهاتووە و گرنگترین جومگە سەرەکییەکانی دەسەڵاتیان قۆرخ کردووە.

کە نوری مالیکی ڕێککەوتنەکەی هەولێری جێبەجێ نەکرد و وەزارەتە سیادییەکانی دانەمەزراند و لە دەستی خۆیدا هێشتنییەوە و

**لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە، تروسکاییەک دەرکەوت، بەتایبەتی لەو کاتەوە کە پێکهاتەکانی عێراق گرێبەستێکیان قبوڵ کرد کە دەوڵەتەکەیان بکەنە دەوڵەتێکی دیموکراسی فیدراڵ و ئازادیی تاک و کۆی کۆمەڵگای تێدا فەراهەم و دەستەبەر بکەن**

جێگری سەرۆك کۆماری بە تیرۆر تاوانبارکرد و فەرمانی گرتن و دادگایی کردنی بۆ دەرکرد، ئەو بۆمبەی تەقاندەوە کە لە دەرچوونی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەوە دایانابۆوە.


کە نوری مالیکی ئاوڕێکی دوژمنکارانەی لە هەرێمی کوردستان دایەوە و هەموو جومگە سەرەکییەکانی ئەم قەوارە سیاسییە-کۆمەڵایەتییە — ئابوورییە - کولتوورییە فیدراڵەی کردە بابەتی هێرشی سیاسی لە قاڵبی یاساییدا، ئیدی بۆ یەکجاری خەونی دروستکردنی دەوڵەتی عێراقی لەبارچواند.

کە فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی دیجلەی دامەزراند، باری نائاسایی پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدای راگەیاند و ڕەوشی سیاسیی عێراق بە تایبەتی و کۆی دەوڵەتی عێراقی وەکو قەوارە بەرەو لێواری

**کە نوری مالیکی ئاوڕێکی دوژمنکارانەی لە هەرێمی کوردستان دایەوە و هەموو جومگە سەرەکییەکانی ئەم قەوارە سیاسییە- کۆمەڵایەتییە – ئابوورییە - کولتوورییە فیدراڵەی کردە بابەتی هێرشی سیاسی لە قاڵبی یاساییدا، ئیدی بۆ یەکجاری خەونی دروستکردنی دەوڵەتی عێراقی لەبارچواند**

خلۆربوونەوە هەڵکێشا.

سەرەڕای کۆششی هەمەلایەنانە لە تەرەفی هەرێمەوە بۆ خاوکردنەوەی گرژییەکان و گەڕانەوە بۆ سەرمێزی گفتوگۆ بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان، وەلێ مالیکی و تیمەکەی وەڵامی نەگەتیف دەدەنەوە و هەر بەو ڕێگەیەدا دەڕۆن کە بڕیاریانە پێیدا بڕۆن. ئەو ڕێگایەش ڕێگای لێسەندنەوەی ناسنامەی دەوڵەتە لە عێراق. ڕێگایەکە دەچێتەوە سەر هەمان ڕێچکەی جاری جارانی نادەوڵەتێتی عێراق. بەیەك جیاوازیی گرنگ و جەوهەرییەوە ئەویش ئەوەیە کە جاری جاران لە حاڵەتی وادا کورد و کوردستانیان کە خاوەنی هیچ نەبوون، جگە لە ئیرادە، ناچاردەبوون ڕوو لە چیاکان بکەن و شۆڕش بەرپا بکەن و داوای حوکمی زاتی یان حوکمی زاتی ڕاستەقینە بکەن، بەڵام ئەمجارە ئەوە ڕوونادات، چونکە کورد و کوردستانیان جگە لە ئیرادە، خاوەنی هەرێمێکی سیاسی-ئابووری و یاسایین و بە ماندووبوون و قوربانی و خوێن و توانا و سامانی خۆیان پێکیان هێناوە و خستوویانەتە سەر ڕاستەڕێگای پێشکەوتن و گەشەکردن، بۆیە جێی ناهێڵن، بەڵکو بەپشت بەستن بەوەی کە حکومەتی عێراق لە گەڵی عێراق هەڵگەڕاوەتەوە و کودەتای دژی بنەماکانی دیموکراسی و پێکەوەیی و سازان دەست پێکردووە و دەستوور کە زامنی یەکگرتوویی عێراقە وەکو دەوڵەت، پێشێل دەکات، کورد و کوردستانیان جیابوونەوەی خۆیان و هەموو ئەو ناوچانە لە دەوڵەتەکێشەی عێراق ڕادەگەیەنن کە بەپێی ماددەی ١٤٠ ناوچەی کوردستانین و چاوەڕوانی چارەسەرن نەك سەرلەنوێ داگیرکردنەوە.




## عیمادەدین ئەحمەد بۆ گوڵان:

# هەر پارتێکی سیاسی تەفسیری ئایین بکات بۆ ئەوەی لەسەر کۆمەڵگە بیچەسپێنێ لەکۆتاییدا دەبێتە پارتێکی دژە دیموکراتی

پرۆفیسۆر عیمادەدین ئەحمەد سەرۆکی دامەزراوەی منارەیە بۆ ئازادی لە ئەمریکا و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر مێژووی ئیسـلام و یەکێکە لەو توێژەرانەی کە بایەخ بە پرسـی دیموکراسـی دەدات و هەروەها لەبەر ئەوەی بە رەگەز فەلەستینییە بایەخێکی گرنگ بە گۆڕانکارییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت دەدات، بۆ قسـەکردن لەسەر ئاییندەی گۆڕانکارییەکانی وڵاتانی عەرەبی و کەیسی سوریا و ئاییندەی دیموکراتی ئەم وتووێژەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر عیمادەدین سازکرد و بەمشێوەیە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.

*** ئێستا لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڵبژاردن هەیە، ئەمەش وەك سیمایەكی دیموكراتی دەردەكەوێت، ئایا پێتوایە دیموكراتی لە وڵاتانی عەرەبی بونیاد بنرێت؟**

- لە وەڵامدا دەڵێم بەڵێ و ئەگەری بونیادنانی دیموكراتی هەیە، بەڵام لێرەدا كێشەیەك هەیە دیموكراتی پێویستی بە پشوودرێژییە، بەڵام خەڵك ئەو پشووەی نییە، هەربۆیە ئەگەر سەیری پرۆسەی پەرەپێدانی دیموكراتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بكەین، ئەوا ئەو پرسیارە لەخۆمان بكەین ئایا چەندی خایاند هەتا دیموكراتی لە ڕۆژئاوا سەركەوت و چەسپا، بونیادی دیموكراسییەت لە ڕۆژئاوا لەگەڵ مەگناكارتا دەستپێدەكات كە مێژووەكەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی سیانزەهەم، ئەگەر باسی دیموكراتییەتی هاوچەرخیش بكەین ئەوا دیسان ئەمیش یەك دوو سەدە پێش ئێستا هەر لەبەریتانیاوە دەستی پێكردووە، لەو سەردەمەشدا خۆتان دەزانن ئافرەتان مافی دەنگدانیان نەبووە، هەربۆیە ئەگەر ئاوڕێك لە مێژووی ڕۆژئاوا بدەینەوە و سەیری ئەزموونی دیموكراسییان بكەن، دەبینین دیموكراتی كاتی دەوێت و لەهەمانكاتدا دیموكراتی پشێوی لەگەڵ خۆی دەهێنێت، ئەگەر ئێوە لەكاتی هەڵمەتەكانی ئەمریكا لە ئەمریكا بوونایە ئەوكات دەتانبینی پرۆسەكە چەند پشێوی دروستكردبوو، بۆیە من لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نیم كە دەڵێت لەوڵاتانی عەرەبی هەرگیز ناتوانرێت دیموكراسییەت بچەسپێت، من پێموایە دەتوانرێت، بەڵام كێشەكە لەوەدایە كە بونیادنانی دیموكراسییەت كاتێكی زۆر زۆر درێژی دەوێت تا دەچەسپێت، پێویستە دیموكراسییەت خۆڕسك بێت و هەروەها پێویستە بەسەبر بین و، مەبەستیشم لە سەبر ئەوە نییە بوەستین و هیچ هەوڵێك بۆ دیموكراتی نەدەین، بەڵكو پێویستە ئارام بگرین لەبەر ئەوەی پرۆسەكە كاتێكی زۆری دەوێت.

*** بەڵام وڵاتانی عەرەبی وێڕای ئەوەی بە گۆڕانكاری گەورە تێپەڕیون كە پێی دەوترێت بەهاری عەرەبی، بەڵام بەداخەوە نەیانتوانیوە بگوازرێنەوە بۆ دیموكراسییەت و سەقامگیری، ڕاستە پارتە سیاسییە ئیسلامییەكان بە سندوقی دەنگدان دەگەنە دەسەڵات، بەڵام ئەمە بۆ بونیادی دیموكراتی بەس نییە، ئایا تاچەند هەڵكشانی پارتە ئیسلامییەكان بۆ دەسەڵات گەیشتنیان بە دەسەڵات دەبنە هەڕەشە بۆ سەر دیموكراتی؟ ئایا پەیوەندیی نێوان پارتی سیاسیی ئیسلامی و دیموكراسییەت چۆن دەخوێنیتەوە؟**

- هەڵبەتە زۆربەی ئەو لایەنانەی كە مەبەستیانە بە دەنگدان بگەنە دەسەڵات و دواتر پابەند نەبن بە دیموكراتی، كە من ناویان لێدەنێم هەڵپەرست، ئەولایەنانە هیچ پابەندبوونێكیان نییە لەبەرامبەر دیموكراسییەت، بەڵكو بە دەرفەتێكی دەزانن لەپێناو گەیشتن بۆ دەسەڵات، بەڵام ئەگەر ئەو حاڵەتە ژمارەیەك لە پارتە ئیسلامییەكانی جیهانی عەرەبی بگرێتەوە، ئەوە هاوكات زۆربەی پارتی سیاسی دیكەیش دەگرێتەوە كە لەسەرتاسەری جیهاندا بونیان هەیە، بەڵام لەلایەنێكی دیكەوە كە سەیری هەندێك لە كەیسە پۆزەتیڤەكان دەكەم بۆنموونە تونس و میسر ئەوە بەڕای من وێڕای هەڵەكان و ئەو پشێوییەی كە لە سیستەمەكەدا هەیە پێموایە ڕێچكەی دروستیان گرتووەتەبەر، سەبارەت بە میسریش بەڕای من وێڕای ئەوەی پارتی ئازادی و داد پێگەكەی خۆی بەخراپ بەكارهێنا لەپێناو وەدەستهێنانی سوود لەبەرامبەر پارتە سیاسییەكانی دیكە، بەڵام بەلایەنی كەمەوە لە میسر هەڵبژاردنی ئازاد سازدرا بۆ سەرۆكایەتی و لەبارەی ئەو هەڵبژاردنانەدا لۆمەیەكی زۆر ئاڕاستەی سوپا دەكەم نەك پارتی ئازادی و داد لەبەرئەوەی سوپا بەردەوامە لە دەستێوەردان لە ژیانی كۆمەڵگەی میسر، بەڵام لەهەموو حاڵەتەكاندا سەیری دەكەم وەكو ئەزموونێكی باش و پێموایە ڕێچكەی دروستی گرتووەتەبەر و بەرەو پێشەوە دەڕوات، لەلایەنێكی

> **هەر یەك لە وڵاتەكان لە گۆشەیەكی تایبەت بە خۆیەوە سەیری ئاڕاستەی شۆڕشەكەی سوریا دەكات**

دیكەوە هەندێك كەیسی دیكە هەن كە مایەی گەشبینی نین بۆنموونە لیبیا، دیموكراسییەت لە لیبیا لەسەریان سەپێندراوە، بۆیە بەلامەوە سەیر نییە گەر پرۆسەكە شكست بەدەست بێنێت، بەڵام ئەوە بۆ ئێستا لەبەرئەوەی من پێموایە لە مەودایەكی دووردا تەنانەت لیبیا-یش ڕێچكەی دروست دەگرێتەبەر، لەوانەیە پرۆسەكە بەسەبری بڕوات، بەڵام پێموایە كە لەكۆتاییدا دیموكراسییەت لە لیبیا و ئەو وڵاتانە دەچەسپێت.

*** ئەگەر بێینە سەر سوریا ئەوا دەبینین جیهان بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ كەیسەكەی سوریا دەكات لەبەرئەوەی ترسی ئەوە هەیە كە توندڕەوەكان لە جێگەی ئەسەد بگەنە دەسەڵات و لەبەرئەوەی ڕۆژئاوا دڵنیا نییە كێ پاش ئەسەد دێت هەربۆیەیش دەستێوەردان ناكات، بەڕای تۆ تاچەند ئەو هەڵوێستەی جیهان لەبەرامبەر سوریا، جیهانی عەرەبی لەبارەی دیموكراسییەت بێئومێد كردووە؟**

- پێش هەموو شت ڕۆژئاوا دوو دڵە بەرامبەر بە ئاییندەی سوریا، هەر بۆیە ئەگەر لێیان بپرسین بۆ دەستێوەردان ناكەن، لەوەڵامدا دەڵێن هاوكاریمان كردون، من لەوە بەئاگام كە هەندێك دەستێوەردان ئەنجامدراوە، دەزانم كە ئەمریكا و ئەڵمانیا زانیاریی هەواڵگرییان بۆ چەكدارانی سوپای ئازادی سوریا دابینكردووە، هەربۆیە ناتوانین بڵێین كە دەستێوەردان نەبووە، بەڵام ئەگەر لێم بپرسن كە بۆچی دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی زیاتر ئەنجام نادرێت، لێرەیشدا پێویستە دیاریی بكەن مەبەستان كام وڵاتە لە وڵاتانی عەرەبی كە دووچاری بێئومێدی بووە لەمڕووەوە، لەبەرئەوەی من پێموایە كە هەر یەك لە وڵاتەكان لە گۆشەیەكی تایبەت بە خۆیەوە سەیری ئاڕاستەی شۆڕشەكەی سوریا دەكات، بۆیە ئەگەر پرسیار ئاڕاستەبكەن بۆنموونە لە عەرەبستانی سعودیە یان لە عێراق یان لە ڕۆژئاوا یانیش لە میسر و لێیان بپرسن هیوا دەخوازن ئەنجامەكانی شۆڕشەكەی سوریا چی بێت، ئەوە هەر یەك لەو وڵاتانە وەڵامێكی جیاوازتان پێ دەبەخشێت، هەربۆیە هۆكارەكانی پشت ئەوەی كە ڕۆژئاوا دەستێوەردانی زیاتر ئەنجام نادات لەلایەنێكەوە بۆ ئەو خاڵە دەگەڕێتەوە كە ئێوە ئاماژەتان پێكرد كە ڕۆژئاوا نازانێت ئەنجامەكانی كەیسەكەی سوریا چی دەبێت، بەڵام زیاتر هۆكارەكان دەگەڕێتەوە بۆئەوەی كە ئەوان دەزانن دەستێوەردان ئاكامی خراپی لێدەكەوێتەوە و دەستێوەردانی سەربازی بڕە تێچوونێكی قورسی دەوێت، هەڵبەتە لەنێو هەموو كەیسەكاندا سوریا هەرە شێواوترین كەیسە لە ناوچەكە و بۆیە هەتا خودی خەڵكی سوریا بەخۆیان واقیعی نەبن و ئامانجەكانیان دەستنیشان نەكەن و كارنەكەن بۆ وەدیهێنانی، ئەوە بەڕای من بارودۆخەكە هەر بەم شێوەیە بە پشێوی و گێلەشێواوی بەردەوام دەبێت، هەرچەندە سوریا هەرە نالەبارترین كەیسە لە ناوچەكە، بەڵام وێڕای ئەوەیش تەنانەت لە سوریا-یش هێڵێكی باریك لە ئومێد هەیە بەوپێیەی كە هاوپەیمانی دژەئەسەد خۆی بەرفراوانتر كردووە و ئەمەیش نیشانەیەكی باشە، هەرچەندیش من لە پێگەیەك نیم بۆئەوەی حوكم لەسەر ئەمە بكەم، بەڵام بەڕای من ئەو هاوپەیمانێتییە هێشتا بەپێی پێویست بەرفراوان نییە، لەوانەیە هەڵە بم، بەڵام پێموایە ئەو هاوپەیمانێتییە هێشتا نەیتوانیوە هەموو ئەو لایەنانە لەخۆبگرێت كە لەدژی ئەسەدن، پێموایە جارێ ئەو شتە ڕووینەداوە، بۆیە ئەگەر توانییان هاوپەیمانێتییەك پێكبێنن كە یەكگرتوو بێت، هەر بۆ نموونە بە هاوشێوەی میسر كە لەدژی موبارەك ئەنجامیاندا، تەنانەت تا ئەو دواییانەیش پاش ڕووخانی موبارەك، ئۆپۆزسیۆن تەنیا لەدژی موبارەك بوو و جگە لەوە هیچ شتێكی تری نەدەویست، بەڵام پاش ڕووخانی موبارەك ناكۆكی و جیابوونەوە زۆر بە ڕوونی لەنێوانیاندا دەركەوت، ڕاستە ئەوە بەشێك بوو لە پشێوییەكانی دیموكراسیەت، بەڵام وێڕای

ئەوەیش پێموایە کە میسر ڕێچکەیەکی دروستی گرتووەتەبەر، لەکاتێکدا سوریا جارێ ڕێچکەی دروستی نەگرتووەتەبەر، بەڵکو زیاتر لە هەنگاونانە بەرەو توندوتیژیی زیاتر و تیرۆریزمی زیاتر لەلایەن هەردووك لا، هەروەها کاریگەریی پارتە ئایینییەکان لەسەر شۆڕشەکەی سوریا لە هەڵکشاندایە و کاریگەرییەکانیان زیاتر نێگەتیڤە لەوەی پۆزەتیڤ بێت، دووبارەی دەکەمەوە و دەڵێم کە بارودۆخی سوریا لە بارێکی شێواودایە و هەتا هەڵوێستێك لە سوریا نەیەتەوەکایەوە بۆ لەخۆگرتنی هەموو لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن لە هاوپەیمانێتییەکە کە هەموویان خاوەن یەك تێڕوانین بن لەڕووی بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی کە هەموو گرووپە جیاوازەکان بە یەکسانی لەخۆبگرێت و هەموان کاربکەن بۆ بەرز ڕاگرتنی دیموکراسییەت و سەروەریی یاسا، تا ئەو شتە نەیەتەدی ئەوە بەڕای من کەیسەکەی سوریا هیچ بەرەوپێشەوەچوونێك بەخۆیەوە نابینێت.

**کاریگەریی پارتە ئایینییەکان لەسەر شۆڕشەکەی سوریا لە هەڵکشاندایە و کاریگەرییەکانیان زیاتر نێگەتیڤە لەوەی پۆزەتیڤ بێت**

*** ئامانجی ئەمریکا چەسپاندنی دیموکراسییەت بوو لە عێراق، بەڵام پاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق خەریکە عێراق دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ دیکتاتۆرییەتی سەربازی، بەڕای تۆ ئایا شکستی ئەمریکا لە عێراق هۆکارە لەپشت ئەوەی کە ئەمریکا لە جاران کەمتر دەستێوەردان دەکات؟**

- بەڵێ، بەپێی تێگەیشتنم ئەمڕۆ ئەمریکا بەتەواوەتی فێربووە لە وانەکانی ئەزموونەکەی لە عێراق، لەمیانی ئەزموونەکەیدا لە عێراق بۆ ئەمریکا دەرکەوت کە کۆمەڵگەی عەرەبی شیعەی عێراقی زیاتر دۆستی ئێرانە لەو ڕژێمەی پێشووتری کە لادرا، هەربۆیە ناتوانین ئەوە بڵێین کە دەستێوەردانەکەی ئەمریکا لە عێراق لەڕووی بونیادی دیموکراسییەت سەرکەوتوو بووە، بەڵام بەڕای من ئەو شکستە ئەمریکای بێزارنەکردووە، بەڵکو ئەوەی کە بەڕاستی ئەمریکای بێزار کردووە ئەو ڕاستییەیە کە ئەمڕۆ حکومەتی عێراق زیاتر لایەنگری ئێرانن، بەڵام لەهەموو حاڵەتەکاندا تەنانەت گەر لەڕووی هەوڵدان بوو بۆ بونیادنانی دیموکراسییەت یاخود لەڕووی ئاکامەکانی جیۆپۆلێتیك ئەوە لەهەردووك لە حاڵەتەکاندا ئەمریکا ئەو دەستێوەردانەی لە عێراق بە شکست دەژمێرێت و ئەو شکستەیش وریای دەکاتەوە و هۆکارێکە لەپشت ئەوەی کە نایەوێ دەستێوەردان لە کەیسەکەی سوریا بکات.

*** چاودێران پێیانوایە ئیسلام ئایینێکە کە دەتوانێت لەگەڵ دیموکراسییەت بگونجێت، بەڵام کاتێك کە ئیسلام دەبێت بە ئایدیۆلۆژیا و پرەنسیپی پارتی سیاسی، ئەوە لەگەڵ دیموکراسییەت ناگونجێت. بەڕای تۆ تاچەند پێشبینی لە پارتە سیاسییەکانی وڵاتانی عەرەبی دەکرێ بتوانن کەلتوری دیموکراسی بونیاد بنێن؟**

- دەمەوێ بەوریاییەوە وەڵامی ئەم پرسیارەتان بدەمەوە لەبەرئەوەی لەوانەیە وەڵامەکەم تووشی سەرسوڕمانتان بکات، هەرچەندە من لەگەڵ سەرەتای پرسیارەکەتان هاوڕام و منیش پێموایە هەر پارتێکی سیاسی کە خۆی لە پێگەیەك بزانێت بۆ شیکردنەوەی ئایین و پیادەکردنی لەسەر کۆمەڵگە ئەوە لەکۆتاییدا دەبێتە پارتێکی دژە دیموکراسی، بەڵام لەهەمان کاتیشدا بەڕای من ئەوە ڕەفتارێکی نادیموکراسییە کە ڕێگە لە پارتە سیاسییەکان بگرن لەڕووی ململانێ و رکابەرێتی، بەڕای من پێویستە لە کۆمەڵگەدا ڕێگە بە هەموو پارتە سیاسییەکان بدەن بۆئەوەی لە هەڵبژاردنەکاندا رکابەریی یەکتری بکەن، ئەوکات لەوانەیە لەمەودایەکی کورتدا چەند کێشە و گرفتێکی کورتخایەن بێتەکایەوە بەڵام لەمەودایەکی دووردا ئەوە یان ئەوەیە ئەو پارتە سیاسییانە شکست بەدەست دێنن یاخود ئەوەیە ڕێچکەی دیموکراسی دەگرنەبەر، دووبارەی دەکەمەوە و ئاماژە بە مێژووی بەریتانیا دەکەم، سەردەمێکی زۆر بەناوبانگ لە مێژووی بەریتانیا هەیە کە بزاوێك هەبوو بەرەو ئاڕاستەکانی دیموکراسییەت پێی دەووترێت سەردەمی کرۆمویڵ کاتێك پارتێکی زۆر ئایینی لەژێر سەرکردایەتیی ئۆلیڤەر کرۆمویڵ کە بەرهەڵستکارییکرد لەدژی ڕژێمی شاهانە و سیستەمێکی کۆماریی دامەزراند، بەڵام ئەو کۆمارە تاڕادەیەکی یەکجار زۆر ستەمدار و سەرکوتکار و ئایینی بوو، ئەوە سەردەمێکی کاتی بوو کە بەریتانیا پێی تێپەڕی و ئەوەبوو لەئاکامدا خەڵکی بەریتانیا هەستیان بە مەترسییەکانی ئەو سیستەمە سیاسییە و ئەو پارتە کرد و هەربۆیەیش ئەو پارتە سیاسییە لەو ڕۆژەوە نەیتوانی دووبارە حکومڕانیی بەریتانیا بکات، بەهەرحاڵ باوەڕناکەم چیتر هیچ دەرفەتێك هەبێت بۆ سەرهەڵدانی ئەو جۆرە پارتە سیاسییانە نە لە بەریتانیا و نەیش لە ئەڵمانیا، ڕاستە پارتی کرستیانی دیموکرات هەیە، بەڵام پارتی کرستیانی دیموکرات چەند کرستیانە بەقەد ئەوەندە دیموکراتە و کەس وەکو هەڕەشەیەك سەیری ناکات، دووبارەی دەکەمەوە و بەوریاییەوە وەڵام دەدەمەوە و دەڵێم من ئەو جۆرە هەڕەشانە بە کەم نازانم، بەڵام پێموایە کە مەترسییەکان کاتییە و تەنیا بۆ ماوەیەکی کورتخایەنە و بەڕای من مەترسییە گەورەکە لەوەدایە کە هەوڵدان هەبێت بۆ داخستن و ڕێگەگرتن و دوورخستنەوەی هەندێك پارتی سیاسی لەسەر بنەمای گومان و بە بیانووی ئەوەی کە گوایە ئەو پارتە سیاسییانە ئەجێندا و ڕەفتاری نێگەتیڤیان هەیە و هەڕەشەن لەسەر دیموکراسییەت، بینیمان ئەو شتە لە میسر کرابوو بە بیانویەك و قەدەغەکرابوو پارتە سیاسییە ئاینییەکان بەشدار بن لە هەڵبژاردنەکان و ئەو شتەیش ڕێگەی بە موبارەك دا بۆ چەندین دەیە لە دەسەڵات بمێنێتەوە، ئەمڕۆیش هەرچەندە پارتی ئازادی و داد پارتێکی ئایینییە لە کرۆکدا، بەڵام وێڕای ئەوەیش پێدەچێ دیموکراسییەت لە میسر، کە هەرچەندە پشێوی و گێلەشێواویی تێدایە، بەڵام لە کۆششە بۆ سەرهەڵدان.

**ئەگەر ئاوڕێك لە مێژووی ڕۆژئاوا بدەینەوە و سەیری ئەزموونی دیموکراسییان بکەین، دەبینین دیموکراتی کاتی دەوێت و لەهەمانکاتدا دیموکراتی پشێوی لەگەڵ خۆی دەهێنێت**

*** تاچەند پێشبینی دەکرێت لە پارتە سیاسییە ئیسلامییەکانی جیهانی عەرەبی کە ئەوانیش بتوانن وەکو AK پارتی تورکیا مومارەسەی سیاسەت بکەن؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر باشە و من بەتەواوەتی لەگەڵتان هاوڕام، بەڕای من سوودەکانی پارتی داد و گەشەپێدان بۆ تورکیا زیاترە لە زیانەکانی، پارتی داد و گەشەپێدان کامڵ نییە، هەڵبەتە هیچ پارتێکی سیاسی لە دامەزراوەی مرۆییدا کامڵ نییە، بۆیە ئەو هەنگاوانەی پارتی داد و گەشەپێدان لەتورکیا بۆ چاکسازی هەڵیاندەگرێت، هەمووی بۆ ئەو پارتە ناگەڕێتەوە، بەڵکو لەو وڵاتە پارتی دیکەش و چالاکوانانی ناو پارتە سیاسیەکانی دیکەش بەردەوام گوشار دەخەنە سەر پارتی دادو گەشە پێدان بۆ ئەوەی دژی گەندەڵی رابوەستێت و لە چاکسازی بەردەوام بێت، وەڵامدانەوەی پارتی دادو گەشەپێدان ئیجابیە و دەیەوێت لەچوارچێوەی دیموکراتی ئەو کارە ئەنجامبدرێت، بەڵام پێویستە حکومەتی تورکیا زیاتر ڕێز لەمافەکانی مرۆڤ و ڕێز لە مافی کەمینەکانیش بگرێت.

# کۆنفرەنسی دۆحەو کورد و حکومەتی کاتیی

هەفتەی رابردوو فراوانترین چەتری کۆکەرەوەی گروپەکانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا بەناوی ((ئیئتیلافی نیشتمانیی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن و شۆڕش)) لە دۆحەی پایتەختی قەتەر پێك هات. وەك چاوەڕوان دەکرا، ئەنجومەنی نیشتمانیی سوریا کە زۆرتر لە تورکیاوە نزیکەو تا پێش بەستنی کۆنفرەنسی دۆحە، خۆی بەگەورەترین و کاریگەرترین گروپی ئۆپۆزیسیۆن دادەنا، نارەزاییەکی زۆری بۆ فراوان کردنی چەتری ئۆپۆزسیۆن دەربڕی، بەڵام لەبەرەنجامی کۆتاییدا هیچی لە دەست نەهات و بەنابەدڵی رەزامەندیی نیشاندا.

دەشێت پێکهێنانی ئیئتیلافی نیشتمانی رەنگدانەوەی ئەجیندای ئەمریکا-کەنداو بێ بۆ سنوور دانان بۆ رادەی دەستێوەردانی تورکیا لەکاروباری ناوخۆی سوریا. هەروەها دەشێ ئەمە واوەتر بڕواو بگاتە رادەی هەوڵدانی لێبڕاوانە بۆ کزکردنی رۆڵی تورکیا لە دیاریکردنی ئایندەی سوریا.


کۆنفرەنسەکە لەبنەڕەتدا بەهەماهەنگیی ئەمریکاو سعودیە بەستراو ئیئتیلافەکەش لەسەر بنەمای ئەو دەستپێشخەرییە پێك هات کە ریاز سێف بە پشتگیریی واشنتن و چەند دەوڵەتێکی تر پێشکەشی کردبوو. پێش بەستنی کۆنفرەنسەکەش بەماوەیەکی کەم، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا هیلاری کلنتۆن رایگەیاندبوو کە ئۆپۆزیسیۆنی سوریا پێویستی بە چەترێکی فراوانتر لە ئەنجومەنی نیشتمانیی سوریا هەیە. بەکردەوەش، کۆنفرەنسەکە ناوەڕۆکی لێدوانەکەی کلنتۆنی بەرجەستە کرد.

ئیئتیلافەکە مەعاز خەتیبی بە سەرۆك هەڵبژارد کە بەرەچەڵەك دەچێتەوە سەر سوننەکان. دەشێت ئەمەش ئاماژەیەکی گرنگ بێ بۆ دەرکەوتنی یەکێ لە گرنگترین روخسارەکانی سوریای ئایندە کە تێیدا دەسەڵات بۆ سوننەکان دەگەڕێتەوە. لە بەرامبەردا، ئەنجومەنی نیشتمانیی سوریا جۆرج سەبرای مەسیحیی لە جێی عەبدولباست سەیدای کورد بە سەرۆك هەڵبژارد. ئەگەرچی سەیدا لەناو کوردی سوریا ئەوەندەی لەسەر سوریا دەژمێردرێت ئەوەندە لەسەر کورد ناژمێردرێت، بەڵام گۆڕینی بە سەبرا، دەشێ ئاماژەیەك بێ بۆ پاشەکشەی رۆڵی کورد لە پێکهاتەی ئۆپۆزیسیۆندا. بەشێوەیەکی گشتی، کورد رۆڵێکی دیاری لەکۆنفرەنسی دۆحەدا نەبوو. لە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی سوریا سێ ئەندام بەشدار بوون کە ئەوەندەی نوێنەرایەتیی حزبەکانی خۆیان کردووە، ئەوەندە نوێنەرایەتیی ئەنجومەنیان نەکردووە. ئەگەرچی کۆنفرەنسەکە هیچ تێڕوانینێکی دژ بەبوون و مافەکانی کورد دەرنەبڕی، بەڵام لە بەرامبەردا هیچ پڕۆژەیەکی بۆ ئۆتۆنۆمیی کورد و شێوەی بەرجەستەکردنی مافەکانی کورد پێشکەش نەکرد. نوێنەرە کوردەکانیش مەسەلەی ئۆتۆنۆمییان نەوروژاندو زۆرتر جەختیان کردە سەر ئەوەی کە پێویستە رێژەی ١٥٪ی دەزگاو ئەنجومەنەکان بۆ کورد بێ و جێگری سەرۆکی ئیئتیلافەکەش کورد بێ کە پێدەچێت ئەم پێشنیارەش زۆر بەهەند وەرنەگیرا بێ.

سەرەڕای ئەوەی کەکورد لەکۆنفرەنسی دۆحە زۆر دەستکەوتی بەدەست نەهێناوە، بەڵام پشتیوانیی تەواوی رۆژئاوا لە ئیئتیلافە تازەکەی ئۆپۆزیسیۆن دەرفەتێکی باشتر بۆ روخانی رژێمی ئەسەد پێکدێنێ کە ئەمەش بۆ کوردی سوریا دەستکەوتێکی ستراتیجی دەبێ.

داننانی خێرای دەوڵەتانی کەنداوو فەرەنسا بە ئیئتیلافی نیشتمانی، بەڵگەی ئەوەیە کە ئەجیندایەکی ئامادە هەیە کە پێدەچێت بەراگەیاندنی حکومەتێکی کاتی لە تاراوگە دەست پێ بکا. ئەوەی ئەمە ساغ دەکاتەوە. لێدوانەکەی سەرۆکی فەرەنسا فرانسوا هۆلاندە کەوتویەتی ئەگەر ئۆپۆزیسیۆن حکومەتێکی کاتی رابگەیەنێ، فەرەنسا دانی پێدا دەنێ و لە مەسەلەی چەکدارکردنی ئۆپۆزیسیۆنیش دەکۆڵێتەوە. ئەم لێدوانە لە ناوەڕۆکدا ئەگەری دەستێوەردانی دەرەکی بەدوور نازانێ.

داننان بە حکومەتی کاتیی ئۆپۆزیسیۆن بەمانای داخستنی باڵیۆزخانەکانی سوریا دێ و ئەگەر مەسەلەکە زۆر پەرە بسەنێ، رەنگە بگاتە رادەی پێشکەش کردنی کورسیی سوریا لە نەتەوە یەکگرتووەکان بە حکومەتە کاتییەکە. مامەڵەی جیهان لەگەڵ حکومەتی کاتیی سوریا وەك حکومەتێکی شەرعی، بەو مانایە دێ کە ئەم حکومەتە دەتوانێ داوای کۆمەك و چەك لەکۆمەڵی نێودەوڵەتی بکا. ئەگەر ئەم سیناریۆیە بەو جۆرە بێتە دی کە ئەجیندای بۆ دانراوە، دەشێ تەمەنی رژێمی ئەسەد لەوە کورتتر بێت کە پێشبینی دەکرا.



فەرید ئەسەسەرد
بۆ گوڵان نووسیویتی

# سیاسەتی خافڵاندن لە (سەری کانیێ)وە بۆ دەوحە

د. سەربەست نەبی
تایبەت بۆ گوڵانی دەنووسێت



گەورەترین خیانەت کە ئێستا لە مێژووی کورددا دەکرێت ئامانجی ئەوەیە، لە سوریا کۆتایی بە دۆزی کورد بهێنێت و بە تەواوی لەناوی ببات، لەسایەی ئەو بێدەنگییە نەتەوەییە گومانلێکراوەدا، شاندی کورد لە دەوحە ئەگەر ئازایەتی و پابەندبوونی سیاسیی هەبووایە،یان غیرەتێکی راستەقینەی هەبووایە دەربارەی ئاییندەی دۆزی گەلەکەی، ئەگەر بەم شێوە شەرمەزاری و گاڵتەپێکردنەوە ئامادەی کۆنگرەکان نەبووایە، دەبوو زۆر ئازایانەو بە ئاشکرا لە کۆنگرەکە کشابایەوە وەك نارەزاییەك بەرامبەر بێدەنگیی ئۆپۆزسیۆنی سوریا لە هەمبەر ئەوەی کە لە سەری کانیێ و شوێنەکانی دیکەدا ڕوودەدات.

حزبی(ب ی د) و هێزەکانی بەرگری میللی زیاتر لە لایەنی دیکە داوایان لێدەکرێت و بەرپرسن کە روونکردنەوەیەك بدەن لەسەر هەڵکوتانە سەر سەری کانیێ لەلایەن سوپای ئازادەوە، چونکە وا بە ئاسانی پشتمان نەبەستووەو پشتیش نابەستین بە هیچ ڕۆڵێکی(خوا لێی خۆشبێت) ئەنجومەنی کوردی،ئەوەی ئێستا لە ناوچە کوردییەکان، لە شارو شارۆچکەو گوندەکان، هەر یەکێك بێت، چەك هەڵدەگرێت، پێویستە لەسەری بە تایبەتی لە ئێستادا پارێزگارییان لێبکات دژی هەموو هێرشێکی ناحەز و دوژمنانی دۆزی کورد بە هەموو توانایەکیانەوەو بێ دوودڵی،جا لەهەر لایەکەوە بێن،ئەگەر ئەمە نەکات ئەوا پێویستە چەك دابنێت،لە جیاتی چەك کەمانچەیەك بخاتە ژێر باڵیەوەو بە گوندە وێرانەکانی کورددا بسوورێتەوەو سروودی بەزینیان بۆ بچرێت.

هەر لە کۆنەوە ناپلیۆن بۆناپارت گوتوویەتی: (دەتوانین هەموو شتێك بە سەرەڕم بکەین بەڵام ناتوانین لەسەری دابنیشین) سەبارەت بە کوردیش ئەم کارەو ئەرکی سەرەڕم لەم قۆناغە هەستیارەی مێژوودا جیاوازە،چونکە ئەگەر لە پێناو بەرگری کردن لە چارەنووس و ئاییندە بەکارنەیەت،ئەوا

**ئەوەی جێگەی نائومێدییە ئەوەیە کە گشت شۆڕشی گەلان کەڵەپیاوی بەرزی مێژووییان بەرهەمهێناوە بەڵام شۆڕشی گەلی کوردمان لە سوریا تا ئێستا ئەو جۆرە پیاوە مێژووییەی تێدا هەڵنەکەوتووە**

هیچ لەبەردەم هەڵگرەکەی نامێنێتەوە مەگەر بە زۆری لەسەری دابنیشێت.

ئـــەو گەلەی هـــەر ڕۆژێك شـــەڕێك نەکات لە پێناو ئازادی،ئـــەوا هەرگیز شـــایەنی ئازادی نییە، بەڵکو شـــایەنی کۆیلایەتی هەمیشـــەییە، هەروەها ئەو گەلەی هەر ڕۆژێك شەڕێك نەکات لـــە پێناوبوونی خۆی و خاکەکەیدا مافی ئەوەی نییە بڵێت ئەمـــە خاکەکەی منە،گەلانێکی زۆر لە خاکەکەی خۆیان ڕیشەکێشکران و خاکەکەیان داگیرکـــراو درا بە خەڵکانی دیکـــە هەر لەبەر ئەوەی لەگەڵ داگیرکـــەران لە ژێر بروبیانووی زۆرەوە سازشیان کردووە، لەوە مەترسیدارتر ئەوەیە کە (ســـەری کانییێ) ببێتە ســـەرەتای دارِمانی تەواوی دۆزی کورد لە سوریاو هێرشی بەکۆمەڵی (بیابانشینە ڕەگەزپەرســـتەکان)و سەلەفییەکان بۆ سەر (سەری کانییێ) ســـەرەتای گەورەترین شکســـتی نەتەوەیی لە مێـــژووی هاوچەرخی کـــورددا تۆماربکرێـــت، ئەوەی لە ئەشـــرەفیەو قەســـتەڵ ڕوویاندا تاقیکردنەوەیەکی کەرامەتی کوردایەتـــی بوو بۆ هەمووان کـــە زۆریان تێیدا دەرنەچوون و زۆر لە کەرامەتی خۆمانمان لەدەست دا،ئەمرۆش ئەوەندەی لە کەرامەتمان ماوەتەوە لە سەری کانییێ وا خەریکە بە خۆڕایی لەبەرامبەر کوشتاری کەسانی دیکە دەیدۆڕێنین،لە ئێستاشدا دوای ئـــەو ڕووداوانە ئەوەی تا ئێســـتا پەندی وەرنەگرت و تێنەگەیشـــت، ئەوا هەرگیز درکی پێناکات،ئەوانـــەی تەقەیان لە خۆپیشـــاندەرانی سڤیل کرد لە گەڕەکی ئەشرەفیەی حەلەب ئەوانە بکوژو تیرۆریست بوون، هیچ جیاوازییان لەگەڵ ڕژێمی ستەمکاردا نییە، ئەوانەشی کە پاکانەیان بۆ ئەو تاوانبارانە هێنایەوە بێگومان بەشـــدارییان لە تاوانەکەدا کردووە،هەروەها ئەو حزب و گرووپە کوردییانەو ئەو دەســـتە سیاســـییانەی بەرامبەر ئەم تاوانـــە بێدەنگ بوون ئەوا خیانەتیان لەگەڵ خوێنی قوربانییەکانی کورددا کردووە، لە هەمان کاتیشـــدا بـــەو بێدەنگییە پڕ لە شـــەرمەزارییە ڕێگایـــان بۆ ژێر پێـــی داگیرکەرانی ســـەری کانییێ خۆشـــکرد،هێزە سیاســـییەکانی کوردی و گرووپەکان دەستەوەســـتانن، ئەم قسەیە ئەوانە دەگرێتەوە کـــە لەهەمبەر ئەو تیرۆرو تۆقاندنەی گەلەکەمان لەحەلەب و قەستەڵ جندۆ دووچاری بوونەتەوە،بێدەنگـــی دەنوێنن. ئەو داگیرکەرانەی کە شورەی شـــارەکانمانیان بەزاندو بەنێو گوندو ئاواییەکاندا وەربوون و گیانی هاووڵاتیانیان کردە ســـووتماك،ئەم هەمـــوو ڕووداوە ویژدانی لایەنە کوردییەکانی نەهەژانـــد، ئەم بێدەنگییە لە پای چی؟دوای ئەوەی تیرۆریســـتان و کەتیبەکانی نەتەوەپەرســـت و ســـەلەفییەکان ئەم تاوانانەیان ئەنجامـــدا بـــە هاوکاریـــی و هەلهەلەی چەند لایەنێکی کوردی،کە لایان ئاسایی بوو پێشوازی لە هێرش و ئاڵای داگیرکەران (بەعســـییەکانی دوێنێ و تێکۆشەرانی ئەمڕۆ) بکەن،بۆیە ئەوانە پاســـاوی بێدەنگیی حزبیی خۆیـــان بە بیانووی سیاسی پڕوپووچ دەهێننەوە و بەدوای ڕێگەچارەی غەیرە نەتەوەیی کەوتوون و دەیانەوێت ســـەرنجی ڕای گشـــتی بەرەو کێشـــەی قەڵـــپ پەلکێش بکەن و تێڕوانینی خەڵکەکە لە ئاســـت کێشـــە ڕاستەقینییەکان و تەحەددییە چارەنووسسازەکان بـــە لاڕێدا ببەن، تاکو داگیرکەران لە دەرفەتێکدا هێرشـــمان بکەنەسەر و شارو شـــارۆچکەکانمان داگیر بکەن و کەسێك نەبێت بەریان پێ بگرێت.

مەبەستی سەرەکی لە پشت ســـتراتیژییەکانی خافڵاندنـــی سیاســـی لە شـــەقامی کوردیدا ئەوەبـــوو کاردانەوەیەکی لاســـەنگ لای خەڵك دروســـت بکەن و پاڵیان بنێن تا بە مەرام و پلانە گڵاوەکانیان قایل بن،کە ئەوان هەرگیز پەسندی ناکەن بەبێ سەپاندنی ئەو بارودۆخە یان مەرجە سیاســـی و کۆمەڵایەتییە دروستکراوەکان، بۆیە هێزە سیاسییەکانی کورد توانیان سەرکەون و لەم ڕووەوە شـــەقامی کوردیان قایل کرد پێشوازی لـــەم گرووپەچەکدارانە بکەن، لـــە کاتێکدا کە هـــەر ئەوانەن بە نێو گوندەکانی کورد وەردەبن و هاووڵاتیانی سڤیلی کورد دەڕفێنن.

شـــەڕی چارەنووس لێرەدایەو لێرەوەش دەســـت پێدەکات،لە ســـەری کانییێ کە بەتەنیا بەرگری لەخۆی دەکات دژی پەلاماری سەرســـەخترین دوژمـــن بە ئایینـــدەی کـــورد، ئـــا لێرەدایە تاقیکردنـــەوەی مەزنـــی شـــەرعییەتی مافە مێژوویـــی و نەتەوەییەکانمان، لێرەدا شـــایەنیی مێژووییمان بە ئازادی و یەکسانی دەردەکەوێت وەکو گەل و دۆز، ویژدانی هاوبەشیی نەتەوەیی شـــەقامی کـــوردی کەمتەرخەم نەبـــووە هەتا وەفاداربێت بەرامبەر ئـــەو ئامۆژگارییەی کە کاتی بەســـەرچووە کە دەڵێت (دەبێت سیاسەت بـــۆ سیاســـەتکاران جێبێڵیـــن)، خاوەنانی ئەو

**ئەو گەلەی هەر ڕۆژێك شەڕێك نەکات لە پێناو ئازادی،ئەوا هەرگیز شایەنی ئازادی نییە،بەڵکو شایەنی کۆیلایەتی هەمیشەییە. هەروەها ئەو گەلەی هەر ڕۆژێك شەڕێك نەکات لە پێناوبوونی خۆی و خاکەکەیدا مافی ئەوەی نییە بڵێت ئەمە خاکەکەی منە**

**مەبەستی سەرەکی لە پشت ستراتیژییەکانی خافڵاندنی سیاسی لە شەقامی کوردیدا ئەوەبوو کاردانەوەیەکی لاسەنگ لای خەڵك دروست بکەن و پاڵیان بنێن تا بە مەرام و پلانە گڵاوەکانیان قایل بن**

ئامۆژگارییـــە یەکەم کەس بـــوون لە یەکەمین ڕووبەڕووبوونەوەی چارەنووسسازی گەلەکەمان لە (ســـەری کانییێ)و شـــوێنی دیکـــە بەزین و هەڵاتن،بەڵـــێ ماوەیەکـــی کـــورت نەبوو کە شەقامی گشـــتی لە هەســـتی ڕەخنەگرانەی خـــۆی لـــە سیاســـەت و ڕەفتـــارەکان دابڕان، هاوشانی ئەمەش متمانەیەکی زۆری بە خودی خۆی لەدەســـت دا،ئەویش بە هۆی گاڵتەکردن بە داخوازی و مەیلەکانی و ڕاهێنانیان لەســـەر بەزۆر پەسندکردنی ڕێگەچارەی سیاسی، بەڵام لەبەرامبەر ئەمەشدا توانیویەتی لەئێستادا هۆش بێنێتەوە بەرخۆی و ڕێگەچارەکان هەڵبژێرێت.

دیـــارە ئازادییەکی ڕاســـتەقینە بۆ گەلەکەمان وەدینایەت و لە ســـوریای ئاییندەشدا یەکسانی پێنابڕێت ئەگەر بێتو بەڕاشـــکاوی داننەنێین بە هەڵە سیاســـییەکانمان،لە هەمان کاتیشدا دەبێت ئیرادەمان لەئاست بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانمان یەکبخەین،چونکە وەك دەبینین سیاسەتمەداری بچووك و هەلپەرستان ویست و ئیرادەی میللەتیان زەوتکردووەو چارەنووسی پێشـــێل دەکەن،ئەوانە تەنیا ســـەرکەوتنی خۆیان مەبەســـت بووە و تا ئێســـتاش باجەکە زۆر گران لەسەر گەلەکەمان وەستاوە،ئەوەی جێگەی نائومێدییە بۆ هەمووان ئەوەیە کە گشت شۆڕشـــی گەلان کەڵەپیاوی بەرزی مێژووییان بەرهەمهێناوە، جەوهەری ئەم کارە لەوەدایە کە پیاوانی سیاســـەت لە ســـوریا ڕانەهاتوون لەسەر گێڕانی هیچ ڕۆڵێکی باڵای مێژوویی، ئەوان پێویستیان بە بڕوابەخۆبوون هەیە تـــا ئەو ڕۆڵە بگێڕن، بۆیە زۆر جار دەبینین کە بەوە قایـــل دەبن ڕۆڵێکی پەراوێزخراوی لاوەکی بگێڕن ئەو ڕۆڵـــەی کە هەروەکو دەڵێن لەپیاوان بوەشێتەوە،هەندێ جاریش دەبینین بێ شەرمانە لەســـەر مێزی ئۆپۆزسیۆنی سوریا کۆ دەبنەوە، گەلان زۆرجار بە ئاســـانی فێڵیـــان لێدەکرێت، گەلەکەشمان لەم قۆناغەدا زیاتر لە قۆناغەکانی دیکـــە لەلایەن سیاســـییەکانیانەوە فێڵیان لێکرا بەڵام ترســـەکە لەوەدایە کـــە فێڵ لێکردنی ئەم جارە خۆکوشتنێکی مێژوویی بێت.

# پشتیوانیی واشنتۆن بۆ خەونە ئیقلیمیەکانی تورکیا

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

پرۆفیسۆر تید گەلن کارپێنتەر*



یەکێك لە لایەنە زەقەکانی شەڕی ناوخۆی سوریا پشتیوانی بەهێزی ئیدارەی ئۆبامایە لە هەڵوێستی تورکیا لە ئاست شەڕەکەدا. چونکە لە ڕاستیدا هەر کاتێك ڕووداوێکی سەربازی لەسەر سنوری سوریا-تورکیا ڕوویدابێت، واشنتۆن ئۆباڵی کێشەکەی خستۆتە ئەستۆی دیمەشق، تەنانەت کاتێك ڕاستیە بنیچینەییەکانیش ناڕۆشن بن. هەروەها بەرپرسانی ئەمریکا ستایشی تورکیایان کردووە بۆ فەراهەمکردنی نەوایەکی ئارام بۆ ئاوارەکانی سوریا و بە بێدەنگی پشتیوانی لە هاوکاریکردنی لۆجیستیی تورکیای کردووە بۆ سوپای ئازادی بەرهەڵستکار سوریا.

لە ڕاستیدا، راپۆرتگەلێکی جێی باوەڕپێکردن هەن کە باس لەوە دەکەن ئەمەریکا لە ڕێی تورکیاوە هاوکاری بۆ سوپای ئازادی بەرهەڵستکار سوریا دابین دەکات

بە ڕەچاوکردنی ئەو گرژییەی لەم ساڵانەی دواییدا لە پێوەندییەکانی ئەمریکا و تورکیادا هەبوو، ئەوا پشتیوانیی بەرچاو و دیاری واشنتۆن بۆ ئەنکەرە پەیوەست بە شەڕی سوریاوە، جێی سەرسوڕمانی زۆر لە چاودێران بوو. لە دوای ئازادکردنی عیراقەوە لە ساڵی ٢٠٠٣ بە سەرکردایەتی ئەمەریکا، جیاوازی و ناکۆکییەکان دووبارە دەبوونەوە و زۆرجار فۆرمێکی توند و زبرییشیان وەردەگرت لە ئاست ئەوەی چ سیاسەتێك لە بەرامبەر عیراقدا پیادە بکرێت.

ڕێگەنەدانی حکومەتی تورکیا لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٣ەوە بە هێزە هاوپەیمانەکان بۆ ئەوەی «بەرەی باکوور» بکەنەوە لە دژی سەددام حوسێن تووڕەییەکی زۆری لە نێو سەرکردە سیاسی و سەربازییەکانی ئەمەریکادا دروست کرد. زۆرێك لەو سەرکردانە ئەم هاوکاری نەکردنەی تورکیایان وەك ناپاکی هاوپەیمانێکی ناتۆ لێکدایەوە.

هەر لەو کاتەوە گرژی و ئاڵۆزییەکان دووبارە دەبوونەوە، ئەویش بەهۆی ناکۆکییان لە ئاست ئەوەی چ سیاسەتێك بەرامبەر عێراق بگرنەبەر، بە تایبەتی کە تورکیا پێداگیری دەکرد لەسەر ئەنجامدانی هێرش و پەلامار لە باکووری عێراقدا لە دژی جەنگاوەرە بەرهەڵستکارەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان. هاوکاریی ئاشکرای سوپای تورکیا لەگەڵ هێزەکانی ئێراندا بۆ

ئەنجامدانی ئەم جۆرە چالاکییانە گومانیان لەلای واشنتۆن دروستکرد.

هەروەها پێوەندییە دووقۆڵییەکانی هەردوولا لەسەر پرس و بابەتی دیکە گرژی تێکەوت. هەوڵە هاوبەشەکانی ئەنکەرە لەگەڵ بەرازیل بۆ ئەوەی چارەسەرێکی مامناوەند بۆ پرسی ئەتۆمی ئێران بدۆزنەوە، کە ئەمە دەرچوونێکی ئاشکرا بوو لەو سیاسەتەی ئەمەریکا و هێزەکانی دیکەی ناتۆ — لە ئاست ئەم پرسەدا- پیادەیان دەکرد، بە رادەیەکی گەورە ئەمریکای بێزار کرد. هەروەها هەوڵی تورکیا بۆ گرێدانی پێوەندیی نزیکتر لەگەڵ رووسیادا هەمان دەرئەنجامی لێکەوتەوە، ئەو کارەی نەک هەر بووە هۆی قووڵکردنەوەی پێوەندییە ئابوورییەکان، بەڵکو بووە هۆی ئەوەی تورکیا بە توندی پشتیوانیکردن لە جۆرجیای پاڵپشتکراو لەلایەن ئەمریکا رەتبکاتەوە، کە ئەم وڵاتە لە ساڵی ٢٠٠٨دا لەگەڵ رووسیا لە شەردا بوو.لە سەروو هەموو ئەوانەوە گیروگرفتەکانی تورکیا لەگەڵ ئیسرائیلدا بووە هۆی دوورخستنەوەی گرووپگەلێکی سەرەکی- کە بە پێیان دەگوترێت گرووپەکانی بیرورا- لە ئەنقەرە.

ئەگەرچی قەیرانی سوریا سەریکێشا بۆ دروستبوونی هاوکارییەکی نزیک لە نێوان تورکیا و ئەمریکادا، بەڵام ئەم پێوەندییانە پێش ساڵێك لە هێرشکردنە سەر رژێمەکەی ئەسەد بەرەو باشبوون دەرۆیشتن. وردە وردە ئەنکەرە وەڕس دەبوو لە هەوڵەکەی بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵ ئێراندا، چونکە حکومەتی تاران ئامادەییەکی کەمی پیشاندا بۆ سازشکردن لەسەر پرسی مشتومڕ ئامێزی ئەتۆمی وڵاتەکەی، هاوکاریی ئێران دژی یاخیبوانی عیراق و رۆژهەڵاتی تورکیا بەرەو کەمبوونەوە دەچوو.

واشنتۆن سوودی لەو دەرفەتە نوێیە وەرگرت، ئەویش لە رێی پشتیوانیکردنی سیاسەتی ئەنکەرە لە ئاست چەند پرسێکدا، لە نێویاندا ئەندامێتیی تورکیا لە یەکێتیی ئەورووپادا.

ئەوەی روویدا تا رادەیەکی زۆر گەڕانەوە بوو بۆ دۆخی ئەو پێوەندیانەی پێشتر لە ئارادابوون، واتە پێش ئەوەی پێوەندییەکانیان لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٣دا پچڕانی تێبکەوێت. لە ساڵانی نەوەدەکان و چەند ساڵی سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا، واشنتۆن بە شێوەیەکی زمنی شێوە هەڵسوکەوتێکی گرتەبەر کە هەندێ لە شارەزایانی سیاسەتی دەرەکی پێی دەڵێن «سیاسەتی نوێی عوسمانی»، ئەمە ستراتیژییەتێك بوو بۆ پشتیوانیکردن لە تورکیا وەك هێزێکی پێشەنگ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشووری رۆژهەڵاتی ئەورووپا و بەشێکی زۆری ئاسیای ناوەڕاستدا.

ئەمە هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ پشتیوانیکردنی واشنتۆن لە هێزە موسڵمانەکان دژی سربیا لە بۆسنیا و کۆسۆڤۆدا. دارێژەرانی سیاسەت لە سەردەمی ئیدارەی کلینتۆندا و سەرەتای ئیدارەی بۆشدا وەك هێزێکی سەقامگیرکەر لە تورکیایان دەڕوانی، کە لە رێیەوە رۆژئاوا دەتوانێت هەژموونی خۆی بە سەرجەم ناوچەکە بگەیەنێت. ئامانجەکە، دووبارە دروستکردنەوەی-ئەگەرچی بە شێوەیەکی نافەرمیش بێت- ئیمپراتۆریەتی کۆنی عوسمانی بوو.

هاوکاریی چڕ وپڕی دوولایەنە لە ئاست سوریادا دەستپێکردنەوەی ئەو ستراتیژییەتەیە، ئەویش دوای نزیکەی دەیەیەك لە پچڕانی پێوەندییەکانیان. بەڵام ئەمە ستراتیژییەتێکی مەترسیدار و کورتبینانەیە بۆ ئەمەریکا. عەرەب، کورد و ئەرمەنی و خەڵکانی دیکە سۆز و پەرۆشیان نییە بۆ گەڕانەوە بۆ سەردەمی عوسمانییەکان، بەو پێیە هەر هەوڵێك بۆ زیندووکردنەوەی هەژموونی تورکیا رووبەڕووی رەتکردنەوە دەبێتەوە.

هەروەها ئەنکەرە ئەجێندای خۆی هەیە، کە —لە باشترین حاڵەتدا- بەیەکدادەچێت لەگەڵ ئامانجەکانی واشنتۆندا. بە تایبەتی کە پشتیوانیی تورکیا بۆ سوپای ئازادی سوریا بۆی هەیە بە ئاسانی سەربکێشێت بۆ لەبەریەکهەڵوەشاندنەوەی سوریا و بەهێزکردنی هێزە سیاسییە توندڕەوەکان. پەرەسەندنێکی لەم چەشنە نائارامی لێدەکەوێتەوە بۆ ناوچەکە، کە ئەمە مەسەلەیەکە ئەمەریکا دەیەوێت خۆی لێ لابدات. پشتیوانیکردن لە خەونە عوسمانییە نوێیەکان هەنگاوێکی ژیرانە نییە لە لایەن ئەمریکاوە.

***تویژەری باڵایە لە ئەنستیتوتی کاتۆ لە واشنتۆن دی.سی، نووسەری هەشت کتێبە لەبارەی کاروبارە نێودەوڵەتییەکانەوە و ئەندامی بۆردی گۆڤاری وەرزی مێدێرترینیانە.**

**راپۆرتگەلێکی جێی باوەڕپێکردن هەن کە باس لەوە دەکەن ئەمەریکا لە رێی تورکیاوە هاوکاری بۆ سوپای ئازادی بەرهەڵستکار سوریا دابین دەکات**

**هەوڵە هاوبەشەکانی ئەنکەرە لەگەڵ بەرازیل بۆ ئەوەی چارەسەرێکی مامناوەند بۆ پرسی ئەتۆمی ئێران بدۆزنەوە، کە ئەمە دەرچوونێکی ئاشکرا بوو لەو سیاسەتەی ئەمەریکا و هێزەکانی دیکەی ناتۆ — لە ئاست ئەم پرسەدا- پیادەیان دەکرد**

**لە ساڵانی نەوەدەکان و چەند ساڵی سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا، واشنتۆن بە شێوەیەکی زمنی شێوە هەڵسوکەوتێکی گرتەبەر کە هەندێ لە شارەزایانی سیاسەتی دەرەکی پێی دەڵێن «سیاسەتی نوێی عوسمانی»**

**دارێژەرانی سیاسەت لە سەردەمی ئیدارەی کلینتۆندا و سەرەتای ئیدارەی بۆشدا وەک هێزێکی سەقامگیرکەر لە تورکیایان دەڕوانی، کە لە رێیەوە رۆژئاوا دەتوانێت هەژموونی خۆی بە سەرجەم ناوچەکە بگەیەنێت**



## کەریم شەنگالی وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ (گوڵان):

# ڕێز لە ئیرادەی هاووڵاتیانمان دەگرین و کار بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هێزەکانی ناوخۆ دەکەین

پاراستنی هێمنی و ئاسایشی هاووڵاتیان و سەلامەتی ڕێگاوبانەکان و کەمکردنەوەی ڕووداو و نەهێشتنی تاوان؛ گرنگترین ئەو ئەرکانەن کە دەکەونە ئەستۆی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم، ئەمە جگە لەوەی ئەرکی بەڕێوەبردنی کارگێڕی و مەدەنیانەی قەزاو ناحیەکان و جێبەجێکردنی زۆربەی بەرنامەو پلانەکانی ژمارەیەك لەوەزارەتەکانیش دەکەوێتە ئەستۆی هێزەکانی ناوخۆ، هەربۆیە گرنگیدان بەبەرزکردنەوەی توانای کارمەندانی ئاسایش و پۆلیس و یەکە ئیدارییەکانی قەزاو ناحیەکان و ئاراستەکردنیان بەرەو پاراستنی هەرێمەکەو چەسپاندنی سەقامگیری تێیدا ئەرکی ئەم وەزارەتەیە، تاکو بتوانرێت بەشێوەیەکی سەردەمیانەو بەرەچاوکردنی پاراستنی بنەماکانی مافی مرۆڤ ڕێز لەسەروەریی یاساو سەرجەم مافەکانی بەهاووڵاتیبوون بگیرێت . لەدیمانەیەکی تایبەتدا ئەم پرسانەو چەندین بواری دیکەمان ڕووبەڕووی بەڕێز کەریم شەنگالی وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردەوە، بەسوپاسەوە وەڵام و ڕاوسەرنجی خۆی دەربارەیان خستەڕوو.





*** سەرەتا حەز دەکەین بزانین گرنگترین ئەرکی وەزارەتی ناوخۆ لە قۆناغی ئەمڕۆدا چییە؟ ئایا تا چ ڕادەیەك مەترسیی تیرۆر بۆ سەر گیانی هاووڵاتیانی کوردستان هەیە؟**

- وەزارەتی ناوخۆ وەك دەزگایەکی فەرمی لە ناو پێکهاتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کارو چالاکی تایبەت بە پلانی ساڵانەی وەزارەت و بەرنامەی کاری حکومەت بەپێی یاسا و بڕیار و ڕێنماییەکانی بەڕێوە دەبات، دەتوانین بڵێین گرنگترین ئەرکی وەزارەت دابینکردنی هێمنی و ئاسایشە بۆ هاووڵاتیان و فەراهەم کردنی کەش و هەوایەکی دڵنیایی و پاراستنی موڵکی گشتی و تایبەت و بەرژەوەندییەکانیان و ڕێکخستنی هاتوچۆ و پاراستنی سەلامەتی ڕێگاوبانەکان و کەمکردنەوەی ڕووداو و نەهێشتنی تاوانە، لەلایەکی دیکەشەوە ئەرکی بەڕێوەبردنی مەدەنیانەی پارێزگا و قەزا و ناحیەکان لە ڕووی کارگێڕییەوە لە ڕێگای وەزارەتەکەمانەوە جێبەجێ دەکرێت.

مەترسی بوونی تیرۆر تارادەیەکی زۆرباش لە هەرێمی کوردستان کۆنترۆڵ کراوە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بەگشتی لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ بەرگریکردن لە هەر ڕووداوێکی نەخوازراوی تیرۆر و هاووڵاتیانیش بە هەموو چین و توێژەکانیانەوە هاوکارن و لە بچووکترین مەترسی و گومان ئاگاداری هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ دەکەنەوە، کە لێرەدا دەمەوێ لەڕێی ئەم دیمانەیەوە دەستخۆشییان لێ بکەم و سوپاسیان بکەم و داوایان لێ بکەم بەردەوام هۆشیار بن و وڵاتی خۆیان بپارێزن و زیاتر و زیاتر هەماهەنگ و هاوکار بن لەگەڵ دامودەزگا ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستاندا.

*** وەزارەتی ناوخۆی هەرێم تا چەند ئاگاداری و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆی عێراقدا هەیە؟**

- وەزارەتی ناوخۆی هەرێم بەپێی دەستوری عێراق و یاساکانی هەرێم کار و چالاکییەکانی سەربەخۆیە و تەنیا ئەو بڕگانەی پەیوەستن بە دەستوور کە دەسەڵات بۆ حکومەتی فیدراڵ دەگێڕێتەوە وەك پۆلیسی سنوور و ڕەگەزنامە بە وەزارەتی ناوخۆی عێراقەوە بەستراونەتەوە، لە ڕووی پێوەندی و هەماهەنگییەوە پێوەندییان بە وەزارەتی ناوخۆی هەرێمەوە هەیە و هەماهەنگی نێوان وەزارەتی ناوخۆی هەرێم و وەزارەتی ناوخۆی عێراقی فیدراڵ تا ڕادەیەك باشە، بەڵام بە داخەوە هەندێك جار لە ئاستی پێویستدا نییە و لەم ڕووەوە هەست بە جۆرێك لە ناجدیەت دەکرێت لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی عێراقەوە.

**هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بەگشتی لەهەوڵی بەردەوامدان بۆ بەرگریکردن لە هەر ڕووداوێکی نەخوازراوی تیرۆر و هاووڵاتیانیش بە هەموو چین و توێژەکانیانەوە هاوکارن**

**هەماهەنگی نێوان وەزارەتی ناوخۆی هەرێم و وەزارەتی ناوخۆی عێراقی فیدراڵ تا ڕادەیەك باشە، بەڵام هەندێك جار لە ئاستی پێویستدا نییە و هەست بە جۆرێك لە ناجدییەت دەکرێت**

**لە هەر شوێنێك سەرپێچی کردن هەبێت یان فەرمانگەکانی کشتوکاڵ یان شارەوانییەکان هەواڵیان پێ بدەن، بڕیاری پێویستی لێدەدرێت و سەرپێچیکاران دەستگیر دەکرێن و بەپێی یاسا سەرپێچی کردنەکەش هەڵدەگرن**



*** ماوەیەك لەمەوبەر توانرا مووچەی هێزەكانی ناوخۆی هەرێمی كوردستان لەگەڵ مووچەی هێزەكانی ناوخۆی عێراق یەك بخرێتەوە ئایا توانراوە هەموو مووچەكانی هێزەكانی ناوخۆ یەك بكرێت؟**

- مووچەی هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ لە هەرێمی كوردستان هاوتای مووچەی هێزەكانی ناوخۆی عێراقە.

*** لەناو هێزەكانی ناوخۆدا تا چەند ئەندامان و لایەنگرانی لایەن و پارتە سیاسیەكانی كوردستان هەیە؟ ئایا چۆن لە مەسەلەی حزبایەتی دەڕوانن؟**

- لەناو هێزەكانی ناوخۆ لایەنگرو ئەندامی زۆربەی حزبەكان هەروەها بێ لایەنی تێدایە، بەڵام هەوڵی زۆرمان داوە دیاردەی حزبایەتی لە كاتی دەوام و لەناو دەزگاو فەرمانگەكاندا ڕەنگ نەداتەوە، بۆ نموونە دوو ساڵە دامەزراندن لە وەزارەت لە ڕێگای دابەشكردنی فۆرمەو بەپێی مەرجی یاساییە و لە ڕێگای لیژنەیەكی باڵای وەزارەتەوە بەڕێوەدەچێت، بەبێ ئەوەی لایەنگیری كەسەكان بۆ هەر حزبێك كاریگەری هەبوو بێت، تەنیا ئەگەر كەسێك شەهیدی پلە یەك تا پلە دووی هەبێت هاوكاری كراوە لە كاتی دامەزراندن.

*** ئایا گرنگی بەبواری هۆشیاری دراوەو لە بوودجەی ئەمساڵدا بۆ ئەم لایەنە چەند تەرخانكراوە؟**

- بواری هۆشیاری و ڕاهێنان و بەرزكردنەوەی ئاستی لێهاتوویی فەرمانبەرو كارمەندانی هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ لە هەموو ئاستەكاندا بەردەوامەو مانگانە خولی هۆشیاری و لێهاتوویی دەكرێتەوەو فەرمانبەرو كارمەندان بەشداری تێدا دەكەن ؛ چ خولی تایبەت بێت یان لەسەر ئاستی وەزارەتەكان یان لەسەر ئاستی عێراق بێت، هەندێ جار لە ناوەوەی هەرێم یان دەرەوەی هەرێم دەبێت، بۆ ئەم مەبەستەش لەسەر ئاستی حكومەت، وەزارەتی پلاندانان ساڵانە بڕیاری پێویست دەدات بۆ كردنەوەی خولی ڕاهێنان و هۆشیاری بۆ سەرجەم وەزارەتەكان بەپێی پێویست و لەسەر داواكاری ئەو وەزارەتانە و لەسەر ئاستی وەزارەتیش ساڵانە بەدەیان خولی جۆراو جۆر دەكرێتەوە بۆ ڕاهێنان و بەرزكردنەوەی ئاستی وشیاری كارمەندان و فەرمانبەرانمان لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێم.

*** وەزارەتی ناوخۆ لەگەڵ كۆمەڵێك وەزارەت كاری هاوبەشی هەیە، چونكە زۆربەی وەزارەتەكان لەجێبەجێكردنی بەرنامەو پلانەكانیاندا پێویستیان بە پشتگیری هێزەكانی ناوخۆیە، ئایا پێتان وایە وەكو وەزارەتی ناوخۆ توانیوتانە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەكانی دیكەی هەرێمی**

**ئومێد دەخوازین بەهۆی متمانەی خەڵك بە دەزگاكانی ئاسایش و پۆلیس و ئەو یاسا و ڕێنماییانەی دەرچوون، بوونی چەك لەبەر دەستی هاووڵاتیان و هەڵگرتنی و مامەڵە پێكردنی زیاتر كۆنترۆڵ بكرێن**

**ئاماری ڕووداوەكان لەسەر هەموو كێشەكانی كوشتن و دزین و ڕووداوی سووتان و هەموو تاوانەكانی تر بە دەزگاكانی ڕاگەیاندن دەدرێت**

**داواكارین لە هاووڵاتی بەڕێز هەر سەرپێچییەك یا ئیزعاج بوونێك هەبێت لەلایەن پۆلیس و مەفرەزەكانی پۆلیسی هاتووچۆوە ئاگادارمان بكەنەوە؛ لەسەر هەر كەموكورییەك بەدواداچوون دەكەین**

**مووچەی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە هەرێمی کوردستان هاوتای مووچەی هێزەکانی ناوخۆی عێراقە**

**کوردستاندا بکەن، بەتایبەتی لەگەڵ وەزارەتی دادو دەسەڵاتی دادوەری کە بۆ پیادەکردنی سەروەریی یاسا پێویستە؟**

- پێوەندییەکی پتەو لە نێوان وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتەکانی پێوەندیدار هەیە لە ڕووی هاوکاری و هەماهەنگی بە تایبەتی ئەو وەزارەتانەی ئەرکی هاوبەشمان لەگەڵیاندا هەیە وەك وەزارەتی داد و کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، هەروەها لەگەڵ ئەنجومەنی دادوەری هەماهەنگی زۆر باشمان هەیە و کۆبوونەوەی دەوری دوو تا سێ مانگ جارێك یان لەکاتی پێویستدا لەگەڵ یەکدی ئەنجام دەدەین بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەو کێشە و بابەتانەی پێوەندییان

**پیشەی ڕۆژنامەنووسی پیشەیەکی پیرۆزەو هەستیارە و پێویستە لە هەموو لایەك ئاسانکارییان بۆ بکرێت بۆ ڕوومالکردنی هەواڵەکان**

بە پەراوی لێکۆڵینەو هەماهەنگی نێوان پۆلیس و دادگاکان هەیە، هەروەها لەگەڵ وەزارەتی دادیش سەبارەت بە داواکاریی گشتی هەماهەنگیمان هەیە.

*** تاچەند توانراوە ڕێگا لە سەرپێچیکاران بگرن بەتایبەت سەرپێچیکردنە سەر زەویی حکومی و بەکارهێنانی نایاساییانەی زەویی شارەوانی و کشتوکاڵ؟**

- لە ڕێگای پارێزگا و قەزا و ناحیەکان لێژنەی هەڵگرتنی تەجاوزات هەیە کە سەرۆکی یەکە ئیدارییەکان سەرپەرشتی دەکەن، ئەم لێژنەیە ژمارەی پێویستیان لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لەژێر دەستدا هەیە لە هەر شوێنێك سەرپێچی کردن هەبێت یان فەرمانگەکانی کشتوکاڵ یان

**لەناو هێزەکانی ناوخۆ لایەنگرو ئەندامی زۆربەی حیزبەکان، هەروەها بێ لایەنیشی تێدایە**

شارەوانیەکان هەواڵیان پێ بدەن، بڕیاری پێویستی لێدەدرێت و سەرپێچیکاران دەستگیر دەکرێن و بە پێی یاسا سەرپێچی کردنەکەش هەڵدەگرن. بەهەمان شێوە سەبارەت بە سەرپێچیکردن لە موڵکی گشتیی و کارەبا، لە هەر شوێنێك سەرپێچی کردن هەبێت لە ڕێگای لیژنەی پارێزگاو قەزاکان بڕیاری هەڵگرتنیان دراوەو ئەم پرۆسەیە بەردەوامە، سەرپێچی کردنی هێڵی کارەبا تا ڕادەیەکی باش نەماوە، چونکە ئێستا کارەبای هەرێم زۆر باشە.

*** وەزارەتی ناوخۆ پێش ماوەیەك بۆ کۆتاییهێنان بەدیاردەی توندوتیژی و کوشتن بڕیاری هەڵمەتی نەهێشتنی چەکی دەرکرد، ئەو بڕیارە بەکوێ گەیشت؟ ئایا بوونی چەك هۆکارێك نییە بۆ زیادبوونی توندوتیژی و تاوان دژ بە ئافرەتان؛ ئەم دیاردەیە بۆچی هەر ڕوو لە زیادبوونە؟**

- لێژنەیەکی هاوبەش هەیە لە وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی پێشمەرگە بۆ نەهێشتنی دیاردەی چەکداری بە تایبەتی هەڵگرتنی چەك و هەر کەسێك بە چەکی بێ مۆڵەتەوە بگیرێت، بەپێی یاسا ژمارە (١٦) ی ساڵی ١٩٩٣ دادگایی دەکرێت، مۆڵەتدانیش بۆ هەڵگرتنی چەك تەنیا بۆ هەڵگرتنی دەمانچەیە ئەویش ئەگەر حاڵەتەکە پێویست بێت. هەروەها ئەم لیژنەیە داوای لێ کراوە پێشنیاری پێویست ئامادە بکات بۆ ئەوەی بتوانرێت بە هاوکاریی هەموو لایەك دیاردەی چەکداری بنبڕ بکرێت لە هەرێمی کوردستان.

هەر کۆمەڵگایەك چەکی تێدا بێت ڕووداویشی لێ دەکەوێتەوە، بەهۆی بارودۆخی عێراق بە گشتی هەر لە ساڵی ١٩٩١ و دواتریش لە ٢٠٠٣ دوای ڕووخانی ڕژێم چەکێکی زۆر کەوتە دەستی خەڵك و کڕین و فرۆشتنی نایاسایی پێکراوە، بەڵام خۆشبەختانە لەم چەند ساڵەی دواییدا تا ڕاددەیەکی زۆر هەڵگرتنی چەك کەم

**تەنیا ئۆتۆمبێلی مۆدێل ٢٠١١ و٢٠١٢ ڕێگای هاتنە ژوورەوەیان بۆ ناو هەرێم پێ دەدرێت**

بووەتەوەو ئومێدیش دەخوازین بەهۆی متمانەی خەڵك بە دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس و ئەو یاسا و ڕێنماییانەی سەبارەت بە چەك هەڵگرتن و مامەڵە پێکردنی دەرچووە و جێبەجێ کراون، بوونی چەك لەبەر دەستی هاووڵاتیان و هەڵگرتنی و مامەڵە پێکردنی زیاتریش کۆنترۆڵ بکرێن.

*** زۆرجار هاووڵاتیان گلەیی لەوە دەکەن کە لەکاتی کەوتنەوەی تاوان یان ڕووداو، بەئاشکرا باس ناکرێت یا لە هۆیەکانی ڕاگەیاندنەوە بڵاو ناکرێتەوە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی هاووڵاتیان لە خۆپاراستندا بەشداری نەکەن؟**

**پۆلیسی پاراستنی دارستان و ژینگە لە داهاتوودا بەپێی فراوانبوونی ئەرکەکانیان پێداویستییەکانیان بۆ دابین دەکرێت**

- سەبارەت بەو تاوان و ڕووداوانەی هێشتا لێکۆڵینەوەیان نەگەیشتۆتە ئاکامی یەکلاکەرەوە، بەمەبەستی پاراستنی کەسەکان و ئاشکراکردنی تاوانباران ناکرێت هیچیان لەسەر بڵاو بکرێتەوەو بدرێنە دەزگاکانی ڕاگەیاندن، بەڵام بەگشتی لە بەشی ئاماری وەزارەتدا مانگانە ئاماری ڕووداوەکان لەسەر هەموو کێشەکانی کوشتن، دزین، ڕووداوی سووتان، هەموو تاوانەکانی تر پۆلێن دەکرێن و بە دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەدرێت.

هەروەها بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگاکان تەخویل کراون لەکاتی پێویستدا بەمەبەستی ڕوومالکردنی ئاماری ڕووداوەکان و ئەو تاوانانەی کە لە سنووری چالاکییەکانیان

**لە هەرسێ پارێزگای هەرێم و زۆربەی قەزاکان باڵەخانەی نوێ بۆ بەندیخانەکان دروست کراوە**

ئەنجام دراون کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی ببەستن، چەندین جاریش دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕاستەوخۆ داوایان لێ کردووین و بۆ بەدواداچوونی ڕۆژنامەگەری لیستی ڕووداوەکانیان پێدراوە و لە چەندین دیراسات و توێژینەوەی ئەکادیمی قوتابیانی خوێندنی باڵای زانکۆکان هاوکاری و ئاسانکارییان پێشکەش کراوە، بە پێدانی داتای ساڵانەو مانگانەی کێشەکانی تۆمارکراو لە بنکەکانی پۆلیس لە هەرێمی کوردستان.

*** مامەڵەکردنی هێزەکانی ناوخۆ لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان تا چ ڕادەیەك دروستە، ڕاستە زۆرجار پیشەی ڕۆژنامەنووسی تێکەڵ بەزۆر پیشەی دیکەی بووە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا پێت وا نییە زۆر جار ڕۆژنامەنووسان دەبنە قوربانی کەلتور و نەریتی توندوتیژی کۆمەڵگا و هێزەکانی ناوخۆ؟**

- پیشەی ڕۆژنامەنووسی پیشەیەکی پیرۆزەو هەستیارە و پێویستە لە هەموو لایەکەوە ئاسانکارییان بۆ بکرێت، بۆ ڕوومالْکردنی هەواڵەکان ئێمە پەیوەندییەکی زۆر باش و هەماهەنگیمان هەیە لەگەڵ سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا دەبێ ڕۆژنامەنووسان بزانن مەرج نییە هەموو وردەکاریی ڕووداوەکان وەربگرن، بەڵکو پێویستە خۆیان شیکردنەوەیان هەبێت، چونکە کەیسەکانی تایبەت بە ڕووداوەکانی کوشتن یان توندوتیژی خێزانی لەوانەیە ئەگەر بگاتە سەر پەڕەی ڕۆژنامەکان کێشەی زیاتری لێبکەوێتەوە، هەروەها لە ڕووی یاساییەوە ناکرێت هەندێ نهێنیی لێکۆڵینەوە بەر لە تەواوبوونی ئاشکرا بکرێت.

*** ئێستا وەکو تێبینی دەکرێت و بەراورد بەزۆر وڵاتانی پێشکەوتووی جیهانیش مامەڵەی هێزەکانی ناوخۆ لەبەرامبەر خۆپیشاندان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووەو پێکدادانەکان زۆر کەمبوونەتەوە، ئایا دەتوانین بڵێین لەم ڕووەوە ستانداردی جیهانی پیادە دەکەن؟**








- خۆپیشاندان پیادەکردنێکی دیموکراسییانەیەو هەموو هاووڵاتیان دەتوانن بۆ هەر مەبەستێکی پێویست خۆپیشاندان ئەنجام بدەن وەك لە دەستوورو یاساکاندا رێکخراوە، ئێمەش لە وەزارەت چەند رێنماییەکمان بۆ سەرجەم هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بڵاوکردۆتەوە کە پێویستە خۆپیشاندانەکان بە شێوەیەکی هێمنانە و بەپێی یاسا دوور لە کاری توندوتیژی و تۆقاندن بەڕێوەبچن،چونکە پێویستە هەموومان بزانین ئەوانەی دێنە سەر شەقامەکان خۆپیشاندان ئەنجام دەدەن هاووڵاتی خۆمانن و دوژمن نین، لەوانەیە داواکارییەکەیان خستنەڕووی مەزلومییەتێك بێت و بیانەوێت حکومەت یان پەرلەمان یان رای گشتی لێ ئاگادار بکەنەوە، بۆیە پێویستە رێز لە ئیرادەی هاووڵاتیان بگیرێت تاکو ئەو رادەیەی یاسا پێشێل نەکەن. سەرەڕای ئەوەش بەردەوام خول و راهێنان بۆ پۆلیسەکانمان دەکرێتەوە بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی چالاکییەکانیان و خۆگونجاندنیان لەگەڵ پرەنسیپ و رێنماییە نێودەوڵەتییەکان، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین شارەزا لە ئەمریکا و فەرەنسا بانگهێشتکراون و خولی تایبەتییان لەسەر چۆنیەتی هەڵسوکەوتی هێزەکانی ناوخۆ لەگەڵ خۆپیشاندەران کردۆتەوە، تاکو روویەکی شارستانی و دیموکراتییانە پیشانی ناوەوە و دەرەوە بدەین و کارمەندانمان رابهێنین بە شێوازێکی مۆدێرنانە هەڵسوکەوت لەگەڵ خۆپیشاندەراندا بکەن.

*** تا چەند لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێدا سەرکەوتوو بوون، لەکاتێکدا لە دنیای پێشکەوتوودا ئامێرو تەکنەلۆژیای زۆر تازە بۆ پاراستنی سەرو ماڵی هاووڵاتیان بەکاردەهێنرێت؟**

- هەر لە سەرەتای دامەزراندنەوەی دەزگاکانی پۆلیس و پۆلیسی هاتووچۆ و دەزگاکانی ئاسایشی ناوخۆ لە دوای راپەڕینەوە،هەوڵ درا بە شێوازێکی سەردەمییانە و بە سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆژیای نوێ دابمەزرێنەوە، لەم چەند ساڵەی دواییشدا تا رادەیەکی باش توانراوە لە دامودەزگاکانی پۆلیس و پۆلیسی هاتووچۆ و بەدواداچوونی بەڵگەی تاوان و سەرجەم دامودەزگاکانی ئاسایشی ناوخۆ سوودیان لێ وەربگیرێت، بەردەوامیش چ لە ناوەوە یان لە دەرەوەی وڵات بە مەبەستی سوود وەرگرتنی زیاتر خولی تایبەت و مەشق و راهێنان بۆ کارمەندان دەکرێتەوە.

**مەفرەزەکانی هاتوچۆ و بازگەکان دەسەڵاتیان هەیە بە وەرگرتنی رێوشوێنی یاسایی بەرامبەر بە ئۆتۆمبێلی جام رەش**

*** سیستەمی چاودێری و بەدواداچوونی ئەو ئاسایش و کارمەندانەی هێزەکانی ناوخۆ کە کەمتەرخەمن و زۆر جاریش هەڵەو سەرپێچی و بگرە تاوانیش ئەنجام دەدەن؟ بەتایبەتی مەسەلەی لێپچینەوە لەگەڵ ئەو گەنجانەی لەگەڵ ئافرەتان زۆر جار لەلایەن پۆلیس و ئاسایشەوە دووچاری هەراسانکردن و لێپرسینەوە دەبن و هاووڵاتیانیش لەم رووەوە گلەییان هەیە بەتایبەتی شوفێرانی ئافرەت؟**

- ئێمە بەدواداچوونی بەردەوامان هەیە و هەر کاتێك بزانین سەرپێچی یان کەمتەرخەمی هەبێت لەلایەن هێزەکانمان لەهەر ئاست و پلەیەك بێت رێوشوێنی یاسایی تەواویان بەرامبەر وەردەگرین، داواکاریشین لە هاووڵاتی بەڕێز هەر سەرپێچییەك یان ئیزعاج بوونێك هەبێت لەلایەن پۆلیسەوە یان مەفرەزەکانی پۆلیسی هاتووچۆ ئاگادارمان بکەنەوە لە رێگای تەلەفۆن یان داوا تۆمار بکەن لەسەر کەسەکان، تا رێوشوێنی یاسایی تەواویان بەرامبەر وەربگرین. ئێستاش لەسەرجەم بنکەو بەڕێوەبەرایەتییەکانی پۆلیس سندوقی سکاڵامان هەیەو بەدواداچوونی رۆژانەی لەسەر دەکرێت و چەند ژمارەیەکی تەلەفۆنیشمان داناوە بۆ پەیوەندیی هاووڵاتیان و لەسەر هەر کەموکورییەك بەدواداچوون دەکەین.

*** پۆلیسی پاراستنی دارستان و ژینگە لەڕووی ئۆتۆمبێل و کەلوپەل و کارمەندەوە کەموکورییان هەیە، ئایا توانراوە راوکردن و سەرپێچیکردنە سەر دارستان کۆنترۆڵ بکرێت؟**

- پۆلیسی دارستان فەرمانگەیەکی فەرمی سەر بە پۆلیسی گشتیی هەرێمە بەپێی پێویستی، بەڕێوەبەرایەتی و بنکەیان لە سەرجەم شەرو شارۆچکەکەو شوێنەکانی دارستانی چڕی دارستانی تێدایە، کراوەتەوە، بەڵام ئەم بەڕێوەبەرایەتییە نوێیە چەند ساڵێکە دامەزراوە، لەوانەیە لە رووی راهێنانەوە پێویستیان بەشارەزایی زانستیانەی باش هەبێت، هەروەها کەلوپەل و ئامێر و ئۆتۆمبێلی پێویستیان بۆ دابین کراوەو لە داهاتووشدا بەپێی فراوانبوونی ئەرکەکانیان پێداویستییەکانیان بۆ دابین دەکرێت.

**زیاتر لە ٨٥٪ رووداوەکانی ئۆتۆمبێل هۆکاری لێخوڕینی لە رادە بەدەرە**

*** بۆچی تا ئێستا لێرەو لەوێ ئۆتۆمبێلی بێ ژمارە یا جام رەش دەبینرێت، ئایا کێشەتان لەگەڵ هەندێ بەرپرسانی حزبی و حکومی هەیە بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو دیاردەیە؟**

- ئۆتۆمبێلی بێ ژمارە تاکو رادەیەکی زۆر نەماوە بەتایبەتی لەشارە گەورەکانی هەرێم ئەم بابەتە بنبڕکراوە، بەڵام لە هەندێ ناوچە ئۆتۆمبێلی نایاسایی بەدی دەکرێت کە لە هەر کاتێکدا بکەونە دەست مەفرەزەکانی هاتوچۆ یان بازگەکان دەستگیر دەکرێن، بەڵام سەبارەت بە دیاردەی ئۆتۆمبێلی جام رەش ئەم دیاردەیەش نەماوە، تەنیا ئەگەر جاروبار حاڵەتێکی وا بەدی بکرێت، ئەویش مەفرەزەکانی هاتووچۆ و بازگەکان دەسەڵاتیان هەیە بە وەرگرتنی رێوشوێنی یاسایی بەرامبەریان.

*** چۆن رێگا لەو قەرەباڵغی و جەنجاڵییەی ئۆتۆمبێل دەگیرێت لە کاتێکدا تا ئێستا بەلێشاو ئۆتۆمبێل دێتە ئەم هەرێمەوەو سیستەمی ترام و پاسی تێدا نییە؟**

- خۆتان دەزانن عیراق زیاتر لە دەروازەیەکی هەیە بۆ هێنانی کەلوپەل و ئامێرو ئۆتۆمبێل لە هەرێمی کوردستان و ناوەڕاست و باشوور، بڕیارێکیش هەیە لە هەموو عیراق کاری پێدەکرێت کە لە دوو مۆدێل زیاتر ئۆتۆمبێل داخل ناکرێت، بۆ نموونە ئێستا تەنیا مۆدێلی ٢٠١١ و٢٠١٢ رێگای هاتنە ژوورەوەیان پێ دەدرێت، بۆ سیستەمی دانانی پاس و ترام ئێستا پرۆژەی دروستکردنی ترام لە وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندنە لە هەولێر بەم نزیکانە بڕیاری لەسەر دەدرێت.

*** هەر سەبارەت بەکەرتی هاتوچۆ گلەییەکی زۆر سەبارەت بە کامێرەی کۆنترۆڵکردنی خێرایی هەیە و شوفێران پارەیەکی زۆریان بۆ هاتووە، ئایا لەو جەنجاڵی و ناڕێکییەی ڕێگاکان یا دانانی کامێرەکان لەشوێنی وا کە ئۆتۆمبێل خێرایی بۆ کەم ناکرێتەوە یا نزیک ترافیک لایتێکە دەبێت خێرا بڕوا، پێت وانییە پێویستە دووبارە ڕێنمایی و ڕاسپاردەی نوێ بۆ ئەم بوارە دەربچێت و بەپێی ئەندازەی شارستانیی هاتوچۆ ڕێك بخرێتەوە؟**

- کامێرای کۆنترۆڵی خێرایی هاوکارێکی زۆر باشە بۆ کەمکردنەوەی ڕووداوەکان لەناو شارو دەرەوەی شار، پێویستە شوفێرەکان لە هەموو شوێنێکدا پابەند بن بە خێرایی دیاریکراوی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل و هەتا ئەگەر لەو شوێنەی کامێرای کۆنترۆڵیشی تێدا نەبێت پێویستە سەرپێچی نەکەن و زیاتر لە خێرایی دیاریکراو لێنەخوڕن، بەداخەوە بەپێی ئامارەکانمان زیاتر لە ٨٥٪ ڕووداوەکانی ئۆتۆمبێل بەتایبەتی ئەو ڕووداوانەی مردنی تێدایە هۆکارەکان لێخوڕینی لە ڕادەبەدەری شوفێرەکانە کە پابەند نین بە یاساو ڕێنماییەکانی هاتووچۆ، بۆ ئەم مەبەستەش ڕێنمایی بەردەوام لە وەزارەتمان و هاتوچۆی گشتییەوە دەردەچێت بەمەبەستی زیاتر پابەندکردنی شوفێران بە یاساو ڕێنماییەکانی هاتوچۆ و کەمکردنەوەی ئاستی سەرپێچی و ڕووداوەکان.

*** پێش ساڵێك لەمەوبەر لەچاوپێکەوتنێکی گوڵاندا باست لە بەندیخانە هاوچەرخەکان کرد، کە لەزۆر شوێنی کوردستان دەکرێنەوە ئایا ئەم پرۆژەیە بەکوێ گەیشت؟**

- بەندیخانەی هاوچەرخ لە دهۆك هەیەو لەسەر ستانداردی جیهانی دروست کراوە، دەربارەی سەرپێبوونی (عائدیە) ئەم بەندیخانانە دوو جۆرن: ئەوانەی بۆ حوکمدراوەکانن و چاکسازیی بەندکراوەکانیان تێدا ئەنجام دەدرێت و سەرپێبوونیان بۆ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە، بەڵام دەربارەی بەندیخانەکانی تایبەت بە ڕاگیراوان سەرپێبوونیان بۆ وەزارەتی ناوخۆ دەگەڕێتەوە، کە ئێستا لە هەرسێ پارێزگای هەرێم و زۆربەی قەزاکان باڵەخانەی نوێیان بۆ دروست کراوە.

*** کۆتایی قسە بۆ بەڕێزتان ئایا چ بڕیارو ڕاسپاردەیەکی نوێ دەردەچێت تا لە ڕێگای گۆڤارەکەمانەوە بەهێزەکانی ناوخۆ یا هاوڵاتیانی بدەین؟**

ئێمە لە وەزارەت پلانی ساڵانەمان هەیە و پلانی درێژخایەنی (٥) ساڵەمان هەیە و کاروچالاکیی وەزارەتی ناوخۆ بەپێی ئەو پلانانە بەڕێوەدەچن و بەنیازین لە ساڵی ئایندەدا دوای گەڕاندنەوەی بەڕێوەبەرایەتیی ئەندازەی هاتووچۆ لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بۆ سەر وەزارەتی ناوخۆ، گرنگی بە ڕێگاکانی دەرەوە بدەین لە نێوان پارێزگاو شارو شارۆچکەکان و هێماکانی هاتووچۆ بە تەواوی دابنرێن، لە ڕووی گرنگیدان بە پارێزگاریکردن لە مافەکانی ئافرەت و بەرگری لێ کردنیان بەرامبەر بەو توندوتیژییانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە بڕیار دراوە بە کردنەوەی (١٠) بنکەی پۆلیس لە هەرێمی کوردستان تایبەت بە لێکۆڵینەوە لە کەیسەکانی توندوتیژی خێزانی و ئافرەتان .

هەروەها وەزارەت گرێبەستێکی کردووە بە کڕینی ئۆتۆمبێلی تایبەت بە پۆلیس و پۆلیسی هاتووچۆ کە ئەم ئۆتۆمبێلانە لە کۆمپانیادا تایبەت بۆ کاری پۆلیس و هاتووچۆ دروست کراون و کامێراو کۆنترۆڵی تەکنەلۆژیی تەواویان تێدایە بۆ کۆنترۆڵکردن و وێنەگرتنی هەر ڕووداو و کێشەیەك کە ڕوودبدات.

هەروەها پرۆژەی کارپێکردنی هەلیکۆپتەری هاتووچۆ لە جێبەجێکردندایە کە لە کاتی ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە شوێنە دوورەدەستەکان هەلیکۆپتەر بگاتەئەم شوێنانە و قوربانییەکان بگوازێتەوە.

هەروەها وەزارەت لەپلانی دایە بۆ ساڵی ئاییندە پەیمانگەیەکی تایبەت بە کەیسەکانی توندوتیژی خێزانی بکاتەوە.



**کەریم شەنگالی**


- پێشمەرگەی هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان و لەسەرجەم قۆناغەکانی شۆڕشدا خزمەتی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستانی کردووە.
- لەساڵی ١٩٩٣ تا ١٩٩٤ بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتیی هەرێم بووە .
- ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانەو لەساڵی ٢٠٠١ ەوە تا ئێستا وەزیری ناوخۆیە.

# ئەرکە سیاسییەکانی بواری گشتی

**تیشک خستنەسەر فکرەکانی فەیلەسوفی هاوچەرخی ئەڵمانیایی (یۆرگن هابرماس)**

## (گۆڕینی هەیکەلبەندی لە فەزای گشتیدا: لێتوێژینەوە لەهەمبەر جۆر لە کۆمەڵگەی بۆرژوازیدا)

٣ـ٣



دکتۆر شێرزاد نەجار*
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

لە ســـەرەتاکانی ســـەدەی هەژدەیەمینەوە لە ئینگلتەرا (ناوەندێکی سیاسی بۆ بواری گشتی eine politische fungierende Oeffentlichkeit) دامەزراوە، ئەو هێزانەی کە دەیانەویســـت کاریگەری خۆیان بەســـەر دەسەڵاتی دەوڵەتەوە هەبێت، بانگەشەکانی خۆیان ئاراستەی جەماوەرە عەقڵانیەکە دەکرد das raesonierende Pu-likum ئەمەش بۆئەوەی شەرعیەت بدەنە ئەو داخوازییانەی کە پێشکەشیان دەکردن، پێ بە پێی ئەو ئەزموونەی کە بریتی بوو لە پرۆســـەیەك بە ناوی prozess کە ئەو پرۆسەیە بۆ زیاتر لە ســـەدەو نیوێك درێژەی هەبوو، گردبوونەوەی چینەکان لە ئینگلتـــەرا die Staendeversamlung وەرســـوڕاون بۆ دروســـت بوونی پەرلەمانێکی هاوچەرخ، لەوێوە ئەو پرســـیارە وروژێنراوە: بۆچی ئەو پرۆسەیە پێش هەر شـــوێنێکی دیکە لە ئینگلتەراوە سەریهەڵداوە؟ ئەی بۆچی دەرفەت درایە جەماوەر تا بەشداری تێدا بکەن؟

ئەوســـاکە دۆخەکە لە ئینگلتەرا بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

1. پەرەســـەندنێکی ئابووری گرنگ بە هۆی دروســـت بوونی کارگەو کارخانەکانی ڕســـتن و چنین و کانزاکان و کاغەزەوە ڕوویاندابوو.
2. ململانێیەکی کۆنەباو لە نێوان بەرژەوەندییە ئابوورییە هەمەچەشنەکان دروست خوڵقابوو.
3. وەچەکانی دەرەبەگەکان بوونە کەسانی بزنسمان
4. وەچەکانـــی بۆرژوازییەکان گۆڕدران بۆ کەســـانی خاوەن موڵك

بـــەڵام بە بێ ئەوەی ململانێیەکی چینایەتی چڕو توند لەگەڵ ئەم وەرچەرخان و گۆڕانکارییانەدا. هاوشـــان بێت (Habermas،122)

دروست بوونی ئەم دۆخە ڕێگەی خۆش کرد بۆ دروست بوونی ململانێیەکی تازەباو لە نێوان سەرمایەدارە بازرگانە پارەدارەکان لە لایەك و بەرژەوەندییە باڵاکانی سەرمایەداریی کارگەو کارخانەو پیشەوەران لە لایەکی ترەوە..

ئەم ناکۆکی و ململانێیانە هەر لە ســـەرەتاکانی سەدەی هەژدەیەمینەوە دابەزییە ناو هۆشیاری هاووڵاتیانەوە، ئاکام بوو بە هۆیەك بۆ دروست بوونی ناکۆکی لە نێوان وەچەی کۆن( وەچەی ســـەرەتاکانی دەرکەوتنی سەرمایەداری) لە بەرانبەر وەچەی نوێ( وەچەی بازرگانیکردن و بازارەکان) ئەمـــەش بووە هۆی هەڵســـوڕاندنی جەماوەرو کارکردن لە پێناوی وەرگرتنی پشتگیری لە جەماوەرەکەوە.

کار گەیشـــت بـــە پەرەســـەندنی زیاتر لـــەم ڕووەوە، پێکناکۆکی فراوانی لێ کەوتـــەوەو دواجار توێژو چین و بەشـــی کۆمەڵایەتیی هەمەجۆر دروست بوو، کار گەیی بەوەی پێکناکۆکبوون لە نـــاو هەمان توێژی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی دروســـت بێـــت و ئـــەم میکانیزمەش ببێتە هـــۆی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی زیاترو دروســـت بوونی جەماوەرێکی عەقڵانیگەر..

بەڵام ئەم ململانێ و شەنگەبێژییانە بەرفراوانتر بوون، تا وەرگەڕا بۆ ململانێکردن لە دژی دەوڵەت و دەسەڵاتەکانی، ئەوەش بە ڕۆڵی خۆی بواری مەیدانی گشـــتی تەنییەوە، وای کرد ڕۆڵی گرنگی جەماوەر لەسەر ئاستی سیاسیی بەدەربکەوێت.

ئـــەم جەماوەرە سیاســـییەش بە شـــوێن پشـــتگیریی کۆمەڵایەتییـــدا دەگەڕان، کـــە بەهۆی ئەو شـــێوازەی پشـــتگیرییەوە هەر ڕەوایەتییەك کە بە دەسەڵاتی پاشا یان دەسەڵاتی شازادەکان بەخشرابوون، ئەو ڕەوایەتییانە دەکەوتنە ژێر نیشانەی پرسیارەوە: کۆنترۆڵ و هەژموون لە ڕێی ئەو سیاسەتە پیادەکراوەی پاشاوە کە هەیەتی، شتێك بەرەوڕووی دەبێتەوە، ئەوەش بە ناوی پرەنسیپی ئاشکراکردن Publiz-taet واتا لە بری ئیرادەگەری پاشایی یان شازادەیی، ئەو کات یاسا دەبێتە حەکەم، چونکە یاسا لە ڕەوایەتی بوونیدا پشت بە جەماوەرو ڕای گشتی دەبەستێت و لە چەسپاندن و جێبەجێکردنیشیدا، خەسڵەتی گشتاندنی دەدرێتێ..

لەم بارەیەوە هابرماس جەخت دەخاتە سەر ئەو پرەنسیپەی لـــە لایەن تۆماس هۆبزی فەیلەســـوفەوە ڕاگەیاندراوە کە سەبارەت بە دەسەڵاتی ڕەهاگەر دایناوە کە چۆن پێچەوانە دەبێتەوە، لەم بارەیەوە هۆبز وتویەتی: دەســـەڵاتی یاسایی، حەقیقەتی لە هەگبـــەدا نییە Veritas non auctoritas facit legem.

هەر بوارێکی گشتی کە لەسەر ئەم بناغەیە دروست بوو بێت، پێویســـتی بە ڕەهەندێکی وەسفی و پێوەرگەل هەیە Ein normative-descriptive Dimension

کە بەهۆیەوە سێ ڕەگەزی سەرەکی کۆدەبنەوە:

1. پرەنسیپی ئاشکراکردن وشەفافبوون کە بۆ ئاگاداربوون لە هەر کاروبارێکی کارگێڕی دەوڵەتییانە هیچ پەردەو بەربەستێك لەبەردەمی خۆیدا ناهێڵێتەوە..
2. جەماوەر Publikum
3. ئەو پێگەو شوێنەی جەماوەر تێیدا کۆدەبنەوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بابەت و دۆزو مەسەلەکان و دەربڕینی ڕای خۆیان لە هەمبەریان (Leguizamon,41)

سەرەڕای ئەوەش لە سەدەی نۆزدەیەمینیشەوە وەك چۆن هابرماس لێی دڵنیایە کە جەماوەری عەقڵانیی ئەکتیڤبوونی خۆی کەم بۆتەوەو توانای ڕەخنەگرتنی لە بواری گشتی پاشەکشەی کردووە، هۆکاری ئەمەش دەگێڕێتەوە بۆ نەهێشتنی جیاوازی لە نێوان کۆمەڵگەو دەوڵەتدا، دەوڵەت بە پێی بۆلوانی خۆی دەستی کردە دەستوەردان لە کاروباری تایبەتی جەماوەر (Habermas, 226).

لە لایەکی تریشەوە بواری گشتی بۆرژوازی بووە میانگیریکاری نێوان دەسەڵاتی دەوڵەت و دەسەڵاتی کۆمەڵگە، ئەمەی دواییان لە کەسانی ئازادیخوازو یەکسانخوازان پێکدێن کە لە ناو پێکهاتەکانی کۆمەڵایەتیدا ڕۆڵ دەگێڕن، ئەو پێکهاتانەی کە بوار تێیاندا ڕەخساوە بۆ وەدیهاتنی بەرژەوەندییەکان لە ڕێی پرەنسیپی ئاشکراکردنەوە، بەڵام ئەم بوارە گشتییە بەهۆی کاریگەرێتی سەرمایەداری قۆرخکارەوە لەسەر سیاسەت، وردە وردە دەپوکێتەوە..

بواری گشتی ئێستا لە بارودۆخێکی وەهادا نییە کە پێی بوترێت هەموو بەرژەوەندی و پێداویستییەکانی کۆمەڵگە دابین دەکات، ئەم بوارە تەنیا بووەتە تەختەیەکی شانۆ بۆ خستنەڕووی ناکۆکیەکانی کە لە نێوان بەرژەوەندییە پێکداپژاوەکانی بەشداربووەکاندا هەن، وەك لەم بارەیەوە هابرماس بەو ئیدیۆلۆژیایە دەیچوێنێ کە بە تەنیا داخوازیبوونی دەسەڵاتی سیاسی دەسەبەر دەکات، ئەوەش بۆ وەرگرتنی شەرعیەتێك بۆ خۆی ئەگەر چی بە زۆردارەکیش بێت (Legitimtionszwang ,Leguizamon,41)

بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم گرفتە سامناکە، هابرماس ڕوانگەیەکی فکری وردی خستۆتە مەیانەوە کە دەڵێت وەزیفەی سیاسیانە بۆ بواری گشتی سیاسەت، بریتییە لە سیستەمێکی پێوەرگەلی دەستەیەك کە کۆمەڵگەو دەسەڵات لەیەکتر نزیك بخەنەوەو مەودای نێوانیان نەهێڵن، هەلومەرجە کۆمەڵایەتیەکان بۆ بەرهەمهێنان و پەرەسەندنی ئەم بوارە گشتییەی بۆرژوازی بریتییە لە بازاڕی سەرمایەداریی، دواتر وەزیفە سیاسی و دادوەری و کارگێڕییەکان دەبن بە دەسەڵاتی گشتی Habermas,142

ئەم دۆخەش دەبێتە هۆی دامەزراندنی سیستمێك بۆ دەوڵەتی یاسایی، لە دەوڵەتێکی واشدا کۆمەڵە یاسایەکی بنەڕەتی تێکەڵ بە بواری گشتی دەبن و بواری جەماوەری عەقڵانی ڕێکدەخەن لەوانە (یاساکانی ڕێکخستنی ئازادی بیروڕا، ئازادی ڕۆژنامەوانی، ئازادی کۆبوونەوەو دامەزراندنی کۆمەڵەکان) هەروەها لە بواری وەزیفەیی سیاسی کەسەکان لەناو بوارە گشتییەکەدا ( مافی گەیاندنی داخوازی بە دەسەڵاتی سیاسی، مافی خۆپاڵاوتن و هەڵبژاردن،مافی دەنگدانی ئازادانە بە یەکسانی ) هەروەها ئەو یاسایانەی پێوەندیدارن بە ڕێکخستنی کاروباری تایبەتی کەسەکانەوە وەك تاك لەوانە (ڕێکخستنی کاروباری خێزانداری، ئازادییە شەخسییەکان،پارێزگاری کردن لە حورمەتی ماڵ) یان یاسا پێوەندارەکان بە ڕۆڵی تاکەکانەوە لە ناو کۆمەڵگەی بۆرژوازیدا

(یەکسانبوون لەبەردەم یاسادا، پاراستنی موڵکیەتی تایبەت) ئەم پرەنسیپانەش هەموویان بە پێی دەستووری یاسا بنچینەییەکانی بواری تایبەت دەپارێزن (Habermas, 153)

لە ئاکامیشدا ئەم حاڵەتە بوو بە هۆی سەرلەنوێ دارشتنەوەی هەرەمیانەو هەیکەلبەندی بواری گشتی و ڕێکخستەوەی وەزیفەکانی.

کۆتایی:

خەمی سەرەکی بە لای هابرماسەوە ئەوساو ئێستاش بریتیە لە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگە بە واتای دارشتنەوەی هەرەمەکە (هەیکەلبەندەکە)

لەمەوە پەنجە لەسەر ئەم خاڵانە دادەنرێتەوە:

1. جەخت کردنەوە لەسەر توانایی بواری گشتی بۆ بەجێگەیاندنی وەزیفە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان
2. بونیادنانی کارلێکی وەزیفی پتەو بۆ بواری گشتی لە چوارچێوەی سیستمی کۆمەڵایەتی گشتیدا
3. بە پشتبەستن بەو دوو خاڵەی سەرەوەرا، پوختەی قسە لەسەر پرەنسیپی ئاشکراکردن، وەك نموونەیەکیش بۆ ئەوە ئاماژە دەدرێت بە ئاشکرایی کاری پەرلەمانی، لەو بارەیەوە پەخش کردنەوەی گفتوگۆکانی ناو پەرلەمان زەمانەتی ڕای گشتی مسۆگەر دەکات، هەروەها زەمانەتی متمانەی نێوان نوێنەران و دەنگدەران مسۆگەرتر دەکاتەوە، هەروەها لەمەشەوە ئاماژە دەدرێتەوە بۆ شەفافبوونی دادگاکان، چونکە سەربەخۆیی دادوەری پێویستی بە چاودێرییە لە لایەن بوارە گشتییەکەوە، ئەم ئاشکراییە وەك چۆن پێشتریش کانت ی فەیلەسوف جەختی لێکردۆتەوە بەوەی پرەنسیپێکە بۆ میانگیریکردن لە نێوان سیاسەت و مۆراڵدا (Habermas, 155).

هابرماس جەختی لە هەموو ئەمانەش کردۆتەوە هەر وەك فەیلەسووفی ئەڵمانیایی پرۆفیسۆر (برۆنکهۆرست Brunkhorst) ئاماژەی پێداوە کە ئەو دەرئەنجامانەی دارشتنەوەی هەیکەلبەندی گشتی پێوەندیدارە بە داخوازی و بانگەشە بۆ بونیادنانی دەوڵەتی کۆمەڵایەتیی der Sozialestaat وەك چۆن لە ڕیفۆرمە کۆمەڵایەتییەکانەوە گوزارشتی لێ دەکرێت Faktum der sozialer Evolution.

هابرماس ئەم بیرۆکانەی خۆی بەوە چرکردۆتەوە کە یاساکانی تایبەتمەند بە مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتیبوون پێویستە مافەکانی بەشداربووانی کۆمەڵگەو سیاسییە بەشداربووەکان لێکتر نزیك بخاتەوە، ئەوەش لە پێناوی وەدیهاتنی سیستمێکدا بۆ دەسەبەرکردنی مافی هەموان System der Rechte.

***دکتۆرا لە فەلسەفەی زانست/ زانکۆی ڤییەنا**

**بە پێی پرەنسیپی ئاشکراکردن، لە بری ئیرادەگەری پاشایی یان شازادەیی، یاسا دەبێتە حەکەم، چونکە یاسا لە ڕەوایەتی بوونیدا پشت بە جەماوەرو ڕای گشتی دەبەستێت و لە چەسپاندن و جێبەجێکردنیشیدا، خەسڵەتی گشتێنراوی دەدرێتێ**

**هابرماس ڕوانگەیەکی فکری وردی خستۆتە مەیانەوە کە دەڵێت وەزیفەی سیاسیانە بۆ بواری گشتی سیاسەت، بریتییە لە سیستمێکی پێوەرگەلی دەستەیەک کە کۆمەڵگەو دەسەڵات لەیەکتر نزیک بخەنەوەو مەودای نێوانیان نەهێڵن**

**پەخش کردنەوەی گفتوگۆکانی ناو پەرلەمان زەمانەتی ڕای گشتی مسۆگەر دەکات، هەروەها زەمانەتی متمانەی نێوان نوێنەران و دەنگدەران مسۆگەرتر دەکاتەوە**

# لەپێناو گەشەپێدان بە کاری ڕاوێژکاریی

ڕاوێژکاریی پرۆسەی پێشکەشکردنی ئەزموونێکی تەواوکارییە بۆ جێبەجێکاران و خاوەن پۆستە کارگێڕییەکان، نەك ئەڵتەرناتیڤی ئەوان و فەرمانبەرەکانیان بێت.

کاری سەرەکیی ڕاوێژکارانیش لەکاتی پێویستدا بریتییە لە:

یەکەم: پێدانی زانیاریی و وەڵامی ورد بە دروستکارانی بڕیار.

دووەم: خستنەڕووی زیاد لە ئەگەرێك بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەر بابەت و باسێکدا.

سێیەم: گەیاندنی هەست و کاردانەوەی کۆمەڵگە بۆ خاوەن بڕیار لەبارەی بڕیارەکانییەوە.

ئەگەر ئەنجوومەنی وەزیران بە نموونە وەربگرین، ئەوسا دەتوانین بڵێین سەبارەت ئەو پرۆژەو پێشنیارانەی کە پێشکەشی دەکرێن، پێویستە:

یەکەم: ڕوون بن، بە جۆرێك داڕێژرابن کە تێگەیشتن لێیان ئاسان بێت.

دووەم: ورد بن، دوور بن لە گشتیبوون و زیادەڕەویی.

سێیەم: خۆماڵیی بن، یان خۆماڵیی کرا بن ئەگەر لە دەرەوەش وەرگیرابن.

چوارەم: توانا مرۆیی و ماددییە بەر دەستەکانی ڕەچاو کرد بێت.

هەروەها لەسەر ئەنجوومەنی وەزیرانیش پێویستە:

یەکەم: جیاوازیی بکەن لە نێوان ڕاوێژکارو ئەو خاوەن پۆستە جێبەجێکارانەی کە بەپلەی ڕاوێژکار دامەزراون.

دووەم: جیاوازیی بکەن لە نێوان کاری ڕاوێژکاریی و کاری سکرتێریی.

سێیەم: ژمارەی ڕاوێژکارانی هەر دەزگایەك دیار بکەن، نەك کراوە بێت و زیاد لە پێویست بن.

چوارەم: گێڕانەوەی پێگەی شایان بۆ کاری ڕاوێژکاریی.

سوودەکانی دەستەی ڕاوێژکاریی ئەنجوومەنی وەزیران:

یەکەم: بەدامەزراوەییکردنی کاری ڕاوێژکاران.

دووەم: خستنەگەڕی تواناکانی ڕاوێژکاران.

سێیەم: کۆکردنەوەی کارو چالاکییەکان و، کارکردن بە گیانی کۆکاریی و یەك تیمی.

بۆ ئەمەش پەیڕەوێکی ناوخۆیی بۆ دەستەی ڕاوێژکاریی پێویستە بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

**پێناسەی دەستە:**

پێك دێت لە سەرۆك و ژمارەیەکی دیاریکراو لە ڕاوێژکاران کە لەلایەن سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دیار دەکرێن و، لە بوارێکی دیاریکراودا شارەزایی پێویستییان هەیەو، یەکلابوونەتەوە بۆ کاری ڕاوێژکاریی و، پرۆژەو پێشنیار پێشکەش دەکەن، یان ئەو بابەت و پرۆژانە تاوتوێ دەکەن کە لەلایەن ئەنجوومەنەوە بۆیان ڕەوانە دەکرێت.

**ئامانجەکانی دەستە:**

یەکەم: بەشداربوون لە لەدانانی پلان و ستراتیژییەتی نیشتمانی.

دووەم: بەشداربوون لە ئامادەکردنی باس و ئەو توێژینەوانەی کە ئەنجوومەن داوایان دەکات.

سێیەم: بەشداربوون لە دۆزینەوەی میکانیزمەکانی نوێ بۆ دەزگاکانی کار ڕاپەڕاندنی دەوڵەت.

چوارەم: بەشداربوون لە خستنەڕووی ڕاو پێشنیاری بەسوود بۆباشتر جێبەجێکردنی پرۆژەکانی حکومەت.

**میکانیزمی کارکردنی دەستە:**

یەکەم: کۆبوونەوەی ئاسایی نێوان سەرۆکی دەستەو سەرۆکی گرووپەکان .

دووەم: کۆبوونەوە بەتەواوی ئەندامەکانییەوە بۆ تاوتوێکردنی بابەتێکی نێو کارنامەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەن.

سێیەم: ڕێکخستنی کۆڕو سیمینارو وۆرکشۆپ بۆ تاوتوێکردنی ئەو بابەتەی کە ئەندامانی دەستە بە پێویستیی دەزانن.

چوارەم: پێکهێنانی تیمی توێژینەوەی تایبەت بەتاوتوێکردنی بابەتێکی تایبەت.

پێنجەم: ڕاسپاردنی یەکێك یان زیاتر لە ئەندامێکی دەستە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی تایبەت.

**گرووپەکانی دەستە:**

هەر گرووپێك لە ژمارەیەك ئەندام پێك دێت کە لەنێوان خۆیاندا سەرۆکێك بۆ گرووپەکەیان هەڵدەبژێرن.

یەکەم: گرووپی ئابووری:

بۆ ڕاوێژکارانی بواری نەوت و دارایی و وەبەرهێنان و گەشتوگوزارو کشتوکاڵ و پیشەسازیی .

دووەم: گرووپی خزمەتگوزاریی:

بۆ ڕاوێژکارانی بواری سەرچاوەکانی وزەو ئاوو کارەباو تەندروستیی و ژینگەو کارگێڕیی و ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن و تەکنەلۆژیای زانیارییەکان.

سێیەم: گرووپی گەشەپێدانی مرۆیی:

بۆ ڕاوێژکارانی بواری ئاینیی و ڕۆشنبیریی و لاوان و وەرزش و ئافرەتان و پەروەردەو خوێندنی باڵا.

چوارەم: گرووپی پەرەپێدانی سیاسیی:

بۆ ڕاوێژکارانی بواری بەرگریی و ناوخۆو پەیوەندییە دەرەکییەکان و سیستمی فەرمانڕەوایی و یاسادانان.

کۆبوونەوەکانی دەستەو گرووپەکان: کۆبوونەوەکان دوو جۆر دەبن:

یەکەم: کۆبوونەوەی ئاسایی سەرۆکی دەستە لەگەڵ سەرۆکی گرووپەکان کە مانگی جارێکەو، کۆبوونەوەی نائاساییش لەکاتی پێویستدا.

دووەم: کۆبوونەوەی ئاسایی یان ئەلکترۆنی سەرۆکی گرووپ لەگەڵ ئەندامانی گرووپەکەیدا، هەفتانەیە.



عەبدولڕەحمان سدیق
asidiq1962@yahoo.com

# گشتاندن و ڕەهایی له نووسیندا

گشتاندن یان ڕەهایی کە بەعەرەبی پێی دەوترێت (تعمیم) و (مطلق) لە نووسیندا، یەکێکە لە دیاردە ناتەندروســـتەکانی ناو نووســـەران، کە بۆ نموونە لە شـــوێنێک حاڵەتێکی نەرێنی دەدۆزینەوە و لەسەری دەنووســـین، بەڵام ئەم حاڵەتـــە دەکەینە حاڵەتێکی گشـــتی و دەڵێین کە ئەمە لە هەموو شـــوێنێک هەیە، یان کەســـێک هەڵوێســـتێکی نەشـــیاو دەنوێنـــێ، ئیتر بەجۆرێک لە جۆرەکان لە خیتابەکانماندا وەکـــو نووســـەر و بـــە بێئومێدیەکـــی زۆرەوە دەڵێیـــن هەمـــووان وان. ڕەنگە ئەم حاڵەتە لەناو نووســـەراندا دەرهاویشـــە یان ئەنجامی زۆر دیـــاردە و حاڵەتی دیکەی ناو کۆمەڵگابن، یـــان هەندێ فاکتەری سیاســـی، کۆمەڵایەتـــی، پەروەردەیی و ژینگەیی (وەکو ژینگەی حزبی، فکری، دینـــی) ڕۆڵ لە دروســـتکردنیدا دەبینن. ڕاســـت بڵێم زۆرجار منیـــش کەوتوومەتە ئـــەم هەڵەیـــەوە، بـــەڵام دواجار ئێســـتا گەیشتوومەتە ئەو قەناعەتەی کە هەموو نووســـەرەکان یان لە قۆناغێکی تەمەنی نووسینیان یان لە هەندێ قۆناغدا تووشی ئەو حاڵەتە دەبین، بـــەڵام گرنگ ئەوەیە خۆمـــان لەخۆماندا بیدۆزینەوە و جارێکی دیکە کاراکتەری نووســـەریمان فۆرمولە بکەینـــەوە و بەچاوێکی قووڵتر لە ڕووداو دیاردە و مەسەلەکان بڕوانین.

ســـەرهەڵدانی دیاردەی گشـــتاندن لە نووســـیندا زۆرجار دەگەڕێتەوە بۆ بنەما سایکۆلۆژی و فیکریەکەی نووسەر، یان دەگەڕێتەوە بۆ زۆر دووبارەبوونەوەی دیاردە نەرێنی (ســـلبی)یەکان لە دەوروبەرمانن. تێبینیـــم کـــردووە ئەو نووســـەرانەی بەم نەفەســـە قســـەدەکەن، زۆر درێژدادڕی دەکەن لە نووســـیندا، پێـــچ وپەنای زۆر دەهێننـــەوە و زیاترین وشـــە بەکاردەهێنن بـــە ئامانجی ئـــەوەی باری ســـەرنجی خۆیان بەسەر خوێنەردا بسەپێنن و بیخەنە ژێر فشـــارەوە بـــۆ ئـــەوەی قەناعەت بە بیرۆکەکانی بکەن، لە کاتێکدا ئیشـــی نووسەر تەنها ئەوەیە بابەتێک باس بکات، بە کەمترین وشـــە و پوختترین دەستەواژە و ناوەرۆکـــی مەســـەلەکە وەکـــو خۆی بەبێ ڕتووش بدات بەدەســـتەوە، ئیتر ئەوە ئیشـــی ئەو نییە کێ باوەڕ بە قسەکانی دەکات یـــان نا، چونکـــە بابەتەکە خۆی حوکم دەکات. لای هەندێ نووســـەر وایە ئەو گشتاندن و درێژدادڕیە زۆرترین باری ســـەرنج لەدەوری بابەتەکە کۆدەکاتەوە، لەکاتێکدا باسکردنی حاڵەتێک بەبەڵگە و بەشـــێوەیەک نموونەیەکی ڕاســـتەقینە و دەربڕینێکی ڕاســـتگۆ و ڕاستەوخۆ لە تواناییدایـــە، بـــۆ نموونە پێشـــێلکارێک، تاوانبارێک یان کەســـێک بەرێتە بەدەم دادوەر.

زۆرجار وتار دەخوێنمـــەوە کە بابەت و حاڵەتی زۆر گرنگیان وروژاندووە، ئەگەر بابەتیانە و بە دۆکومێنت و بە شێوەیەکی کاریگەرتر و بێلایەنتر بنووسرایە لەتوانایدا بـــووە حکومەتێـــک برووخێنێـــت، بەڵام لەبەر ئەو نەفەســـی گشـــتاندن و ڕەهاییە زەقە و ئـــەو درێژدادڕیە وای کردووە کە بابەتەکە هیـــچ قیمەتێکی نەبێت و هیچ کاردانەوەیەکی لێنەکەوێتەوە. یان بۆ نموونە وتار دەخوێنمەوە کە تەنها مەبەســـت لێی تووڕەکردنی حزبێک، سیاســـەتمەدارێک یان دەســـەڵاتێکە، بۆیـــە دەبینیت هەموو قیمەتـــە فکـــری و ڕۆژنامەوانییەکەی لەدەستدەدات، لەکاتێکدا ئەگەر ڕۆژنامەوان یان نووسەر خۆی بە دکتۆر یان پشکنەری پۆلیس بزانێت، بەمەرجێک هەموو سۆز و عاتیفەی خۆی بخاتـــە ئەولاوە و مامەڵە لەگـــەڵ حاڵەتەکـــە یـــان ڕووداوەکە یان هەواڵەکە بە زانســـتیەوە بـــکات و تەنها بابەتیانە مەسەلەکە بورووژێنێت، بێگومان ســـەداکەی زۆر گەورەتـــر و کاریگەرتر دەبێت..



ڤینۆس فایەق

دوو هەفتە جارێک دەینووسێت